وەزارەتی پلاندانان
حکومەتی هەرێمی کوردستان

# بوونیاتنانی هەرێمی کوردستانی عێراق
## ژێرخانی کۆمەلایەتی-ئابوری













ڕاپۆرتی هاوبەشی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و
بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)
کانونی یەکەم 2012

وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتیاری  پۆرتفۆلیۆیەکی پتەوی چالاکیەکان دەکات, کە زۆر کاریگەرە بۆ گەشەپێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و داهاتووی هەرێمی کوردستانی عێراق.

لەقولآیی کارەکانیدا, وەزارەتی وەبەرهێنان بەرپرسیارە لە پەرەپێدانی پێشبینی ستراتیجی و ئامانجەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان, وە دڵنیاکردنەوە لە بەرەوپێشچوونی هەرێمەکە لەسەر رێبازێکی بەردەوام و خۆڕاگربۆ گەشەپێدان و بە مۆدێرنکردنی.

بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێکە لە تۆڕەکانی گەشەپێدانی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان, کە پاڵپشتی گوڕان و بە یەکگەیاندنی ئەزموون و زانیاری  و سەر چاوەکان دەکات بۆ هاوکاری هاوڵاتیان بۆ بنیادنانی ژیانێکی باشتر.

بنکەکانمان لە 177 وڵات هەیە, کار لەگەڵ ئەو وڵاتانە دەکەین بۆ چارەسەری کێبرکێ جیهانیەکان و پەرەپێدانی نەتەوەیی.ئەو وڵاتانە لە پەرەپێدانی توانای ناوخۆ, بە هاوکاری ئەندامانی بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکان,  هەروەها ژمارەیەکی فراوان لە هاوکارەکانمان.

www.mop-krg.org
@KRG_MoP

www.iq.undp.org
@undpiniraq

وەزارەتی پلاندانان
حکومەتی هەرێمی کوردستان

UNDP
Empowered lives.
Resilient nations.

# بونیاتنانی
# هەرێمی کوردستانی عێراق
## ژێرخانی کۆمەڵایەتی - ئابوری

ڕاپۆرتی هاوبەشی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و
بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)



**پێشینە**

**بە هەر پێوانەیەک بێت, هەرێمی کوردستانی عێراق چەندین ستانداردی خزمەتگوزاری بە دەست هێناوە کە باڵاترینە لە چاو پارچەکانی تری عێراق, وە زۆربەی جاریش بەراورد دەکرێت بە شێوەیەکی لە بار لەگەڵ وڵأتە دراوسێکانی وەکو تورکیا, ئێران, وە ئوردون. (ئایا ئوردون باشترە یا هەر وەک دراوسێکە؟). بە هەر حاڵ, گەشەسەندن لە هەموو کەرتەکاندا یەکسان نەبووە وە پێویستە ئەمڕۆ کاری زیاتری بۆ بکرێت بۆ دەستەبەرکردنی داهاتووەیەکی گەش بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.**

**هەروەک ئەوەی دەستەی بەڕێوەبەر بەر پرسیارکران لە دابین کردنی هاریکاری و چاودێری کردنی بودجەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان دەرکمان بەوە کرد کە تۆڕێکی بەهێزی ژێرخانی ناوخۆیی پاڵنەرێکی سەرەکیە بۆ گەشەسەندنێکی بەردەوام بۆ باش کردنی خزمەت گوزاری. کەواتە, بە هاریکاری لەگەڵ (UNDP), ئێمە هەڵسەنگاندنی پێویستیەکانی ژێرخانی کۆمەڵی ئابوریمان (SIENA) گرتە ئەستۆ بۆ دەستنیشان کردنی هۆکاری بۆشاییەکانی ژێرخانی هەرێم و دابینکردنی هەڵسەنگاندنێکی وورد و ڕاستی وەبەرهێنان کە پێویستە بۆ پڕکردنەوەی کەم و کوڕییەکان.**

**(SIENA) دەستنیشانی کردووە کە هەرچەندە ئێمە بەرەو پێشچوونی گرنگمان بە دەست هێناوە لە چەندین بواردا بەڵام هێشتا زۆری تری پێویستە بکرێت بە تایبەتی لە کەرتەکانی: ئاو, ئاوەڕۆ, کارەبا. کەواتە ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕێگەدەدات بە وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ باشتر پلە بەندکردنی وەبەرپێنان لە ژێرخاندا بۆ جێ بەجێ کردنی گۆڕان لە یاسادا کە پێویستە بۆ کەمکردنەوەی بۆشایی لە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری بە پەیوەندی لەگەڵ کەرتەکانی تردا. بەم شێوەیە بڕوام وایە کە ئەم لێکۆڵنەوەیە خزمەتمان دەکات وەک ڕێگە چارەیەکی زۆر بە نرخ لە ڕێگەماندا بۆ بە دەست هێنانی پێشبینی گەشە سەندنمان لە 2020 .**

**د. عەلی سندی**

**وەزیری پلاندانان**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

# پێزانین

(UNDP) سوپاسی بەڕێز دکتۆر عەلی سندی، وەزیری پلاندانان، دەکات بۆ رابەرایەتی ژیرانە و راوێژ و ئامۆژگاری و هاوکاری کە پێشکەشی کردوە لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا و بۆ ئەو کات و هەوڵە زۆرەی تەرخانی کرد بۆ دیاریکردنی دیدگای گشتی بۆ دارشتنی ئەم بەڵگەنامەیە بۆ هەرێمی کوردستان. هەروەها (UNDP) سوپاس و پێزانینی خۆی دەردەبڕێت بۆ بەڕێز زاگرۆس سیوەیلی، بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانان، بۆ بەشداری بەهادار و هاوکاری و ئاسانکاری کە رۆژانە پێشکەشی دەکرد. هاوکات (UNDP) سوپاس و پێزانینی خۆی دەردەبڕێت بۆ بەرێزان وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، وەزیری پەروەردە، وەزیری کارەبا، وەزیری تەندروستی و وەزیری گواستنەوە و گەیاندن؛ هەروەها پارێزگار و جێگری پارێزگاری هەولێر، دهۆک و سلێمانی، لەگەڵ چەندین فەرمانبەری وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پەروەردە، کارەبا، دارایی، تەندروستی، خوێندنی بالا، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، پیشەسازی و بازرگانی، کار و کاروباری کۆمەلایەتی، شارەوانی و گەشتوگوزار و گواستنەوە و گەیاندن، دەستەی وەبەرهێنان و دەستەی ژینگە، کە بە هاوکاری ئەوان ئەم بەرهەمە گەلاڵە کراوە.

(UNDP) پێزانینی خۆی دەردەبڕێت بۆ بەشداری گرنگی رێکخراوی هابیتات (UN-Habitat) کە کارمەند و راوێژکارەکانی بەرپرس بوون لە توێژینەوە کەرتیەکان لەسەر پلاندانانی شارستانی، نیشتەجێکردن و گواستنەوە.

لە کۆتایدا، (UNDP) سوپاسی بەشداری دارایی بەخشندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لەم توێژینەوەیەدا بە رۆحی داراییکردنی هاوبەش و هاوکارییەوە.



# ناوەڕۆک


وشەی سەرەتا ٣

پێزانین ٧

پێشەکی ١٥

پێشینە

ئامانجەکان

مەودا

میتۆد

بابەتە سەرەکییەکان: ئاو و ژینگە ١٧

سەرچاوەکانی ئاو، ئاوەڕۆ، دابینکردنی ئاو

ژینگە

پوختەی دەرئەنجامەکان بەپێی کەرت

راسپاردەکان

وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆهەموو کەرتەکان

پوختەی دەرئەنجامەکان بەپێی کەرت ٢٧

ئاو، ئاوەڕۆ و ژینگە ٢٩

پوختەی هەلومەرجەکە

کەلێنەکان

راسپاردەکان

پلانی شارستانی ٣٧

پوختەی هەلومەرجەکە

کەلێنەکان

راسپاردەکان

گواستنەوە ٤٣

پوختەی هەلومەرجەکە

کەلێنەکان

راسپاردەکان

گواستنەوەی گشتی

کشتوکاڵ و ئاودێری ٤٩

پوختەی هەلومەرجەکە

کەلێنەکان

راسپاردەکان

کەرتی پیشەسازی ٥٧

پوختەی هەلومەرجەکە

کەلێنەکان

راسپاردەکان

کارەبا ٦٥

پوختەی هەلومەرجەکە

کەلێنەکان

راسپاردەکان

تەندروستی ٧٥

پوختەی هەلومەرجەکە

کەلێنەکان

راسپاردەکان

پەروەردە ٨٥

پوختەی هەلومەرجەکە

کەلێنەکان

راسپاردەکان

پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی ٩١

پوختەی هەلومەرجەکە

کەلێنەکان

راسپاردەکان

نیشتەجێکردن ٩٥

پوختەی هەلومەرجەکە

کەلێنەکان

راسپاردەکان




گەشتوگوزار ١٠١
پوختەی هەلومەرجەکە
کەلێنەکان
ڕاسپاردەکان
ژێدەرەکان ١٠٦
لیستی شارەزا نێودەوڵەتیەکان ١٠٩
خشتەکان ١٠٨

# پاشکۆی ١: خشتەی وەبەرهێنان بەپێی کەرت

| | |
|---|---|
| خشتەی 1 | وەبەرهێنان لە ئاوەڕۆ . |
| خشتەی 2 | وەبەرهێنان لە بەڕێوەبردنی ژینگە و چارەسەرکردن و فرێدانی پاشەڕۆی ڕەق |
| خشتەی 3 | وەبەرهێنان لە دابینکردنی ئاو |
| خشتەی 4 | وەبەرهێنان لە پەرەپێدان و پلاندانانی هەرێمی و شارستانی |
| خشتەی 5 | وەبەرهێنان لە گواستنەوە . |
| خشتەی 6 | وەبەرهێنان لە کشتوکاڵ |
| خشتەی 7 | وەبەرهێنان لە بەریوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو و ئاودێری |
| خشتەی 8 | وەبەرهێنان لە پیشەسازی |
| خشتەی 9 | وەبەرهێنان کە کارەبا . |
| خشتەی 10 | وەبەرهێنان لە تەندروستی |
| خشتەی 11 | وەبەرهێنان لە پەروەردە |
| خشتەی 12 | وەبەرهێنان لە پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی |
| خشتەی 13 | وەبەرهێنان لە نیشتەجێبوون |
| خشتەی 14 | وەبەرهێنان لە گەشتوگوزار |
| خشتەی 15 | پوختەی وەبەرهێنانی پێشنیارکراو 2013-2020 |
| خشتەی 16 | کۆی وەبەرهێنان بەپێی ئەولەویەت |
| خشتەی 17 | کۆی وەبەرهێنان – گشتی بەرامبەر تایبەت |





# پێشەکی

**بەپێی پێوانەکان، ستانداردی خزمەتگوزاریەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق زۆر باشترن لەوانەی عێراق و لە چەندین دۆخدا شایانی بەراوردن لەگەڵ وڵاتە دراوسێکانی وەک (تورکیا، ئێران و ئوردون). ئەم دەستکەوتانە، لەگەڵ ئاسایش، پەروەردە، چاودێری تەندروستی و ئاو و کارەبا، ئاشکرا دیارن و جێگەی شانازین بۆ دانیشتوان و سەرکردایەتی هەرێم.**

ئاستی بەرزی ستانداردی ژیان، هاوشان لەگەڵ ژینگەیەکی ئارام و یاسای نوێ کە هانی وەبەرهێنانی بیانی (و ناوخۆیی) دەدەن و بونەتە هۆی ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری زۆری بیانی لە چەندین بواری جیاوازدا، بەتایبەتی لە بوارەکانی بازرگانی، نیشتەجێبوون، پیشەسازی و کشتوکاڵ. توانای هەرێم بۆ پەرەپێدانی هەندێک لە سەرچاوە و تواناکانی کەرتی تایبەت بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی پێداویستی بە کارگە و شوێنە گشتیەکان، بەتایبەتی لە بوارەکانی کارەبا و پاڵاوتنی نەوت.

**شێوەی 1. ژمارەی دانیشتوان کەلەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین (%) خەرجی بەپێی تاکەکەس بەرامبەر تێچووی پێداویستیە بنەڕەتیەکان**




* لەگەڵ لێکدانەوەی کێشی پارێزگا بەرامبەر ووڵات

سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

بۆ ئەوەی دەستکەوتە گرنگەکان بپارێزرێن و زیاتر بکرێن، لە ناوەڕاستی ساڵی 2011، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، داوای لە (UNDP) کرد هەڵسەنگاندنێک ئەنجام بدات بۆ کەموکوریەکانی ژێرخانی ئابوری و کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستان. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی 750.000 دۆلاری ئەمریکی تەرخانکرد و (UNDP) بڕی 100.000 دۆلاری ئەمریکی تەرخانکردن و دوولایەنە پرۆژەکەیان بەڕێوەبرد، کە لە شوباتی 2012 دەستییپێکرد.

### ئامانجەکان

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لە: (1) ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێکی بەفراوان و خێرا بۆ ژێرخانی ئابوری-کۆمەلایەتی (SEINA) بۆ کەرتە دیاریکراوەکان و (2) پێشکەشکردنی ڕاسپاردە لەسەر ئەولەویەتەکانی گۆڕانکاری لە وەبەرهێنان و سیاسەتەکاندا کە پێویستن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەلێن و بەربەستەکانی ئێستا و بەدیهێنانی پێداویستیەکانی داهاتوو بەپێی دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020، ئەمەش بۆ پاڵپشتی کردنی گەشەی زیاتری ئابوری، پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و گەیاندنی بەردەوامی خزمەتگوزارییەکان بەپێی بەرزترین ستانداردەکان. هەروەها توێژینەوەکە ئەو دەرفەتانە دەستنیشان دەکات کە دەبنە هۆی ڕاکێشانی سەرمایەی تایبەت، بیانی و ناوخۆیی بۆ کەرتە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنانی وەک کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتوگوزار.

### مەودا

مەودای توێژینەوەی (SEINA) ئەم کەرتانە دەگرێتەوە: کارەبا، ئاو و ئاوەڕۆ، گواستنەوە، نیشتەجێکردن، پەرەپێدانی شارستانی، کشتوکاڵ، پیشەسازی، ژینگە، تەندروستی و پەروەردە. هاوکات هەڵسەنگاندنی خێرا ئەنجامدرا بۆ کەرتی گەشتوگوزار و ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی. توێژینەوەکە بایەخیداوە بە بوارەکانی دابینکردنی ژێرخان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، لەگەڵ بابەتەکانی پەیوەست بە یاساکان، ڕێساکان و سیاسەتەکان. هەروەها بابەتی فرەلایەنی وەک دارایی و پاراستنی ژینگە توێژینەوەیان لەسەر کراوە. توێژینەوەکە، لەکاتێکدا کە بایەخ دەدات بە ماوەی پێنج ساڵ 2013-2017، بەڵام هاوکات هەندێک نیشاندەری پێویستیەکان پێشکەش دەکات هەتا ساڵی 2020 (بەتایبەتی تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی کە لەماوەی پێنج ساڵەکەدا دەستیان پێکراوە و ئەو پرۆژە گەورانەی کە کاریگەرییان دواتر دەردەکەوێت).

## پێناسەی ڕێکخراوی (OECD) بۆ ژێرخان بریتییە لە:

ئامرازەکانی دڵنیاییکردن لە پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری کە دەبنە هۆی زیادکردن خۆشگوزەرانی و گەشە و بەشداری دەکەن لە ئاستی ژیاندا وەک سەلامەتی کۆمەڵایەتی، تەندروستی و سەلامەتی هاوڵاتیان و کواڵیتی ژینگەکەیان.

ئەم توێژینەوەیە خزمەتگوزارییە بەرجەستەکان دەگرێتەوە ، لەگەڵ ڕێکارەکانی بەگەڕخستن و شێوازەکانی بەڕێوەبردن و سیاسەتەکانی پەرەپێدان کە پێکەوە کاردانەوەیان دەبێت بۆ خواستە کۆمەڵایەتیەکان و جیهانی بەرجەستە.

ژێرخانی "ڕەق" واتا ئەو تۆڕە بەرجەستە گەورانەی پێویستن بۆ بەڕێوەچوونی وڵاتێکی مۆدێرنی پیشەسازی؛ بەڵام ژێرخانی "نەرم" واتا هەموو ئەو دامەزراوانەی کە پێویستن بۆ بەڕێوەبردن و ڕاگرتنی ستانداردەکانی ئابوری، تەندروستی، کولتوری و کۆمەڵایەتی وڵاتێک.
ئەم توێژینەوەیە بایەخ دەدات بە هەموو ژێرخانە ڕەقەکان و زۆربەی ژێرخانە نەرمەکان.

### میتۆد

لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژێرخانی ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی وێرانکاری و پشتگوێخستن بوونەتەوە لەماوەی چەندین ساڵی پشێویدا. بەڵام لە ئەنجامی گەشەی سەرسوڕهێنەری ئابوری و سووربوونی حکومەت لەماوەی چەند ساڵی ڕابوردودا، هەرێمی کوردستان گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە چەندین بواردا. ژێرخانی زیاتر پێویستە بۆ پڕکردنەوەی خواستەکانی ئێستا و پاڵپشتی کردنی گەشەی بەردەوام.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پاڵپشتی کردنی هەوڵەکانی وەزارەتە بۆ زیادکردنی کاریگەری وەبەرهێنانی گشتی و ڕاکێشانی سەرمایەی تایبەت، بیانی و ناوخۆیی بۆ بوارە سەرەکییەکانی وەک کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتوگوزار و بوارە گونجاوەکانی ژێرخان.

بە سەرپەرشتی وەزارەتی پلاندانان ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە توێژینەوەی نووسینگەیی، سەردانی مەیدانی و ڕاوێژکاری. (UNDP) ڕاوێژی بەرایی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان ئەنجامدا و سەردانی بەدواداچوونی ئەنجامدا، کە ئەو پسپۆریانەی نیشاندا کە پێویست بوون بۆ ئەم توێژینەوەیە. پاشان تیمێک لە پسپۆری نێودەوڵەتی کە لەلایەن (UNDP) و (UN-Habitat) ەوە کۆکرانەوە و لەلایەن چەندین شارەزای ناوخۆییەوە پاڵپشتی دەکران، سەردانی هەرێمیان کرد و چەندین کۆبوونەوەی چڕیان ئەنجامدا لەگەڵ بەرپرس و لایەنە پەیوەندیدارەکان. هاوکات کۆبوونەوەی دەوری لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی پلاندانان ئەنجام دەدرا، بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە توێژینەوەکە تەبایە لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکان. هەموو ئەو داتایانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون، یان لەلایەن فەرمانگە پەیوەندیدارەکانەوە پێشکەشکراون یان لە دوا ڕووپێوو و توێژینەوەکان وەرگیراون کە لەلایەن فەرمانگە تایبەتمەندەکانەوە ئەنجامدراون، هەروەها ڕوونکردنەوەی وردی داتا و سەرچاوەکان، گریمانەکان و میتۆدەکان (لەگەڵ هەژمارکردنەکان) بەردەستن لە ڕاپۆرتی کەرتەکاندا کە هاوپێچن لەگەڵ ئەم پۆختە گشتیەی ڕاپۆرتەکەدا.

بەڕێز دکتۆر عەلی سندی، وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بایەخی زۆری دەدا بەم توێژینەوەیە و چەندین کاتژمێری تەرخانکرد بۆ ئامادەکاری لەگەڵ (UNDP). وەزیر خۆی لە سەرەتادا پێشوازی کرد لە تیمە هاوبەشەکە و ڕوونکردنەوەی وردی پێشکەش کردن لە 25 مایس 2012 هەروەها لە کۆتایی کاری نێردەکەدا لە حوزەیرانی 2012.

ڕەشنووسی بەرایی ئەم ڕاپۆرتە پێشکەشکرا بە دکتور عەلی سندی و بەرپرسانی باڵای وەزارەت لەلایەن پسپۆرانی (UNDP)یەوە لە 5 و 6 ئاب 2012.

دوا دەقی ئەم ڕاپۆرتە سەرنج و تێبینیە تۆمارکراوەکانی ئەوانی لەبەرچاوگرتوە کە لە مانگی تشرینی یەکەمدا لەلایەن وەزارەتەوە پێشکەشکران، لەگەڵ شیکردنەوەکانی تری تیمی هاوبەشی پسپۆران.

1- شەقامە خێراکان، شەقام، جادە و پردەکان؛ گواستنەوەی گەورە، فرۆکەخانە و ڕێگەی ئسمانی، دابینکردنی ئاو، سەرچاوەکانی ئاو و ئاودێری، بەڕێوەبردنی بەفیرۆدانی ئاو، چارەسەرکردن و فرێدانی پاشەڕۆی ڕەق، بەرهەمهێنان، گواستنەوە و دابەشکردنی وزەی کارەبا، گەیاندن، بەڕێوەبردنی پاشەڕۆی مەترسیدار ر و سیستەمی هاوبەشی ئەم پێکهاتانە.

# بابەتە سەرەکییەکان: ئاو و ژینگە

ئەولەویەتی یەکەم لە بوارەکانی سیاسەت و وەبەرهێنان (2012-2020) پێویستە بدرێت بە ئاو: نرخی ئاو، کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ، دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆی رەق/فڕێدانی گونجاو و دابینکردنی ئاو.

## سەرچاوەکانی ئاو، ئاوەڕۆ و دابینکردنی ئاو

ئاو گرنگترین پێکهاتەی هەڕەشەلێکراوە لە بارودۆخ و ئاراستەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا. هەرێمی کوردستان باشترین بەشی عێراقە بۆ ئاو ، لەبەرئەوەی رێژەی بارانبارینی زیاترە لە ناوچەکانی تری عێراق، هەروەها لەبەرئەوەی رووبارە نێودەوڵەتیەکان سەرەتا دەرژێنە کوردستانەوە. بەلام هێشتا زۆر هەژارە لە ئاودا: راستی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان کەشوهەوایەکی وەرزی هەیە و ئاو دەگمەنە. سەرەرای ئەمەش، بەکارهێنانی ئاو زۆر ناریکە لە هەرێم و بەکارهێنان و بەفیرۆدان ئێجگار زۆرە، زۆر زیاتر لە ئاستی ولاتە دەوڵەمەندەکان. داتاکان نیشانی دەدەن کە لە ساڵی 2011 بەکارهێنانی ئاو بۆ مالان گەیشتۆتە 400-375 لیتر/تاکەکەس/رۆژ.

پێویستە دەستبەجێ رێوشوێنی پاراستن بگیرێتەبەر وەک رێسای توندتر لەسەر هەڵکەندنی بیر و قەدەغەکردنی هەڵکەندن بەشێوەیەکی کاتی، زیادکردنی کرێی ئاوی مالان و پیشەسازی بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنان و بەفیرۆدانی زۆر، هەروەها دانانی کرێی ئاودێری. هاوشێوە پاراستنی ئاوی سەرزەوی پێویستی بە وەبەرهێنانی گەورە هەیە وەک دروستکردنی سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوەڕۆ و کارگەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ بۆ ئەو شار و شارۆچکە و گوندانەی کە ئاوەڕۆکەیان دەبێتە هۆی پیسبوونی خاک، ئاوی ژێرزەوی و رووبار و دەریاچەکان. هێشتا وەبەرهێنانی گەورە پێویستە بۆ تەواوکردنی سیستەمی دابەشکردنی ئاو.

## ژینگە

ژینگە زیانی گەورەی پێگەیشتووە لە ئەنجامی فڕێدانی هەرەمەکی پاشەڕۆی رەق، کە دەبێتە هۆی پیسبوونی خاک، ئاو و هەوا، هەروەها لە ئەنجامی ئاوەڕۆی چارەسەرنەکراو. پشتگوێخستن یان خۆدزینەوەی بەربلاو لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی کاریگەری لەسەر ژینگە بۆ زۆربەی پرۆژەکان، تەنانەت پرۆژە گەورە گشتی و تایبەتەکان، بۆتە هۆی وێرانکاریەکی بەرپێنەگیراوی ژینگەی ژیان و سروشت و دیمەن و بەها کولتورییەکان.

رەفتاری بەربلاوی نابەرپرسیارانە، شێوازی ژیان کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە، هەروەها زیاد بەکارهێنانی ئاو، کارەبا و سوتەمەنی بە هەرزان دابینکراو، دەبنە هۆی شێواندنی خێرای ژینگەی سروشتی هەرێم. هاوکات، ئەگەرچی یاساکان گونجاون، دامەزراوە بەرپرسەکان لە بەڕێوەبردن، پاراستن و چاودێریکردنی ژینگە هێشتا لاوازن. وەبەرهێنان پێویستە بۆ بەهێزکردنی دەستەی ژینگە، بۆئەوەی سیستەمی بەڕێوەبردنی ژینگە بەرەوپێش ببرێت، هەروەها بۆ دروستکردنی شوێنی لەچاڵنانی زبڵ بەشێوەیەکی تەندروست، دروستکردنی کارگەی دووبارە بەرهەمهێنانەوە (ریسایکلین) (لەوانەیە بەشێوەی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت)، هەروەها شوێنی لەناوبردنی پاشەڕۆی مەترسیدار.

## پوختەی دەرئەنجامەکان بەپێی کەرتەکان

دەرئەنجامە سەرەکییەکانی دۆخی ئێستای ژێرخانی کۆمەلایەتی-ئابوری لە هەرێمی کوردستان ئەمانەی خوارەوەن:

- بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە داهاتوی هەرێمی کوردستاندا. بەتایبەتی پیسبوونی ئاوی سەرزەوی و خێرا تەواوکردنی ئاوی ژێرزەوی هەڕەشەن لەسەر بوون و ژیان لە هەرێم.

- خزمەتگوزارییە بنەرەتییەکان (بەتایبەتی کارەبا، دابینکردنی ئاو، ئاودێری، چاودێری تەندروستی و پەروەردە) کە دەگەن بە رێژەیەکی زۆری دانیشتوان لەماوەی چەند ساڵێکدا، هێشتا نایەکسانن لەرووی کوالێتی و بەردەستبوونەوە، ناوچەکانی دەرەوەی شار خزمەتگوزارییان نییە و شارەکان پێویستیان بە وەبەرهێنانی بەردەوام هەیە لەکاتێکدا کە ژمارەی دانیشتوان لە گەشەدایە.

---

2- رێژەی بارانبارینی ساڵانە جیاوازە لەنێوان ٣٧٥ملیمەتر و ٧٢٤ ملیمەتردایە، داتای تێکرای ٣٧ ساڵ لەلایەن (Global Agro-Ecological Zones Study, FAO, Land and Water Development Division (AGL)) بەهاوکاری (International Institute for Applied Systems Analysis (IIASA)), ٢٠٠٠.

3- ستانداردی بانکی جیهانی بۆ ولاتە داهات نزمە تازەپێگەیشتووەکان بریتیە لە ١٢٠ لیتر/تاکەکەس/رۆژ کە بەستراونەتەوە بە تۆڕەکانەوە.

4-خەملاندنەکان لەسەر بنەمای داتای وەزارەتی شارەوانیە. ئەم برە نزیکە لەوەی کە هەرێمی کوردستان بەرهەمی دەهێنێت بۆ بەکارهێنان وەک ئاوی خواردنەوە لەبەرئەوەی بەفیرۆچوونی سیستەمەکەش لەخۆدەگرێت بەلام ئاودێری لەخۆناگرێت. لە ناوچە گوندییەکان، بەکارهێنانی ئاوی خواردنەوە دەگاتە ٢٤٠-٣٠٠ لیتر/تاکەکەس/رۆژ.

- باشترکردنی دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و ژێرخان تێچووی زۆرە لەسەر بودجەی گشتی بەبێ هەبوونی میکانیزمی پڕکردنەوەی تێچووەکان. هاوکات ئەو ڕاستیەی کە بەکاربەران پارە نادەن بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان لەوانەیە ببێتە هۆی لاوازکردنی گرێبەستی کۆمەلایەتی و لەوانەشە هاولاتیان بێتوانا بکات لەوەی لێپرسینەوە لە حکومەت بکەن لەسەر کوالیتی خزمەتگوزارییەکان.

- بەشێوەیەکی دیاریکراو لەسایەی نەبوونی چوارچێوەیەکی سیاسەتی گونجاودا، بەکاربردنی بێسنووری کالا و خزمەتگوزارییە گشتیەکان، بەتایبەتی ئاو و کارەبا (بەلام هاوکات ئاودێری و تەندروستی) لەوانەیە هەڕەشە بن لەسەر ژینگە (پیسبوون و بلاوبوونەوەی گازەکان) و هاوکێشەی ئابوری/بودجەی هەرێمی کوردستان، چونکە هەموو تێچووەکان لەڕێگای بودجەوە پڕدەکرێنەوە بەبێ بەشداری بەکاربەر، هاوکات هیچ هاندەرێک نییە بۆ پاراستنی وزە و ئاو، یان بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە.

- کۆی کۆمەکی ئابوری (هەژمارکراو بەپێی تێچووە ئابورییەکانی کارەبا) دەگاتە نزیکەی ٢,٦٥٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی و کۆی کۆمەکی دارایی (هەژمارکراو بەپێی تێچووە دارایی/ژمێریارییەکان) دەگاتە نزیکەی ٢,٣٥٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. بەکورتی لەوانەیە کەسێک بلێت کە کۆمەکە داراییەکان بریتین لە زیانەکان لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا، بەلام لەڕاستیدا کۆمەکی ئابوری زیانە ڕاستەقینەکانن کە دەگەن بە ئابوری هەرێمی کوردستان [5].



## کۆمەکەکان و بەردوامیپێدان

بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سالانە بڕی 2.35 ملیار دۆلاری ئەمریکی تەرخان دەکات بۆ کۆمەکردنی دابینکردنی ئاو و کارەبا و کشتوکال، لەکاتێکدا کە کۆی تێچووەکانی دابینکردنی ئاو و کارەبا و هەندێک بەروبومی کشتوکالی لە بودجە تەرخان دەکرێت. ئەم بڕە نزیکە لە 75%ی بودجەی وەبەرهێنان یان 20%ی کۆی بودجەی دابینکراو لە بودجەی فیدرالی. ئەم بڕە زۆرە بەتێپەڕبوونی کات شایانی بەردەوامیپێدان نییە.

هاوکات ئەو سەرچاوانە بەکاردەبات کە دەکرێت بەشێوەیەکی زۆر باشتر بەکاربهێنرێن بۆ بەرفراوانترکردنی خزمەتگوزارییەکان و ژێرخانی بەرهەمهێنان. هەروەها بەکارهێنانی بێسنوور و زۆری ئاو و کارەبا بەهۆی بێباکی و کرێی کەمەوە زیانی گەورە بە ژینگە دەگەیەنێت.

لەبەرئەوە بەروونی ڕاسپاردەی کەمکردنەوەی ئەم کۆمەکانە دەکەین چونکە ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی ژینگە و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی سەرچاوەکان و وەبەرهێنانیان.

5- نموونەیەکی ساکار جیاوازی نێوان تێچووی دارایی و ئابوری نیشان دەدات: ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان یەک بەرمیل نەوت لە بەرهەمهێنەرێکی ناوخۆیی تایبەت بکرێت بە ٦٠ دۆلاری ئەمریکی و بیدات بە موەلیدەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا، ئەمە تێچووی داراییە (ئەوەی لایەنێک داوێتی بەرامبەر بەرمیلێک نەوت). بە ڕەچاوکردنی ئەوەی هەمان ئەو بەرمیلەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ٦٠ دۆلاری پێداوە دەکرێت بفرۆشرێت بە تورکیا یان ئوردون بە مەبەستی هەناردەکردن بە بڕی ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی، ئەوا ئەمە تێچووی ئابوریە (ئەمە ئەو زیانەیە کە هەرێمی کوردستان و خەلکەکەی پێکەوە دەیکەن). کەواتە بە خەملاندنی کۆمەکەکان بەو نرخەی حکومەتی هەرێم دەیدات تێچووی داراییمان نیشان دەدات، خەملاندنی کۆمەکەکان بە بەکارهێنانی تێچووی شیاو (لەم دۆخەدا نرخی بازاڕی جیهان) تێچووی ئابوری کۆمەکەکانمان نیشان دەدات.

6- ئەمە کۆمەکی داراییە لەگەل تێچووی سووتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەپێی ئەو تێچوانەی حکومەتی هەرێم داویەتی لەکاتی دابینکردنیان بۆ موەلیدەکان.

## شێوەی 2. کۆمەکە ئابوری و داراییەکان







### کۆمەکان بەپێی تیۆری ئابوری

سەرنجێکی گشتی لەسەر کۆمەکەکان: بەپێی تیۆری ئابوری کە لەسایەی هەبوونی هاوکێشەی بازارێکی کێبەرکێکاری راستەقینەدا، کۆمەکەکان گرنگن چونکە دەبنە هۆی زیادکردنی بەرهەمهێنان و خواستی زیاتر لە ئاستە کۆمەلایەتیەکەی (هاوکێشەی کێبەرکێ زامنی ئەمە دەکات). لە دۆخەکانی تردا، وەک ناتەواوی یان شکستخواردنی بازار (فاکتەرە دەرەکییەکان) بەکارهێنانی کۆمەکەکان (هەروەها باج) کەرەستەی سەرەکیی دەستوەردانن بۆ راسکردنەوەی ئەم شکستانە. ئابوری ژینگە بریتیە لە دانانی پرۆژەی کۆمەک-باج بۆ راستکردنەوەی شکستەکانی بازار: بۆ نموونە بازار شکست دەخوات لە دانانی نرخ بۆ پیسکردن و دەرکردنی گازەکان، یان کاریگەری تری نرخ بۆ دانەنراوی کارگەکان، یان شکست دەخوات لە دانانی نرخ لەسەر خنکانی هاتوچۆ بەهۆی ترافیکی زۆرەوە لە ئەنجامی سووتەمەنی هەرزان (کە نرخەکەی هەموو کاریگەرییەکانی بەکاربردن لەخۆناگرێت و رەچاوناکات)؛ یان شکست خواردن لە پاداشتدانەوەی ئەو کۆمپانیایەی کە تێچووی راهێنانی بۆ کارمەندان سوود دەگەیەنێت بە کۆمپانیاکانی تر. هەژاری زۆر لەناو هەندێک گروپی هاولاتیان دەکرێت وەک شکستی بازار سەیر بکرێت (بۆ نموونە بازاری پاڵپشتی دارایی و قەرز هەندێک کارمەندی "نافەرمی" ناگرێتەوە کە بەهۆی ئەمەوە ناتوانن خانوو بکرن لە بازاری کراوەدا). لەبەرئەوە دەکرێت جۆرێک لە کۆمەک شیاو بێت. هاوکات بەپێی ئەوەی ئابوریناسان پێیدەڵێن دووەم باشترین، لادان لە هاوکێشەی کێبەرکێی راستەقینە لە بوارێک یان خاڵێکدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە چارەسەر بریتی بێت لە دانانی لادانی لەم جۆرە لە بوارەکانی تردا. بەلام کاتێک کۆمەک لەرووی ئابورییەوە شیاوە، باشترە بچووک بن (یان هەوڵ بدرێت بە رێگەی تری جگە لە کۆمەک کێشەکان چارەسەر بکرێن) چونکە تەمویلی ئەم کۆمەکانە پێویستی بە زیادکردنی خەرجییە گشتیەکان هەیە لەرێگای باجی شێوێنەرەوە. (هاوکات ئابوریناسان دەستوەردان دەکەن بەرێگەی تری جگە لە باجی شێوێنەر، بەلام لەوانەیە ئەمە تەنها لە مێشکی ئابوریناسەکاندا بوونی هەبێت).
هەموو باجێک شێوێنەرە، هەندێک زیاتر و هەندێک کەمتر. ئەم کۆمەکانەی لە خوارەوە باس دەکرێن بێگومان لەرووی ئابورییەوە شیاو نین بەو شێوەیەی ئێستا باسکرا. بچووک نین و دەبنە هۆی شێواندنی زۆری بەرهەمهێنان و خواست. لەراستیدا، بەرێکەوت دروست بوون و پلان بۆ دانراو نین و خزمەت ناکەن بە ئامانجێکی سوودبەخش بەلام زیانی زۆریشیان هەیە بەهۆی زیاد بەکاربردنەوە (وەک بەفیرۆدانی ئاو، کارەبا، ئاوی ئاودێری، بەروبومە کشتوکاڵییەکان). ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە ئەم توێژینەوەیە راسپاردەی لابردنی ئەم کۆمەکانە دەکات یان گۆڕینیان بە کۆمەکی ئامانجدار، کە لەرووی ئابوری و کۆمەلایەتیەوە شیاوبن و برەکانیان زۆر کەمتربن لەو ژمارانەی سەرەوە.

## راسپاردەکان

ئەو کۆمەڵە وەبەرهێنانەی ئەم توێژینەوەیە پێشنیاریان دەکات لەماوەی سالانی 2013 تا 2020 برەکەی دەگاتە 30,551 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. پێویستە ئەمانە هاوشان بن لەگەڵ ڕیۆشوێنی نرخدانان بۆ هاندانی پاراستن و گونجاترکردنی کۆمەکەکان. واتا دەبێت جگە لە وەبەرهێنان لە ژێرخان، حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرچاوەی پێویست تەرخان بکات بۆ شیکردنەوە و دانانی چوارچێوەی سیاسەت و دامەزراوەیی و بونیاتنانی توانای کارمەندان. دڵنیاییکردن لە گونجاوی ئاستی سەرچاوە داراییەکان بۆ بەگەرخستن، بەڕێوەبردن و ڕاگرتن، ئاسانتر دەبێت ئەگەر سوودمەندانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بەشداری بکەن لە دابینکردنی تێچووەکەیدا لەپاڵ بودجەدا.

وەبەرهێنانی پێشنیارکراو لەپەتەوکردنی ژێرخانی ئابوری دا لەماوەی *2013-2020* بریتیە لە *30,550.9* ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لەگەڵ تێکڕای قەبارەی وەبەرهێنانی ساڵانە دەگاتە نزیکەی *350* تا *400* ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

ڕاسپاردە دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا ئەم بوارانە لەبەرچاوبگرێت بۆ مەبەستی دیاریکردنی پرۆگرامەکانی ژێرخان:

- دەرکردنی سیاسەت و ئەنجامدانی گۆرانکاری وەک زیادکردنی نرخ و کرێکان.
- پتەوکردن/دارشتن/دروستکردنی چوارچێوەی یاسایی، دامەزراوەیی و ڕێکخستن.
- بەشێوەیەکی سیستەماتیکی پرۆگرام و ئەولەویەت دابنرێت بۆ خەرجییە گشتییەکان.

پێویستە هەرێم هەنگاوی دەستبەجێ بنێت بۆ دانانی نرخ لەسەر کالا/خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ کەمکردنەوەی بەکاربردنی بێسنووری ئاو و کارەبا. هاوکات وەبەرهێنانی سیستەماتیک پێویستە بکرێت لە بوارە دامەزراوەییەکانی وەک یاساکان، سیاسەتەکان، بەڕێوەبردن، سیستەمەکان و چوارچێوەکانی ڕێکخستنی پەرەپێدانی ژێرخان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

هاوکات پێویستە هەرێم ژینگە بپارێزێت، لەکاتێکدا کە وەبەرهێنان و گەشەی بەردەوام بەشێوەیەکی بژاردەیی ئەنجام بدرێت لەرێگای بەکارهێنانی چالاکییە ئابورییە کێبەرکێیەکانەوە. گرنگترین ئەنجامی شیکردنەوەکان ئاماژە دەدەن بەوەی کە پێویستە وەبەرهێنان ئاراستە بکرێت بەرەوە پاڵپشتی کردنی بەردەوامی ئابوری/دارایی و ژینگەی هەرێم، کە لەژێر هەرەشەدایە. بایەخدانی زیاتر و سیستەماتیک بە ژینگە لە ئێستادا پێویستی بە دروستکردنی دامەزراوەی کارا و سیاسەتی گونجاو هەیە لەگەڵ جێبەجێکردنیان، وەک هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی بۆ هەموو پرۆژە تەواوکراو، بەردەوام و ئایندەییەکان لەگەڵ پرۆژەکانی ژێرخان.

پێویستە قۆناغی داهاتووی هەوڵەکانی پەرەپێدانی هەرێم پابەندبن بەم پرنسیپانەوە:

- دانانی چوارچێوەی دامەزراوەیی و سیاسەت (یاسایی و ڕێکخستن) بۆ مۆدێرنیزەکردنی سیستەمەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی کە هاولاتی دەکەنە چەقی بایەخدان و هانی وەبەرهێنانی تایبەت دەدەن بۆ تەواوکردنی هەوڵەکانی حکومەت.

- پەیرەوکردنی پرنسیپە گشتیەکانی نرخدانان بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەشێوەیەک کە گونجاو بێت لەگەڵ تێچووی دابینکردن. پێویستە نرخەکان دابنرێن بۆ دڵنیاییکردن لە بەشداری بەرچاوی بەکاربەر لە پڕکردنەوەی تێچووی خزمەتگوزارییەکاندا و پاشان کۆی تێچووەکەی پڕبکاتەوە.

- بەردەوام بوون لە وەبەرهێنان لە ژێرخان و ڕەچاوکردنی گەشەی بەرفراوانی دوورمەودا و کاریگەییە کۆمەلایەتی و ژینگەیەکان. نوژەنکردنەوەی ژێرخانی ئێستا لەجیاتی ئەوەی هی نوێ دروست بکرێت، بەتایبەتی لە بواری ئاودێری. گرنگی زیاتر بدرێت بە اگرتن (صيانه)

- پێویستە شێوازێکی فرەلایەن پەیرەوبکرێت بۆ بەڕێوەبردنی خواست، کە پێکبێت لە پڕکردنەوەی تێچوو، هۆشیاری گشتی و جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی ڕێکخستن بۆ نەهێشتنی کردارە نایاساییەکان.

- کەمکردنەوەی بەکاربردنی زیادەڕۆیانە، دەبێتە هۆی باشترکردنی دارایی و ژینگە و بەشداری دەکات لە ڕاگرتنی ئابوری و ژینگەدا.

- پێویستە پلاندانانی وەبەرهێنانی ئاینده بۆ ژێرخان لەسەر بنەمای ئامانجە ستراتیژییەکان بێت، بۆ ئەوەی بیرۆکەی نوێی وەبەرهێنان نەکرێنە قوربانی ئەولەویەتە ئۆتۆماتیکیەکان کە لە ئێستادا دەدرێت بە پرۆژە بەردەوامەکان.

- پێویستە وەبەرهێنانی بەردەوام و ستراتیژی بکرێت بەرەو ئاراستەی پەرەپێدانی بەردەوامی سەرمایەی مرۆیی و برەودان بە هێزی کاری کارامە و سەرچاوەکانی کە بەبێ ئەوان پەرەپێدان و فرەیی ئابوری ئەستەمە.

بەدیاریکراوی هەندێک ڕێوشوێنی دەستبەجێ بریتین لەمانەی خوارەوە:

- لەپاڵ زیادکردنی نرخی ئاوی خواردنەوە و کارەبا، پێویستە کرێ دابنرێت لەسەر ئاوی ئاودێری.
- لەپاڵ ئەم ڕێوشوێنە دەستبەجێیانەی نرخداناندا، پێویستە بڕەوی زیاتر بدرێت بە پاراستنی ئاوی ژێرزەوی هەرێم. هەنگاوی سەرەتایی بریتی دەبێت لە توێژینەوەی ورد لە دۆخی ئاوی ژێرزەوی. هاوکات حکومەتی هەرێم دەتوانێت بیربکاتەوە لە قەدەغەکردنی کاتی بیرهەڵکەندن لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا، بۆ ئەوەی بە تەواوی لە دۆخی ئێستا تێبگات.

ئەولەویەتەکانی پرۆگرامەکانی وەبەرهێنان:

- کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو
- دووبارە بەکارهێنانەوە/فڕێدانی پاشەڕۆی ڕەق
- دابینکردنی ئاو

### پشنیاری وەبەرهێنان لە هەموو کەرتەکاندا

کۆی وەبەرهێنانی پێشنیارکراو لەماوەی 2013-2020 بیرتیە لە 30,550.9 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، لەمە بڕی 18,614.2 ملیۆن دۆلاری دەکەوێتە ماوەی پێنج ساڵی 2013-2017. هەروەها پێشبینی دەکرێت کە نزیکەی %20ی ئەم بڕە لەڕێگای کەرتی تایبەتەوە زامن بکرێت بەشێوەی پرۆژەی هاوبەش لە بوارەکانی بەرهەمهێنانی وزە، پاس/ترام بۆ گواستنەوەی گشتی و کارگەی دووبارە بەکارهێنانەوە و فڕێدانی زبڵ. هاوکات دەرفەت هەیە بۆ وەبەرهێنانی تایبەت لە بوارەکانی گەشتوگوزار و چاودێری تەندروستی، بەڵام نەبوونی کارمەند و کات ڕێگربوون لە خەملاندنی بڕی وەبەرهێنانی پێویست.



شێوەی 3. کۆی وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بەپێی کەرت




سەرچاوە: خەمڵاندنی توێژینەوە

خشتەی خوارەوە پوختەی وەبەرهێنانی پێشنیارکراوە بەپێی کەرت بۆ ساڵانی 2013-2020:

| چالاکی | بڕ '13-'17 | بڕ '18-'20 | بڕ '13-'20 |
|---|---|---|---|
| دابینکردنی ئاو | 1,302.9 | 1,768.9 | 3,071.5 |
| ئاوەڕۆ | 684.6 | 189.5 | 874.1 |
| چارەسەرکردنی پاشەڕۆی ڕەق و بەڕێوەبردنی ژینگە | 419.0 | 103.0 | 522.0 |
| پلاندانانی شارستانی و هەرێمی | 199.2 | 41.5 | 240.7 |
| گواستنەوە و ژێرخانی گواستنەوە | 2,569.0 | 2,613.0 | 5,182.0 |
| کشتوکاڵ | 1,055.0 | 142.0 | 1,197.0 |
| سەرچاوەکانی ئاو و ئاودێری | 3,383.0 | 3,325.0 | 6,708.0 |
| ژێرخانی پیشەسازی | 407.7 | 28.0 | 435.7 |
| کارەبا | 3,456.8 | 1,755.0 | 5,211.8 |
| تەندروستی | 1,320.0 | 801.0 | 2,121.0 |
| پەروەردە | 2,760.0 | 656.0 | 3,416.0 |
| پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی | 142.0 | 11.0 | 153.0 |
| نیشتەجێکردن | 881.0 | 490.0 | 1,371.0 |
| گەشتوگوزار | 34.0 | 13.0 | 47.0 |
| کۆ | 18,614.2 | 11,936.9 | 30,550.9 |
| وەبەرهێنانی گشتی | 14,349.2 | 9,696.9 | 24,045.9 |
| وەبەرهێنانی تایبەت | 4,265.0 | 2,240.0 | 6,505.0 |
| ئەولەویەتی یەکەم | 16,550.4 | 9,436.9 | 25,987.1 |
| ئەولەویەتی دووەم | 2,063.8 | 2,500.0 | 4,563.8 |
| تێکرای خەرجی وەبەرهێنانی ساڵانە | 3,723.0 | 3,979.0 | 3,819.0 |

کۆی وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆ ساڵانی *2013-2020* (ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، *2012*)

وەبەرهێنانی گرنگ و خاوەن ئەولەویەتی پێشنیارکراو بۆ بواری و ئاو و ئاوەڕۆ و ژینگە دەگاتە نزیکەی 4,500 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لەماوەی هەشت ساڵدا (دەکرێت 500 ملیۆنی ئەمە تایبەت بێت). هەموو پرۆگرامی وەبەرهێنانی پێشنیارکراو دەگاتە نزیکەی 3,000 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە ساڵێکدا (کۆی 24,046 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لەماوەی هەشت ساڵدا لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان)و دەکرێت بەئاسانی بەدیبێت چونکە زۆر نزیکە لە بری بودجەی وەبەرهێنانی ساڵانەی ئێستا. لەبەرئەوە ئەم پرۆگرامی وەبەرهێنانە دەکرێت جێبەجێ بکرێت لەرێگای دانانی ئەولەویەتەکانەوە بەشێوەیەکی کاریگەرتر بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گشتی لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا و بەکارهێنانی هەندێک لە داهاتە بەدەستهاتووەکان لە کرێی زیاتری خزمەتگوزارییەکانەوە.

تێکرای قەبارەی وەبەرهێنانی ساڵانەی پێشنیارکراو بۆ ماوەی[7] 2013-2020 دەگاتە نزیکەی 350 تا 400 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی (تارادەیەک کەمتر لە 2013-2017) و نابێتە هۆی دروستبوونی بارگرانی زیاتر لەسەر وەزارەتەکان. هەروەها لەبەرئەوەی زۆربەی پرۆژەکان لەماوەی ساڵێکدا تەواو ناکرێن، ژمارەکانی وەبەرهێنانی ساڵانە واتایەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵکو تەنها ئاماژەن بۆ قەبارەی پرۆژەکان لەماوەی چەند ساڵێکدا. بەڵام بۆ مەبەستی بەراوردکاری، تێکرای ژمارەکانی وەبەرهێنانی ساڵانە لە دوا خانەی خشتەی سەرەوەدا نیشاندراوە و وردەکاری زیاتر لەسەر وەبەرهێنانی ساڵانە بەپێی کەرتەکان لە خشتەکانی پاشکۆی ئەم راپۆرتەدا نیشاندراون.

## شێوەی 4. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بەپێی ئەولەویەت – کۆ 30,550.9 دۆلاری ئەمریکی (2013-2020)




سەرچاوە: خەملاندنەکانی توێژینەوە

7 ژمارەکانی وەبەرهێنان بۆ ساڵانی 2018-2020 ئاماژەن بۆ ئەو پرۆژە بەردەوامانەی کە لە ساڵانی پێشتردا دەستیان پێکراوە لەگەڵ پرۆژە گەورەکان (کە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم داوایان دەکەن)، توێژینەوە بەمەبەست ئەمانەی دواخست بەهۆی تچووی زۆر و پێویستی شیکردنەوەی زیاتر. لەڕاستیدا هەندێکیان ئەولەویەتی دووەمیان پێدراوە.

ئەو وەبەرهێنانانەی ئەولەویەتی دووەمیان پێدراوە بریتین لە پرۆگرامەکانی دروستکردنی بەنداو کە رووبەڕووی نەبوونی شیکردنەوە و شایستەیی پێویست دەبنەوە، هەروەها تۆڕی 400کەی ڤی، کە لە ئێستادا پۆزشەکەی لاوازە.

وەبەرهێنانی تایبەت بریتین لە:

- گواستنەوەی گشتی (پاس، ترام، باری ئسمانی، توێژینەوە لە فرۆکەخانەی تر بۆ ئاینده)
- وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا
- دووبارە بەکارهێنانەوە و فرێدانی زبڵ

## شێوەی 5. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو: گشتی بەرامبەر تایبەت




سەرچاوە: خەملاندنەکانی توێژینەوە

# پوختەی
# دەرئەنجامەکان
# بەپێی کەرت

# ئاو و ئاوەڕۆ و ژینگە



## ئاو و ئاوەڕۆ و ژینگە

### پوختەیەکی دۆخەکە

هەرێمی کوردستان تارادەیەک بەهرەمەندە بە سەرچاوەکانی ئاو بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تری عێراق، بەڵام هێشتا ناوچەیەکی هەژارە لە ئاودا لە کەشوهەوایەکی وەرزیدا. سێ جۆر سەرچاوەی ئاو هەیە: ئاوی سەرزەوی (رووبار و کانیاوەکان)، ئاوی ژێرزەوی و (ئاوی چارەسەرکراو) ئاوەڕۆ، ئەمەی دواییان لە هەرێمی کوردستان نییە. بەڵام هەبوونی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان رووبەرووە لەگەڵ دوو رێچکەی نەرێنی: گۆرانی کەشوهەوا و زیاد بەکارهێنانی ئاو لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە (تورکیا و ئێران) کە لەوانەیە ببنە هۆی کەمبوونەوەی بری ئاوی بەردەست لە هەرێم.

**بەکارهێنانی ئاو زۆر نارێکە لە هەرێم و بەکارهێنان و بەفیرۆدان ئێجگار زۆرە**

### شێوەی 6. بەکارهێنانی ئاو - بەراورد کراوە لەگەڵ ئاستی جیهانی




سەرچاوە: خەملاندنی لێکۆلینەوە, بەپێی شارەوانیەکان WHO, WBdata

لە هەرێمی کوردستان رێژەی دانیشتوان کە ئاوی خاوێن بەکاردەهێنن دەگاتە 85%، بەلام ئاستی خزمەتگوزارییەکان (بەردەوامی خزمەتگوزاری و فشاری ئاو) هەژارە و ژێرخانی ئێستا لە دۆخێکی خراپدایە و لێچوون و بەفیرۆچوونی زۆرە. دابینکردنی ئاو بێسنوور و چاودێریە. لە ئێستادا کرێی ئاو (نزیکەی یەک دۆلار بۆ مانگێک بۆ یەک یەکەی نیشتەجێبوون) لەسەر بنەمای بری بەکارهاتوو نییە، چونکە تۆرەکان پێوەریان نییە، هاوکات ئەم کرێیە تەبا نییە لەگەڵ تێچووی راستەقینە. ئەنجامی ئەمە: (1) داهاتەکان تەنها 3%ی تێچووی بەگەرخستن و راگرتنیان پرکردۆتەوە لە ساڵی 2011، و (2) ئاستی بەکارهێنانی ئاو بەپێی تاکەکەس لە رۆژێکدا دەگاتە 373 تا 400 لیتر لە شارەکان و 237 تا 292 لیتر لە ناوچە گوندییەکان. ئەمە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتیەکان زۆر بەرزە، لەکاتێکدا کە بەکاربەران هیچ ئاماژەیەکیان پێناگات کە پێویستە دەستبگرن بە ئاوەوە. ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە دابەزیندایە بەهۆی هەڵکەندنی زۆری بیرەوە (لە هەندێک ناوچە لەماوەی دە ساڵی رابوردودا ئاستی ئاو 40 مەتر دابەزیوە).

نەبوونی وێستگەیەکی نیوەندی بۆ چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو لە هەرێم و رژانی بڕێکی زۆری ئاوی بەکارهاتوو بۆ ناو ئاوی سەرزەوی لەرێگای دروستکردنی کەناڵی لافاوەوە (بەتایبەتی لە سلێمانی)، بۆتە هۆی زیادبوونی نەخۆشییەکان بەهۆی ئاوەوە و زیادبوونی رێژەی مردن و رێژەی مردنی منداڵی ساوا،چ بەهۆی بەکارهێنانی راستەوخۆ (وەک دەریاچەکانی دووکان و دەربەندیخان) یان بەهۆی پیسبوون و ژەهراویبوونی بەروبومە کشتوکاڵیەکانەوە بەهۆی ئاودێری بە ئاوی پیسەوە. ئەم دۆخە لە خراتربووندایە بەهۆی نەبوونی هۆشیاری لەسەر خاوێنی و تەندروستی.
گەشەی دانیشتوان و ئابوری لەگەڵ مەترسییەکانی گۆرانی کەشوهەوا، دەبنە هۆی زیادکردنی فشارەکان لەسەر سەرچاوە سروشتیەکان. هاوکات زیادبوونی خێرای ژمارەی لاوان لەناو دانیشتواندا کە شێوازی ژیان و رەفتاری نابەرپرسیارانە پەیرەو دەکەن و ژینگە پیس دەکەن و سەرچاوەکان بەفیرۆدەدەن، دەبنە هۆی زیان گەیاندن بە ژینگەی سروشتی.
هاوکات سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی رووبەرووی ژەهراویبوون دەبنەوە، بەهۆی بەکارهێنانی زۆری پەینی کیمایی و ماددە قرکەرەکان و فرێدانی پاشەڕۆ بۆ ناو ئاو و لەچاڵنانی زبڵ و بەکارهێنانی ئاوەڕۆی کراوە. ئاستی بەرزی نایترۆجین دەبێتە هۆی شێواندنی سوری خوێن لە منداڵی ساوا و ژنی دوگیان و ئەو کەسانەی کێشەی تەندروستیان هەیە.

## کەلێنەکان

کەلێنەکانی بواری دابینکردنی ئاو پەیوەستن بە: (1) داپۆشینی ناتەواو (بۆ نموونە، ڕێژەی دانیشتوان کە دەستیناگات بە تۆڕەکانی دابینکردنی ئاو دەگاتە 15%)؛ (2) خراپی کوالێتی خزمەتگوزاری (بۆ نموونە نارِوونی دابینکردن، نزمی فشار و گونجاوی بۆ بەکارهێنان)؛ (3) نەبوونی هاندەر بۆ پاراستنی ئاو بەهۆی نەبوونی پێوەر و کرێی زۆر نزم؛ (4) نەبوونی سیستەمی پلاندانان و بەڕێوەبردن بۆ ڕێکخستنی دەرهێنانی ئاو، پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو و کاریگەرییە دوورمەوداکانی سەر ژینگە و بۆ بەڕێوەبردن و ڕاگرتنی ژێرخانی ئێستا.

پەیکەری دامەزراوەیی ئێستای کەرتەکە چەندین هەڵەی تێدایە کە کاردەکەنە سەر ئەدا و توانای.  ژمارەی کارمەندان بەرزە و دەگاتە 12 تا 16 کارمەند بۆ هەر 1000 بەستنەوەیەک، بە بەراورد لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان کە 5 کارمەندە بۆ هەر 1000 بەستنەوەیەک. بەڕێوەبردنی کەرتەکە ستاندارد و پێوەری ئەدا و کارامەیی کارگێڕی و سیستەمی لێپرسینەوەی نییە.

کەلێنە سەرەکییەکانی کەرتی ئاوەڕۆ بریتین لە: (1) کۆکردنەوەی ئاودێری نییە جگە لە ناوشاری سلێمانی؛ (2) تەنها چەند شارێک تۆڕی ئاوی لافاویان هەیە کە بەکاردەهێنرێن بۆ کۆکردنەوەی ئاوەڕۆ؛ و (3) هیچ کارگەیەکی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو نییە.

هیچ ڕێسایەک نییە کە ئاوی بەکارهاتووی شوێنەکانی تر جگە لە ماڵان ڕێکبخات و ڕێبگرێت لە ڕۆکردنی بۆ ناو ئاوەڕۆی شارەوانییەکان و هیچ کرێیەک نییە لەسەر بەکارهێنەری تایبەت کە خراپترین ئاو ڕۆدەکات. کێشەی نەبوونی یاسا و ڕێسا هەیە بۆ پڕکردنەوەی  تێچووی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆ و ئاوی بەکارهاتوو، کە پێویست دەبێت پاش دانانی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ.

یاسای ژینگە (ژمارە 8 ساڵی 2008) جێبەجێ ناکرێت. پشتگوێخستن یان خۆدزینەوە هەیە لە هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی پرۆژە لەسەر ژینگە، بۆ پرۆژە گشتی و تایبەتەکان، ئەمەش هەڵسەنگاندن و بەڕێوەبردن و پێشبینیکردنی کاریگەرییەکانی پرۆژە گەورەکان سەختتر دەکات. تارادەیەک هیچ هەوڵێک نییە (جگە لە پرۆژەی ئەزموونی هاوبەشی گشتی و تایبەت لە دهۆک) بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆی ڕەق یان فڕێدان بەپێی ئەو مەرجانەی کە زیان ناگەیەنن بە خاک، هەوا و ئاو.

### شێوەی 7 : پڕکردنەوەی تێچووەکانی بەگەڕخستن و ڕاگرتن لە هەرێمی کوردستان




## ڕاسپاردەکان

بۆ ئەوەی ئەم کەرتە بتوانێت خزمەتگوزاری ئاست بەرز بەشێوەیەکی بەردەوام پێشکەش بکات، پێویستە گۆڕانکاری لە وەبەرهێنان و سیاسەتەکاندا بکرێت و پێویستە ئەمانە بگرێتەوە: (1) چاکسازی دامەزراوەیی و کرێ (زیادکردنی بەرچاوی کرێکان، دواتر دانانی کرێ بەپێی قەبارەی بەکارهێنان)؛ (2) وەبەرهێنان لە تۆڕەکانی ئاوەڕۆ و کارگەکانی چارەسەرکردنی پاشەڕۆ؛ (3) جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی بەردەوامی پاراستنی ئاو بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان؛ (4) پرۆگرامەکانی پەروەردەی کۆمەلایەتی بۆ هۆشیارکردنەوەی دانیشتوان لەسەر دەگمەنی ئاو، هاندانی ڕەفتاری بەرپرسیارانە بۆ بەکارهێنانی ئاو لە ناو ماڵان و کێڵگەکاندا.

### کرێ و پڕکردنەوەی تێچوو

دەستبەجێ پەیرەوکردنی پەیکەری نوێی کرێ، بەو شێوەیەی کە لەم دواییانە پێشنیارکراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابینکردنی ئاو کارێکی پێویستە. کاتێک بەکارهێنانی ئاو پێوانە کرا، بڕی مانگانە بۆ مەتری پێوانەیی دەگاتە ١٠٠٠ تا ٥٠٠٠ دیناری عێراقی/ مەتر سێجا، بۆ بەکاربردنی ٣٠ تا ١٢٠ مەتر سێجا لە مانگێکدا، لەگەڵ بڕی تایبەت (بۆ دامەزراوەکان، بازرگانی، پیشەسازی و گەشتیاری) لەنێوان ٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠ دیناری عێراقی/مەتر سێجا.

پێویستە شێوازی گونجاوی وەرگرتنی کرێ پەیرەو بکرێت بۆ پڕکردنەوەی تێچووەکانی بەگەڕخستن و ڕاگرتن و لە کۆتایدا کۆی تێچووەکان پڕبکرێنەوە. هاوکات، دەکرێت ڕێوشوێن بگیرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی بەکاربردن، وەک قەدەغەکردنی شوشتنی ئۆتۆمبیل بە سۆندە و ئاودانی باخچە بە ئاوی خواردنەوە.

لەکاتێکدا کە پێویستە پلان هەبێت بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە پێوەرەکان هەموو شوێنێک دادەپۆشێت پاش ئەوەی کرێی نوێ لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرا، پێشنیار دەکەین کە پرۆگرامی پێوەر کە لە ئێستادا کاری پێدەکرێت ژمارەیەک بەکاربەر و ناوچەی دیاریکراو بگرێتەوە.

**پێویستە دەستبەجێ ڕێوشوێنی پاراستن بگیرێتەبەر وەک ڕێسای توندتر لەسەر هەڵکەندنی بیر**

## وەبەرهێنان لە پەرەپێدانی دامەزراوەیدا

بۆ دڵنیاییکردن لە گەیاندنی خزمەتگوزاری باش بەشێوەیەکی بەردەوام و بەرپرسیارانە و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە درێژخایەنەکانی سەر ژینگە کە تووشی کەرتی ئاو و ئاوەڕۆ دەبنەوە، پێویستە سیستەمی گونجاوی بەڕێوەبردن دابنرێت. هاوکات پێویستە قەدەغەکردنی بیر هەڵکەندن لە سەرانسەری هەرێم ڕەچاو بکرێت.

پێویستە پلانەکانی بەگەڕخستن و ڕاگرتن دابرێژرێن و ڕەچاوی ڕاگرتنی بەرپێگرتن بکەن. سیستەمی مۆدێرنی ڕاگرتنی لەم جۆرە، بەگشتی بەشێوەی کۆمپیوتەریە و پاڵپشتێکی باشە بۆ کاتەکانی ڕاگرتن و تێگەیشتن لە کارمەندان و کەرەستە و هۆکانی گواستنەوەی پێویست بۆ ڕاگرتن.

## ژێرخانی پێویست

چەندین پرۆژەی بەردەوام و نوێی دابیکردنی ئاو – لە بوارەکانی زیادکردنی توانا و نوژەنکردنەوەی تۆڕەکان – لە پرۆژەی بودجەی ساڵی 2012دا دانراون. ئەم هێڵکاریەی خوارەوە نیشانی دەدات کە وەبەرهێنانی خەمڵێنراو چەندە بۆ هەرێمی کوردستان لەنێوان سالانی 2013 و 2017دا کە برەکەی دەگاتە 1,303 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ پرۆژەکانی دابینکردنی ئاو (684.5 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ پرۆژەکانی ئاوەڕۆ، لەگەڵ 22 ملیۆن دۆلاری پێویست بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەیی و سەرچاوە مرۆییەکانی ئەم کەرتە لە هەرێم؛ بڕوانە خشتەکانی خوارەوە بۆ وردەکاری زیاتر).

**شێوەی 8. کۆی وەبەرهێنانی خەمڵێنراو بۆ پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لەنێوان 2013-2017**




بە لەبەرچاوگرتنی گەشەی دانیشتوان، وەبەرهێنانی خەمڵێنراو بۆ دابینکردنی ئاو کە لە خوارەوە پێشنیارکراوە تا ساڵی 2020 دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی کەلێنەکانی سیستەمی دامەزراوەیی و بەڕێوەبردن و داپۆشینی خزمەتگوزاریەکە زیاد دەکات لە 73%ەوە لە ئێستادا بۆ 84% لە ساڵی 2017 و بۆ نزیک لە 100% لە ساڵی 2020.

| چالاکی وەبەرهێنان | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
| --- | --- | --- | --- |
| دابینکردنی ئاو | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| پارێزگای هەولێر: پرۆگرامی وەبەرهێنان | 484.4 | 669.0 | 1153.1 |
| پارێزگای دهۆک: پرۆگرامی وەبەرهێنان | 291.5 | 402.5 | 694.0 |
| و پارێزگای سلێمانی: پرۆگرامی وەبەرهێنان | 505.0 | 697.4 | 1202.4 |
| پەرەپێدانی دامەزراوەیی و سەرچاوە مرۆییەکان | 22.0 | - | 22.0 |
| **کۆ** | **1302.9** | **1768.9** | **3071.5** |

وردەکاری لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەردەستە لە خشتەی وەبەرهێنانی کەرتەکان لە پاشکۆی ئەم راپۆرتەدا

## شێوەی 9. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆ بواری دابینکردنی ئاو 2013-2017

### کۆی گشتی US$ 3,071.5 ملیۆن




وەبەرهێنانی ئایندە لە بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوەدا هاوشانکراوە لەگەڵ وەبەرهێنانی پێویست لە بواری چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوودا، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کاتەی پێویستە بۆ دروستکردنی شوێنی کۆکردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆ و شوێنی چارەسەرکردن، هێشتا ماوەی زیاتر پێویست دەبێت تا هەموو ئاوی ئاوەڕۆ کۆبکرێتەوە و چارەسەر بکرێت.

پێویستە کرێکان لە داهاتوو بەتەنها تێچووی بەرهەمهێنانی ئاوی خواردنەوە پرنەکەنەوە، بەڵکو پێویستە هاوکات رەچاوی تێچووی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووش بکەن. بەم پێیە، پێشنیار دەکەین کە کرێیەکی زیادەی ئاوەڕۆ دابنرێت لەسەر کرێی ئاوی دامەزراوەکان، بۆ نموونە نووسینگە و دامەزراوە بازرگانییەکان، کە ئاوی بەکارهاتووی جۆراوجۆر رۆدەکەنە تۆرەکانی ئاوەڕۆوە. راپۆرتی کەرتی ئاو و ئاوەڕۆ هاوکێشەیەک دابین دەکات بۆ هەژمارکردنی ئەم کرێ زیادەیە، بەپێی پێکهاتەی ئاوی بەکارهاتوو و ئاستی پیسبوون و فرێدانی پاشەڕۆی رەق.

## ئەولەویەتەکانی پرۆژەکانی ئاوەڕۆ:

- پێویستە تۆڕی کۆکردنەوەی ئاوەڕۆ هاوشان لەگەڵ کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو دروست بکرێت، لە قۆناغی یەکەمدا تەنها لە هەولێر بە تواناى خزمەتکردنی600,000 کەس لەماوەی نێوان 2013-2017، بە لەبەرچاوگرتنی ماوەی درێژی بیناسازی کە پێویستە بۆ تەواوکردنی کۆی تۆڕی کۆکردنەوەی ئاوەڕۆ (زیاتر لە 15 ساڵ).

- سیستەمی ئاوەڕۆ کە شاری دهۆک و تەنهای و دیلەب بگرێتەوە لەماوەی نێوان 2013-2017 دروست بکرێت لەگەڵ کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو بە تواناى خزمەتکردنی 320,000 کەس.
- لە سلێمانی دەکرێت سیستەمی کۆکردنەوەی ئاوی لافاو بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی ئاوەڕۆ و پێویستە کارگەیەکی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو بە تواناى خزمەتکردنی یەک ملیۆن کەس دروست بکرێت و ببەسترێتەوە بە دەرچە زۆرەکانی تۆڕەکەوە کە لە ئێستادا ئاوەڕۆ ڕۆدەکەن لە وادی.

- پێویستە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو دروست بکرێت بۆ شارەکانی دەوروبەری دەریاچەی دوکان (رانیە، دوکان، چوارقورنە، حاجیاوا و پشدەر) و دەریاچەی دەربەندیخان (هەڵەبجە و سەیدسادق) لەماوەی 2013-2017 بۆ بەرگرتن لە پیسبوونی ئاوی سەرزەوی کە سەرچاوەیەکی زۆر پێویستە بۆ ئاوی خواردنەوە.

پرۆگرامەکانی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەکانی ئاوەڕۆ کە لە سەرەوە پێشنیارکراون ئەمانەی خوارەوەن:

| چالاکی وەبەرهێنان | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| وەبەرهێنان لە ئاوەڕۆدا | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| هەولێر | 254 | 147 | 401 |
| دهۆک | 177 | 42.5 | 219.5 |
| سلێمانی | 121.4 | 0 | 121.4 |
| رانیە | 18.4 | 0 | 18.4 |
| دوکان | 32.3 | 0 | 32.3 |
| چوارقورنە | 14.3 | 0 | 14.3 |
| حاجیاوا | 17.4 | 0 | 17.4 |
| پشدەر | 17.3 | 0 | 17.3 |
| هەڵەبجە | 16.3 | 0 | 16.3 |
| سەیدسادق | 16.2 | 0 | 16.2 |
| **کۆ** | **684.6** | **189.5** | **874.1** |

کۆی کارگەکانی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو لە دەوروبەری دەریاچەی دوکان و دەربەندیخان: *132,2* ملیۆن دۆلار

## شێوەی 10. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو لە کەرتی ئاوەڕۆ 2013-2020

### کۆی گشتی US$ 874.1 ملیۆن




سەرچاوە: خەمڵاندنەکانی توێژینەوە

## پەروەردەی گشتی

پێویستە پرۆگرامی هۆشیاری گشتی ئەنجام بدرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەزامەندی و پاڵپشتی خەڵک بۆ ڕێوشوێنەکانی چاکسازی، بۆ دڵنیایی کردن لە بەدیهێنانی دەستکەوتە درێژخایەنەکانی پاراستنی ئاو و ستانداردی بەرزتری تەندروستی گشتی.

هاوکات ئەم توێژینەوەیە پێشنیار دەکات هەندێک سەرچاوە تەرخان بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی بەڕێوەبردن و چاودێری ژینگە لەڕێگای بەهێزکردنی دەستەی ژینگە و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت لە بواری دووبارە بەکارهێنانەوە و فڕێدانی پاشەڕۆی ڕەق، هاوشێوەی پرۆژەی ئەزموونی کە لە دهۆک ئەنجام دەدرێت.

| چالاکی وەبەرهێنان | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| بەڕێوەبردنی ژینگە و چارەسەرکردنی پاشەڕۆی ڕەق | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| بەڕێوەبردنی ژینگە | 67 | 13 | 80 |
| چارەسەرکردن و فڕێدانی پاشەڕۆی ڕەق | 352 | 90 | 442 |
| **کۆ** | **419** | **103** | **522** |

## شێوەی 11. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو لە چارەسەرکردنی پاشەڕۆی ڕەق و بەڕێوەبردنی ژینگەدا 2013-2020

### کۆی گشتی US$ 522 ملیۆن




سەرچاوە: خەمڵاندنەکانی توێژینەوە

# پلاندانانی شارستانی



# پلاندانانی شارستانی

## پوختەی دۆخەکە

### ئاستی هەرێم

دانیشتوانی شارەکانی هەرێمی کوردستان 79%ی کۆی دانیشتوان پێکدەهێنن. هەر سێ پارێزگاکەی هەولێر، سلێمانی و دهۆک 41%ی دانیشتوانی هەرێم لەخۆدەگرن. پەیکەری دانیشتوانی گوندەکان بەشێوەیەکی بەرچاو پەرتەواوزەیی پێوەدیارە، کە 5,308گوند هەیە ، نیوەی ئەمانە 100 یان کەمتر دانیشتوانیان هەیە. ئەم پەیکەرەی ناوچە گوندییەکان لە گۆرانی بەردەوامدایە. ڕێژەی گەشە تێیدا زۆر نزمە، بەتایبەتی لە دهۆک و سلێمانی. ئەم ژمارە زۆرەی گوندە پەرتەوازەکان، واتا دابینکردنی ژێرخان سەختتر و گرانتر دەکات. ئەمەش فشارێکی گەورە دروست دەکات لەسەر سەرچاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەبێتە هۆی ناتەباییەکی روون لەنێوان خزمەتگوزارییە دابینکراوەکان لە شارەکان و گوندەکان. هەرێم ڕێژەیەکی گەورەی گەشەی دانیشتوانی بەخۆیەوە بینیوە (4%) ، ناوچە شارنشینەکان ڕێژەی گەشەی زۆرە و ئەمەش بەهۆی کۆچ لە ناوچە گوندیەکان و دەرەوەی هەرێمەوە بۆ ناو شارەکانی هەرێم.

پلاندانانی شارستانی و پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان تارادەیەکی زۆر نێوەندیە و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕێت لە پرۆسەی پلاندانانی شارستانیدا، لە کاتێکدا وەزارەتەکانی تر بەرپرسیارن لە پلاندانان و جێبەجێکردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان و خزمەتگوزاریەکانی ژێرخان. حکومەتەکان و پارێزگاکان ڕۆڵێکی هاوشانیان هەیە لە چاودێریکردن و جێبەجێکردنی پلانە شارستانیەکان و خزمەتگوزاریەکان، بەلام شارەوانیەکان دەسەلات و ڕۆڵی سنوورداریان هەیە چونکە وەک یەکەی کارگێڕی کاردەکەن لەژێر فەرمانی وەزارەتی شارەوانی و دەسەلاتی پارێزگاکاندا.

لەم هەلومەرجەدا، پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی شارستانی ڕووبەڕووە لەگەڵ پەرشوبلاوی، لاوازی هەماهەنگی و بەرپرسیارێتیە دووبارەکان. پرۆسەکانی پلاندانان و بڕیاردان دابەشکراون لەنێوان بەڕێوەبەرایەتیەکانی پلاندانانی شارستانی لەسەر ئاستی نێوەندا بە سەرپەرشتی وەزارەتی شارەوانی و پارێزگاکان لەسەر ئاستی ناوخۆیدا. لە ئەنجامدا، ڕوونیەکی ئەوتۆ نییە لەسەر پلەبەندی لە بوارەکانی پلاندانان، بڕیاردان و پەسەندکردن. هاوکات پرۆسەکە ڕێگەنادات بە بەشداری یان نوێنەرایەتی خەڵک بەهۆی لاوازی سیستەمی شارەوانییەوە.

### ئاستی شارەکان

**شاری هەولێر:** دانیشتوانی شاری هەولێر دەگاتە 675,500 کەس و ڕووبەرەکەی 125 کلیۆمەتر چوارگۆشەیە. شار بەپێی سیستەمی بازنەی چرکردنەوە دروستکراوە کە چەقەکەی قەلا مێژوویەکەیەتی. چری پەرەپێدانی لەناو بازنەی پێنجدا نزمە، لەنێوان 100 تا 200 کەس بۆ یەک هێکتار . شار بە پێکهاتەی ئێستای دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ گەشەی دانیشتوان بکات هەتا ساڵی 2015. سەرەڕای ئەم توانایە، شار لە دەرەوەی بازنەی پێنج لە گەورەبووندایە، بەهۆی بیناسازی نوێ و وەبەرهێنانی تایبەتەوە. لە ئەنجامی ئەمە جێبەجێکردنی ژێرخان نەیتوانیوە تەبا بێت لەگەڵ خێرایی و پەرتەواوزەیی پەرەپێداندا.

**شاری سلێمانی:** دانیشتوانی شاری سلێمانی دەگاتە 559,600 کەس و ڕووبەرەکەی5,858 هێکتارە. شارەکە سەنتەرێکی مێژوویی هەیە کە بۆ چەندین مەبەست بەکاردەهێنرێت، هەتا 2003 شارەکە خزێنرابووە ناو شەقامی 60 مەتریەوە. چری پەرەپێدان لەناو شەقامی بازنەیدا، دەکەوێتە نێوان 120 تا 180 کەس بۆ یەک هێکتار، و یەکەکانی نیشتەجێبوون تارادەیەک نزم و هەرزانن . لە ساڵی 2003ەوە بیناسازی نیشتەجێبوون بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە لە دەرەوەی شەقامی بازنەیی، بەڵام بەبێ هەبوونی هەماهەنگی گشتی و ماستەرپلان، چونکە تا ساڵی 2010 پەسەند نەکرا.

8 - سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
9- سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
10- سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئەم ئامارە دێهات و ناوچەکانی مەخمور و شێخان و سیمێل لەخۆ ناگرێت
11- سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
12 - سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
13 - سەرچاوە: ستراتیژی نیشتەجێکردنی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٢، ڕێکخراوی هابیتات
14 - سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
15 - سەرچاوە: ستراتیژی نیشتەجێکردنی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٢، ڕێکخراوی هابیتات



لەم بوارەدا دابینکردنی ژێرخانی تەکنیکی هێشتا ناتەواوە و دابەشکردنی ژێرخانی کۆمەلایەتی تارادەیەک سنووردارە بۆ ناوەوەی شەقامی بازنەیی. ناوچەکانی نیشتەجێبوون کە لە دەرەوەی شەقامی بازنەیین، ڕێژەی دانیشتوانیان کەمە، لەنێوان 75 تا 180 کەس بۆ یەک هێکتار[16]، ئەمەش بەهۆی ناوچە دوور لەیەکە بیناکراوەکان. شاری سلێمانی توانای نیشتەجێکردنی گەشەی دانیشتوانی هەیە بۆ ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو بەبێ ئەوەی پێویست بکات دەرەوەی شار بەکاربهێنرێت. ماستەرپلانی سلێمانی بەشێوەیەکی باش داڕێژراوە بۆ پەرەپێدانی کارەکان و هەرسکردنی گەشەی دانیشتوان.

**شاری دهۆک:** دانیشتوانی شاری دهۆک دەگاتە 280,400 [17] کەس و رووبەرەکەی 67.2 کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. گەورەبوونی شار بەرەو خۆرئاوا زۆر خێرایە و خەریکە شار دەبەسترێتەوە بە قەزای سیمێلەوە. پێکهاتەی دانیشتوانی دهۆک زۆرینەی تێکەڵە و چڕی دانیشتوان جیاوازە لەنێوان بەشەکانی شاردا و دەگاتە (50 تا 250) کەس بۆ یەک هێکتار بەپێی تەمەنی گەڕەکەکان. زەوی بەکارهێنراو و بەردەست لە شاری دهۆک و ناوچەکانی توانای مامەڵەکردنی هەیە لەگەڵ گەشەی دانیشتوان تا دوای ساڵی 2020. شارەکە ماستەپلانێکی وردی هەیە و ڕێنمایی پەرەپێدانی شار دەکات تا ساڵی 2032. شێوازی پلاندانانی پەیڕەوکراو بریتیە لە جەخت خستنە سەر یەک شاری سەرەکیی، لەگەڵ ئەگەری دروستبوونی سەنتەری لاوەکەی تر و ناوچەی تری نیشتەجێبوون کە سەنتەری لاوەکی خۆیان هەبێت. ماستەرپلانەکە بەشێوەیەکی دروست مامەڵەی کردوە لەگەڵ کێشەکانی گەشەی ئێستا و رووبەڕووبوونەوەی گەشەسەندنی شار، وەک پێداویستیەکانی نوژەنکردنەوە و دروستکردنی ژێرخان. هاوکات پلان بەشێوەی قۆناغ پەیڕەوکراوە بۆ پەرەپێدانی شار، بەلام ڕێژەی دابینکراو بۆ نیشتەجێبوون زۆر زیاترە لە پێداویستی گەشەی پێشبینیکراوی دانیشتوان.



16 سەرچاوە: ستراتیژی نیشتەجێکردنی هەرێمی کوردستان،

17 سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

**میتۆدی داهێنەر دە بێ داوا کرێ لە بواری دارشتنەوەی شێوازی نیشتەجێبوون لە گوندەکان**

## کەلێنەکان

### ئاستی هەرێم

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە پلانێکی هەرێمی هەمەلایەن هەیە بۆ ڕێنماییکردنی گەشەی شارستانی و دانیشتوان. پێویستە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم پلانە گرنگی بدات بە دروستکردنی تەبایی لەنێوان گەشەی سەنتەرەکانی شار و وەبەرهێنانی گونجاو بۆ دابینکردنی ژێرخان.

هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە حکومەتە خۆجێیەکان بەهێزبکات بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵ و دەسەلاتی زیاتریان هەبێت لە بەڕێوەبردنی شارەکان و دروستکردنی حکومەتی شارەکان. بەڕێوەبردنی ئێستای شارستانی لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە ئالۆزە و هەماهەنگی سەختتر دەکات، چونکە چەندین بواری بەڕێوەبردنی شار پێویستی بە هەماهەنگی نێوان سێ تا چوار وەزارەت و فەرمانگەی تر هەیە.

## راسپاردەکان

### ئاستی هەرێم

- پێویستە سیاسەتی پێویست دابنرێت بەو شێوەیەی پێشنیارکراون لەلایەن ئەم توێژینەوانەوەی خوارەوە (لەکاتێکدا ئەم توێژینەوانە دەکرێت لەماوەی یەک یان دوو ساڵدا ئەنجام بدرێن، ئەنجامدانی هەر چاکسازیەکی پێشنیارکراو پێویستی بە ماوەیەکی زۆر زیاترە):

- توێژینەوەیەک لەسەر بژاردەکانی دارشتنەوەی شێوازی نیشتەجێبوون لە گوندەکان و برەودان بە گەشەی گوندەکان بەشێوەیەک کە کەمتر پەرتەوازە بن و ئەگەر کرا، بەربگیرێت لە کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی گوندەکان.

- توێژینەوەیەک بۆ ڕێنماییکردنی گەشەی شار بۆ دروستکردنی دەروازەی پەرەپێدانی شار و پەرەپێدانی شوێنە ستراتیژیەکان. پێشنیاری چوار شوێن دەکەین: سێگۆشەی نێوان هەولێر، رانیە، سلێمانی، دەروازەی دهۆک، سیمێل، زاخۆ و دەروازەی هەولێر، شەقلاوە و سوران و حاجی هۆمەران، هەروەها دەروازەی سلێمانی، سەیدسادق، پێنجوێن.

- پێویستە بەڕێوەبردنی شارستانی بەرەوپێش ببرێت لەڕێگای دانانی چوارچێوەی یاسایی ڕێخۆشکەر بۆ شارەوانیەکان کە دەسەلاتی زیاتریان پێبدات لە پرۆسەی پلاندانادا. هاوکات برەودان بە توانا تەکنیکی، کارگێری و داراییەکانی شارەوانیەکان.

### ئاستی شارەکان:

#### شاری هەولێر

- پێداچوونەوەی ماستەرپلان بۆ ڕەچاوکردنی شێوازێکی پەرەپێدانی یەکانگیر، بەئامانجکردنی ناوچە چڕەکان و کەمکردنەوەی دیاریکردنی زەوی بۆ نیشتەجێبوون.

- ئامادەکردنی پلانێکی قۆناغی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەشەی هەڕەمەکی و دانانی پرۆگرامی وەبەرهێنانی ژێرخان.

- هەڵسەنگاندنی پەرەپێدانە بەردەوام و پلان بۆ دانراوەکان لەڕووی بەردەستی ژێرخان، توانا و پێداویستیە زیادەکان.

- دانانی ئەولەویەت بۆ پەرەپێدان بە ئاراستەی ئەو ناوچانەدا کە لە ئێستادا خزمەتگوزارییان هەیە پێش دروستکردنی ناوچەی تازە بۆ پەرەپێدان.

- دانانی ئەولەویەت بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ژینگەی شارەکان و شوێنی پیادەڕەو لەناو شارەکان و نوژەنکردنەوەی هەندێک لە گەڕەکە کۆن و نایاساییەکان (بڕوانە خشتەکە).

## شاری سلێمانی:

- پێویستە رووپێوێکی ورد و پلانێکی وەبەرهێنان پەیرەوبکرێت بۆ دانانی ئەولەویەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەک شەقام، ئاو، ئاوەرۆ، ناوچە سەوزەکان و ژێرخانی کۆمەلایەتی لە ناوچەکانی لێواری شار لە مەودای نزیکدا، پێش گەورەتربوونی شار بەپێی ماستەرپلانی سێلمانی.
- پێویستە وەبەرهێنان لەناوەوەی شەقامی بازنەیی گرنگی بدات بە شوێنی راگرتنی ئۆتۆمبیل لە سەنتەری شار بۆ کەمکردنەوەی خنکانی هاتوچۆ، زیادکردنی ناوچە سەوزەکان لە گەرەکەکان و باشترکردنی شوێنەکانی پیادەرۆ. لە دەرەوەی شەقامی بازنەیی وەبەرهێنان پێویستە لە ژێرخانی کۆمەلایەتی و تەکنیکی.

## شاری دهۆک:

- پلانێکی قۆناغی بۆ پەرەپێدانی شارستانی بەپێی پێشبینیە واقیعیەکانی گەشە.
- هەڵسەنگاندنی ژێرخان لە ناوچە ئاوەدانەکانی ئێستا بۆ دەستنیشانکردنی کەلێنەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری و دیاریکردنی تواناکانی.
- دوو پرۆژەی وەبەرهێنانی خاوەن ئەولەویەت: نوژەنکردنەوەی ناوچەی نایاسایی گێجابارە و نوژەنکردنەوەی سەنتەری شاری دهۆک.

| پرۆگرامەکانی وەبەرهێنان | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| پلاندانانی شارستانی | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| توێژینەوەکانی دانانی پلان و پرۆگرام | 7.8 | 0 | 7.8 |
| پلاندانانی شار: شاری هەولێر | 57 | 25 | 82 |
| پلاندانانی شار: شاری دهۆک | 27.7 | 6 | 33.7 |
| پلاندانانی شار: شاری سلێمانی | 106.7 | 10.5 | 117.2 |
| کۆ | 199.2 | 41.5 | 240.7 |

### شێوەی 12. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو لە پلاندانانی پەرەپێدانی شارستانی 2013-2020

**کۆی گشتی US$ 240.7 ملیۆن**




سەرچاوە: خەملاندنەکانی توێژینەوە

# گواستنەوە



## گواستنەوە

### پوختەی دۆخەکە

هەرێمی کوردستان پێگەیەکی ستراتیژی هەیە لەنێوان ئێران، تورکیا و سوریادا. بەهۆی ناسەقامگیری ناوچەکانی تری عێراقەوە، لەم چەند ساڵەی دوایدا ئابوری رێچکەیەی تایبەت بەخۆی وەرگرتوە، بەهۆی ئەوەی کە کوردستان وڵاتێکە سنوری دەریایی نییە، بەتەواوی پشت دەبەستێت بە هێڵەکانی گواستنەوەی تورکیا و ئێران، سەرەڕای فرۆکەخانەکانی خۆی.

زۆری ژمارەی ئۆتۆمبیل و بەشاربوونی خێرا کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر تۆڕەکانی گواستنەوە لە ناو شارەکاندا. سەرەڕای وەبەرهێنانی گەورە لە ژێرخانی گواستنەوەدا – لەناو و لەنێوان شارەکاندا – خنکانی هاتوچۆ، پیسبوونی شارەکان، خراپبوونی ژینگەی سەنتەری شارەکان روودەدەن.

لەبەرئەوەی هەرێم بەتەواوی پشت دەبەستێت بە گواستنەوەی زەمینی و ئۆتۆمبیلی تایبەت، تۆری رێگاوبانەکان بارگرانیان پێوە دیارە . تۆڕی گواستنەوەی نێوان شارەکان گونجێنراون لەگەڵ پێداویستیەکانی هەرێم و وەبەرهێنانی گەورە لە تۆرە ناوخۆییەکاندا ئەنجام دەدرێت[18]. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە رەوتی پەرەپێدانی رێگاوبان خێراترە لە توانای دروستکردنی رێگاوبان. بودجەی راگرتنی رێگاوبان – کە زۆر نزمە – بە سەختی دەتوانێت فریا بکەوێت. پارککردنی ئۆتۆمبیل لە شارەکان هێشتا بەباشی رێکنەخراوە و رێوشوێنی گونجاوی بەرێوەبردنی هاتوچۆ نییە.

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گرفتانە، هەندێک پرۆژەی بوێرانە پێشنیارکراون، وەک تۆری ئاسنینی هەرێم، تۆرەکانی ترام لە سێ شارە سەرەکییەکە، هێڵی پاسی راستەوخۆ و فرۆکەخانەیەکی نوێ بۆ دهۆک. بەڵام هەموو ئەم پرۆژانە لەرووی ئابوریەوە گونجاو نین. لەبەرئەوە ئەم توێژینەوە گرانترین پرۆژەی دواخستوە بۆ کۆتایی پێنج ساڵەکە یان دواتر، ئەوکات ئاسانتر دەبێت بزانین لەرویی ئابورییەوە گونجاون یان نا.

### کەلێنەکان

بازاری جیهانی: هەولێر و سلێمانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیان هەیە و ژمارەی فرینەکان و شوێنەکان لە زیادبوونی بەرچاودایە. دهۆک، ئەگەرچی شارێکی بچووکترە، لە ئێستادا پلانی هەیە بۆ دروستکردنی فرۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی. بەلام هێشتا پەیوەندیەکی لاواز هەیە لە بواری گواستنەوەی باری هەرێمیدا، هیچ کام لە فرۆکەخانەکانی ئێستا شوێنی گونجاویان نییە بۆ فرۆکەی بارهەڵگر و رێکار و رۆتین بۆ هاوردە و هەناردەی بار رەخنەی زۆری لەسەرە. پەیرەوکردنی ئالوگۆری زانیاری بەشێوەی ئەلەکترۆنی بۆ جووڵەی بار و رێکارە گومرگیەکان کارێکی پێویستە. هاوکات شوێنی ساردکەرەوەی پێویست نییە بۆ هەڵگرتنی میوە، سەوزە و گوڵ یان کاڵای تری هاوردەکردن.

بازاری ناوخۆی هەرێم: ژمارەی ئوتۆمبیل لە زیادبوونی خێرادایە، بەڵام هێشتا پرۆگرامی دروستکردنی رێگاوبانەکان دواکەوتووە. دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە، وەرزی بیناسازی کورتتر دەکاتەوە و کاریگەری نیگەتیڤی هەیە لەسەر بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی بواری بەڵێندەرایەتی ناوخۆ. سەرەڕای ئەمانە، هەندێک لە کێشەکان چارەسەرکراون و رێگەی نیوان سێ شارە گەورەکە کورتتر کراوەتەوە و بەرەوپێش براوە.

لەکاتێکدا کە کۆدەنگی هەیە (لەنێوان وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و بەرێوبەرایەتیەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار) لەسەر پێویستی هەبوونی ترام، پێدەچێت پلاندانان بۆ دروستکردنی رێگەی ترام نێوەندی بێت و لە هەولێر بدرێت. کۆدەنگیەکی روون نییە لەسەر ئاستی ناوخۆیدا لەسەر ئەوەی ئایا پلان و ئەولەویەتەکان دروستن یان نا. هەروەها رێگەی ترام وەک تەنها چارەسەر قبوڵ نەکراوە بۆ گواستنەوەی شارەکان.

خاوەنداری ئۆتۆمبیل لە شارە سەرەکییەکان نزیکەی 1 ئۆتۆمبیل بۆ هەرخیزانێک، نزیکی ئاستی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

---

18 ئەگەرچی هیچ ستانداردێک نییە بۆ بریاردان لەوەی شارێک زیاد لە پێویست پشت دەبەستێت بە گواستنەوەی زەمینی، لەبەرئەوەی هیچ هۆیەکی تری گواستنەوە نییە دەتوانین ئەم دەستەواژەیە لێرەدا بەکاربهێنین.

پێشنیاری تر بۆ پەرەپێدان و دروستکردنی ڕێگاوبان، بەجیا لە ڕێگەی ترام، ئامادەکراوە لەگەڵ هۆی تری گواستنەوەی گشتی. سیاسەتی پێشنیارکراو بۆ پارککردنی ئۆتۆمبیل، دەرفەتی دەستکەوتنی داهات دروست دەکات، کە دواتر دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ سیستەمی گواستنەوە و باشترکردنی هاتوچۆ. بەلام سیاسەتەکە بە باشی روون نەکراوەتەوە، هەروەها ئاستی جێبەجێکردنی ڕێساکانی ئێستا زۆر نزمە.

**گواستنەوەی ناو شارەکان:** لەئێستادا شارەکان زیاد لە پێویست پشت دەبەستن بە ئۆتۆمبیل، لەبەرئەوە سەنتەری شارەکان تووشی خنکانی هاتوچۆ و پیسبوونی ژینگە دەبن (بڕوانە پێرستی 18). لاوازی گواستنەوەی گشتی، نەبوونی کۆنترۆڵکردنی پارککردنی ئۆتۆمبیل و بەڕێوەبردنی مۆدێرنی هاتوچۆ، کێشەی لێکدراون. وەک کاردانەوە، وەبەرهێنان ئامادەکراوە بۆ گواستنەوە، بەگشتی بۆ تۆڕەکانی ڕێگەی ترام لە سێ شارە سەرەکییەکە. ئەم پلانانە لە قۆناغی پێشکەوتوودان و گەڕان ئەنجامدراوە بۆ وەبەرهێنەر.

## ڕاسپاردەکان

### گواستنەوەی گشتی

گواستنەوەی گشتی لەگەڵ هەبوونی ڕێگەی تایبەت، گەشتی خێراتر پێشکەش دەکات و کات دەگێڕێتەوە بە بەراورد لەگەڵ لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لەکاتی خنکانی هاتوچۆدا. تێچووی کەمترە بۆ بەکارهێنەران بە بەراورد لەگەڵ بەکارهێنانی یەک یان دوو ئۆتۆمبیل. خزمەتگوزاریەکی ئاست بەرزی کێبەرکێکار کە بەکارهێنەران بۆ لای خۆی رابکێشێت، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پیسبوونی ژینگە و باشترکردنی کوالێتی هەوا، بەتایبەتی ئەگەر ژێرخانی ئەم خزمەتگوزارییە کارەبایی بێت. گواستنەوەی گشتی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پێداویستی بە شوێنی پارککردنی ئۆتۆمبیل لە ناو سەنتەری شارەکان، کە پاشان دەبنە شوێنی گونجاوتر و خۆشتر بۆ ژیان و کارکردن.

پێویستە بەرزترین ئەولەویەت بدرێت بە گواستنەوە بە پاسی ئاست بەرز لە ناو شارەکان. بەڵام ئەو سیستەمی مینی پاسەی ئێستا پێویستی بە چاودێری و بەرەوپێشبردن هەیە، بەتایبەتی بۆ شوێنە پەراوێزەکان، بەهۆی کەمی ژمارەی نەفەر و دۆخی ڕێگاوبانەکان کە گونجاو نین بۆ پاسی گەورە. بە لەبەرچاوگرتنی سەرچاوە کەمەکان، باشترین شت ئەوەیە، دەستپێک تۆڕی پاسی خاوەن ئێیەرکەندیشن بەکاربهێنرێت وەک تاقیکردنەوە. دەکرێت پاسەکان خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن بەو ناوچانەی تۆڕی ترام نایانگرێتەوە، لەگەڵ بەستنەوەی ناوچەکان بە هێڵی ترامەوە.

**پێویستە بەرزترین ئەولەویەت بدرێت بە گواستنەوە بە پاسی ئاست بەرز لە ناو شارەکان**

کەواتە ڕێگەچارەی دەستبەجێ بریتیە لە وەبەرهێنان لە دابینکردنی تۆڕی پاسی ئاست بەرز و خاوەن ئێیەرکەندیشن. پاسەکان دەتوانن تۆڕی ڕێگاوبانەکانی ئێستا بەکاربهێنن، لەگەڵ دابینکردنی شوێنی چاوەروانی گونجاو و دابینکردنی زانیاری لەسەر کاتی هاتنی پاسەکان لەڕێگای بەکارهێنانی سیستەمی (GPS)ەوە. پاسی شارەکان بەشێوەیەکی گشتی تەمەنی کارکردنیان 12-10 ساڵە. دەکرێت ئەم خزمەتگوزارییە لەماوەی 18 مانگدا ئامادە بکرێت، واتا دەکرێت پێشبینی دەستپێکردنی بکرێت لە ساڵی 2014.

ئەگەرچی ئەزموونی نیودەوڵەتی ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە ترام سەرنجڕاکێشترە لە پاس، بەڵام وەبەرهێنانی گەورەتری دەوێت. ترام گرانە، هەندێک کات تێچووی خۆی پڕناکاتەوە، یان لە ئاستی پێشبینی بەکارهێنەرانیدا نییە. ئەگەرچی سەرمایەی پێویست بۆ ترام زۆر زیاترە لە هی پاس[19]، تێچووی کارکردنی کەمترە و تەمەنی درێژترە لە پاس. لەبەرئەوە لە مەودای دوورەدا تێچووی زیاتر نابێت لە تێچووی پاس . لەبەرئەوە پێویستە هەرێم تاقیکردنەوە بکات لەسەر ترام (هێڵی ترام). لەوانەیە گونجاو بێت وەک تاقیکردنەوە یەک هێڵی ترام دروست بکرێت لە سێ شارەکە لەماوەی نێوان 2017-2013، پاشان گۆڕانکاری پێویست ئەنجام بدرێت بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکان پێش ئەوەی کۆی هێڵەکان تەواو بکرێت.

دەکرێت ئەولەویەت بدرێت بە ترام لە خاڵەکانی خنکانی هاتوچۆ. دەکرێت ترام زووتر دابنرێت لەکاتێکدا کە پاس وەک چارەسەری ناوەندی بەکاردەهێنرێت.

19 توێژەنەوەکان لە دیزاین نیشانی دەدەن کە تێچووی بەپێی کیلۆمەتر دەگاتە 31 ملیۆن دۆلار بۆ هەولێر و 17 ملیۆن دۆلار بۆ دهۆک. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەکرێت کۆی سەرمایەی پێویست کەمبکرێتەوە لەڕێگای دووبارە پێداچوونەوە و ئاڵوگۆڕ لەنێوان مەرجەکان و تێچووەکاندا.

## پلاندانان و بەڕێوەبردن

**بابەتێکی گرنگ هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێت پێش دەستکردن بە وەبەرهێنان لە گواستنەوەی شارستانیدا.**

**سێ لایەنی سەرەکیی هەیە کە بەرپرسن لە پلاندانان و بەڕێوەبردنی گواستنەوە و هاتوچۆ لە شارەکاندا: پۆلیسی هاتوچۆ، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و ئەنجومەنی شارەوانی شارەکان. هەماهەنگی لەنێوان ئەم لایەنانەدا لاوازە و پرۆسەیەکی روون نییە بۆ دارشتنی پلانی هاوبەش. هاوکات وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن بەرپرسیارە لە رێگاوبانەکانی دەرەوەی شارەکان کە دەیانبەستێتەوە بە تۆڕەکانی رێگاوبانی ترەوە.**

**لە دۆخی نەبوونی هەماهەنگی ئێستادا، وەبەرهێنانی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت لە بواری پەرەپێدانی گواستنەوەی گشتیدا وەک شتێکی مەترسیدار سەیر دەکرێت، ئەمەش وەبەرهێنەری تایبەت ساردەکاتەوە. پتەوکردنی بەڕێوەبردن لەسەر ئاستی شارەکاندا (بۆ سێ شارە سەرەکییەکە) پێویستە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشە ئاڵۆزەکانی هەماهەنگی.**

**بەبێ بەڕێوەبەرایەتی لەسەر ئاستی شارەکاندا، هەر یەک لە سێ شارەکە پێویستی بە یەکەیەکی یەکگرتوو هەیە بۆ پلاندانان، بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی گواستنەوە و هاتوچۆ. دەکرێت ئەمە بکرێت لە رێگای دروستکردنی نووسینگەی یەکگرتووەوە بە ئەندامێتی کارمەندانی سێ لایەنە بەرپرسەکە (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و پۆلیسی هاتوچۆ)، کە لەژێر یەک بەڕێوەبەرایەتیدا کاربکەن و بەرپرسیاربن بەرامبەر پارێزگار (ئەمە هاوشێوەی حکومەتی شارە بەلام لەژێر دەسەلاتی پارێزگاردا).**

**ئەم یەکەیەی گواستنەوەی شار پێویستی بە کارمەندی هاتوچۆی گشتی دەبێت بۆ دارشتن و چاودێریکردنی خزمەتگوزاری پاس، سیستەمی ترام، هەروەها کارمەندی بەرپرس لە پێداویستیەکانی پیادەرەو. ئەم یەکانە پێویستە هەماهەنگی بکەن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بوارەکانی تەمویل و ئامادەکردنی تەندەر بۆ داشکاندن یان هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت کە پێویست دەبێت بۆ وەبەرهێنان و بەگەڕخستنی سیستەمە تازەکان. پێویستە پلان دابنێن و وەبەرهێنان بکەن لە سیستەمی کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆدا.**



شێوازێکی یەکگرتوو پێویستە لەسەر بنەمای پایە سەرەکییەکانی جووڵەی شارستانی:

- ڕێوشوێنی بەڕێوەبردنی هاتوچۆ، وەک باشترکردنی جووڵەی ترافیک لەڕێگای سیستەمەکانی کۆنترۆڵکردنی ترافیکی ناوشار. ڕێوشوێی ئەندازیاری هاتوچۆ، سیستەمی گواستنەوەی زیرەک، شەقامی یەک ئاراستە، هتد؛
- دابینکردنی گواستنەوەی گشتی، دابینکردنی بەدیلێکی سەرنجڕاکێش بۆ بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل؛
- ڕێشوێنەکانی سەلامەتی هاتوچۆ؛
- سیاسەتێکی ڕوون لەسەر پارککردنیئۆتۆمبیل، بۆ ئەو کەسانەی کە هێشتا پێویستیان بە بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل هەیە بۆ چوون بۆ سەنتری شار و بۆ دابینکردنی شوێنی پارککردنیئۆتۆمبیل لە گەراجی پاسەکان یان وێستگەکانی ترام بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت گواستنەوەی گشتی بەکاربهێنن بۆ چوون بۆ سەنتەری شار؛
- لەبەرچاوگرتنی پێداویستیەکانی پیادەڕەو سوودەکانی بەپیادەڕەوکردنی سەنتەری شارەکان[20]؛
- جێبەجێکردنی ڕێساکانی هاتوچۆ و ڕاگرتن بۆ ئەوەی ڕێوشوێنەکان سوودی درێژخایەنیان هەبێت.

| چالاکی وەبەرهێنان | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| گواستنەوە | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| گواستنەوەی نێودەوڵەتی و نێوان هەرێمی | 189 | 1100 | 1289 |
| گواستنەوەی نێوان شارەکانی هەرێم | 872 | 348 | 1220 |
| گواستنەوەی ناو شارەکان | 1508 | 1165 | 2673 |
| **کۆ** | **2569** | **2613** | **5182** |

## شێوەی 13. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆ گواستنەوە و ژێرخانی گواستنەوە 2013-2020




سەرچاوە: خەملاندنەکانی توێژینەوە

20 هەوڵێک بۆ بە پیادەکردنی سەنتەری کۆنی شاری سلێمانی شکستیخوارد لەبەرئەوەی ئەم پێداویستیانە دابین نەکرابوون.

# کشتوکاڵ و ئاودێری



# کشتوکاڵ و ئاودێری

## پوختەی دۆخەکە

کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان توانایەکی زۆری هەیە و دەتوانێت رۆڵی پێشەنگ بگێرێت لە بەفرەیکردن و پێشخستنی ئابوری نیشتیمانیدا. ئەم توانایە لەسەر بنەمای هەبوونی 1,5 ملیۆن هێکتار[21] زەوی ئاودێریکراو بە ئاو و باران[22]، ژمارەیەکی زۆر و هەمەرەنگی ئاژەڵ؛ هەمەجۆری هەلومەرجی ژینگەی و کەشوهەوا، کە رێگەخۆشکەرە بۆ بەفرەیی کردنی بەرهەمەکانی سەوزە و میوە و ئاژەڵ و سوودوەرگرتن لەم کەشوهەوا و ژینگەیە بۆ بەرهەمهێنانی هەندێک کالا کە توانای کێبەرکێیان هەبێت و هەندێک سەرمایەی مرۆیی کە دەکرێت بخرێتەگەر لە چالاکییە کشتوکاڵیەکاندا. بەشداری کەرتی کشتوکاڵ لە کۆی بەرهەمی هەرێمدا (GDP) تەنها 10% دەبێت. بەلام کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکیی بووە بۆ بژێوی 35%ی دانیشتوانی هەرێم لە ساڵی 2000، پاشان بە خێرایی دابەزی بۆ 23% لە ساڵی لە 2007(IHSES)، هەروەها لەوانەیە زیاتر دابەزیبێت لە پێنج ساڵی رابوردودا. کشتوکاڵ نزیکەی 9%ی هێزی کاری هەرێمی خستۆتەکار (IKN). کاری تیمی لێکۆڵینەوەکە پەیوەست بوو بە کەلێنەکان و پێداویستیەکانی ژێرخانەوە، نەک کۆی کەرتی کشتوکاڵ، بەلام پێداچوونەوەیەکی خێرا ئەنجامدرا بۆ کەرتەکە بۆ ئەوەی بنەمای پتەومان هەبێت بۆ پێشنیارکردنی وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئەم بوارەدا. کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بەگشتی لەسەر زەوی دێمی و نیمچە دێمی دەکرێت، لەبەرئەوە ئاودێری زۆر گرنگە. بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی ئاودێری بۆ پەرەپێدانی ستراتیژی کشتوکاڵی هەرێم، ئەم بەشە بایەخی زیاتر دەدات بە ژێرخانی ئاودێری، ئەگەرچی ئاوڕ لە هەندێک لایەنی تریش دەدرێتەوە.

پشت پێ بەستن بە کشتوکال بۆ گوزەران بە بەردەوامی دەپوکێتەوە، کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکیی بووە بۆ بژێوی *35%*ی دانیشتوانی هەرێم لە ساڵی *2000*، پاشان بە خێرایی دابەزی بۆ *23%* لە ساڵی لە *2007*

لەکاتێکدا کە مەودای ئەم توێژینەوەیە بایەخ دەدات بە کەلێن و پێداویستیەکانی ژێرخان، زیاتر لە کشتوکاڵ بەگشتی، پێویستە شیکردنەوە بکەین بۆ هەندێک لایەنی کەرتی کشتوکاڵ، چونکە ژێرخانی تایبەت بە کشتوکاڵ، بەتایبەتی ئاودێری، پاڵپشتی تەکنیکی (رەق) و فێرکردنی جوتیاران (نەرم)، بەشێوەیەکی دانەبراو پەیوەستن بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیەوە. هەردوو بواری رەق و نەرم لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بایەخیان پێدەدرێت و هەردووکیان پێویستن. هاوکات فێرکردنی جوتیاران وەک ژێرخان هەژمار دەکرێت.

توانای کەرتی کشتوکاڵ، ئەگەر لەرێگای وەبەرهێنانەوە بەرەوپێش ببرێت، دەبێتە بناغەیەکی گرنگ بۆ پەیکەری ئابوری هەرێم بەگشتی. هاوکات دەبێتە هۆی پەرەپێدانێکی بێوێنەی کەرتی کشتوکاڵیش، سەرەرای پتەوکردنی ئاسایشی خۆراک، پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ دەبێتە هۆی دروستکردنی دەرفەتی کاری نوێ (لەوانەشە لەرێگای پیشەسازی کشتوکاڵەوە کاری نوێ دروست بکرێت)، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەژاری، پەرەپێدانی ناوچە گوندیەکان و بەشداریکردنی کارا لە بەفرەیکردنی ئابوریدا.

لەم دواییانەدا هەرێمی کوردستان دوورکەوتۆتەوە لە چەمکی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی خۆی، کە لە پلانەکانی پێشووی کشتوکاڵدا ئاماژەی پێدرابوو، و هەنگاوی ناوە بەرەوە ئاسایشی خۆراک وەک لە رەشنووسی ستراتیژی پەرەپێدانی ناوچە گوندییەکاندا[23] ئاماژەی پێدراوە . ئەمە گۆرانکاریەکی نایابە لە سیاسەتدا چونکە پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی خۆراکی هەرێم لەلایەن هەرێمەوە مەحاڵە بۆ هەرێمێکی بچووکی وەک هەرێمی کوردستان. زۆر باشترە بایەخ بدرێت بە چەند بوارێکی کەرتی کشتوکاڵ کە هەرێم تێیدا بالادەستە و توانای کێبەرکێی هەیە.

ئامارە بەردەستەکانی ساڵی 2010 ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کۆی ژمارەی ئاژەڵ دەگاتە4,086,500 سەر بەم شێوەیە: 345,594 سەر رەشەولاخ، سەر2,564,615 مەڕ،1,176,291 سەر بزن. لە کاتێکدا کە کۆی ماسی گیراو دەگاتە 195 و باڵندە 753 لە ساڵی2010 [24].

---

21- سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ژمارەکە ئیدارەی گەرمیانیش دەگرێتەوە.

22 - لەمە١,٣٦٨,٣٨٨ هێکتار (٨٧,٦٪) پشت بە ئاوی باران دەبەستێت و١٦٧,٤٠٦ هێکتار (١٢,٤٪) پشت بە ئاودێری دەبەستێت. سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

23-بەلام پلانە ستراتیژیەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هێشتا باس لە پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی هەرێم دەکەن، لەوانەیە هێشتا نوێنەکرابنەوە.

24- سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

## زەوی گونجاو بۆ کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان (بە هێکتار):

| | کۆی رووبەری پارێزگا | پشت بەستوو بە باران | پشت بەستوو بە ئاودێری | کۆی زەوی گونجاو بۆ کشتوکاڵ | زەوی نەگونجاو بۆ کشتوکاڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 1,514,120 | 580,645 | 59,299 | 626,280 | 887,840 |
| دهۆک | 931,398 | 254,892 | 46,650 | 301,542 | 629,856 |
| هەولێر | 1,042,808 | 232,700 | 45,635 | 291,999 | 750,809 |
| کۆ | 3,488,326 | 1,068,237 | 151,584 | 1,219,821[25] | 2,268,505 |
| | % | 30.62 | 4.34 | 34.96 | 65.04 |

سەرچاوە: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئامارە بەردەستەکانی ساڵی 2010 ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کۆی ژمارەی ئاژەڵ دەگاتە4,086,500 سەر بەم شێوەیە: 345,594 سەر رەشەولاخ، سەر2,564,615 مەڕ،1,176,291 سەر بزن. لە کاتێکدا کە کۆی ماسی گیراو دەگاتە 195 و باڵندە 753 لە ساڵی2010 .

جیا لە بوارەکانی بەرهەمهێنانی ئاژەڵ و ماسی، بەرهەمە رووەکیەکان سەرچاوەی سەرەکیی گوزەرانن بۆ چەندین خێزانی گوندەکان. گەنم و جۆ دوو بەرهەمی سەرەکین کە دەچێنرێن، رووبەری567,625 هێکتار بۆ گەنم (بری بەرهەم دەگاتە 381,284 تەن) و هێکتار بۆ جۆ (بری بەرهەم دەگاتە4382 تەن). ئەم دوو بەروبوومە نزیکەی 48 تا 50% کۆی زەوی گونجاو بۆ کشتوکاڵ داگیردەکەن، ئەگەرچی رێژەی بەرهەم بەپێی رووبەری زەوی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و بەپێی باران جیاوازە. لەبەرئەوەی گەنم و جۆ بەروبوومی زستانەن، دەکرێت هەندێک لەم زەویانە بۆ بەروبوومی هاوینەش بەکاربهێنرێن، بەتایبەتی ئەگەر بەراو بوون. بەروبوومی تری گرنگ بریتین لە نۆک، نیسک، گەنمەشامی، بەلام بە رووبەڕووی بچووک دەچێنرێن، هاوشێوەی سەوزە و میوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە وەبەرهێنانی گەورە لە کەرتی کشتوکاڵ و بەتایبەتی لە بواری ئاودێری. بیرۆکەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە دەخوازن هەموو زەویە گونجاوەکان بۆ کشتوکاڵ بکەنە بەراو (زیاتر لە700,000 هێکتار)، بیرۆکەیەکی ناواقیعیە. بەلام بە بەراوکردنی100,000 هێکتار، واتا زیادکردنی زەوی بەراو بەرێژەی 70%، ئەگەر لەماوەی پێنج ساڵ تا دە ساڵدا ئەنجام بدرێت زیاتر واقیعیە و شایانی جێبەجێکردنە. بە بەراوکردنی ئەم رووبەرە لە زەوی پێویستی بە کۆکردنەوەی 1.5 تا 1.7 ملیار مەتر سێجا ئاو هەیە. ئەمە واتا کەمکردنەوەی رێژەی بەکارهێنانی ئاو بەپێی هێکتار (33%) بەهۆی کرێی ئاو بۆ ئاودێری و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی گلدانەوەی ئاو بۆ ئاودێری. پلانەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو داوای وەبەرهێنانی گەورە دەکات، چونکە نیازیان هەیە برێکی زۆر زیاتر ئاو گلبدەنەوە لەوەی کە پێویستە بۆ ئاودێری کردنی250,000 هێکتارا (150,000 هێکتاری ئێستا و100,000 هێکتاری نوێ). لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە وەبەرهێنان لە کۆکردنەوەی ئاودا وەک یەکێک لە ئەولەویەتەکان قبوڵ دەکات (2.88 ملیار دۆلار)، بەلام ئەولەویەتی نزمتری داناوە بۆ ئەوانی تر (3.8 ملیار دۆلار)، ئەگەرچی هێشتا وەک بەشێک لە پرۆگرامی پێشنیارکراو دانراوە (بڕوانە شێوەی 14).

بەهۆی چەندین فاکتەری پێکەوە بەستراوەوە، ئاستی کارایی و بەرهەمداری کەرتی کشتوکاڵ هێشتا نزمترە لە ئاستی خوازراو. بەرەوپێشبردن و مۆدێرنکردنی ژێرخانی کشتوکاڵ، لەگەڵ تۆڕەکانی ئاودێری، زۆر گرنگن بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمداری کشتوکاڵ. وەبەرهێنانی پێویست زۆر گەورەیە و بەربەستی کردارەکی دەخاتە پێش جێبەجێکردنی کاریگەر لە ماوەی کورتدا بەهۆی کەمی تواناکانەوە. کۆی وەبەرهێنانی پێویست دەگاتە زیاتر لە یەک ملیار دۆلار وەک لە خوارەوە روونکراوەتەوە.

25 - جگە لە ئیدارەی گەرمیان، کە دەگاتە هێکتار 15,822 زەوی پشت بەستوو بە ئاودێری و300,151 هێکتار زەوی پشت بەستوو بە ئاوی باران.

## کەلێنەکان

سەرەڕای چەندین کەلێن و کێشەی سەرەکی ئەم راپۆرتە ئەمانەی دیاریکردوە:

- خراپی یان نەبوونی پلانی درێژخایەن لەسەر بنەمای بەڵگە بۆ ئەم کەرتە. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی ئامانج بەرزی هەیە بۆ زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ و زیادکردنی ئاودێری لە150,000 هێکتار بۆ250,000 هێکتار.
- رێسای نەگونجاو و کۆن کە لەگەڵ بەرەوپێشچوونەکانی ئەم کەرتەدا ناگونجێن.
- خراپی و ناکارایی ژێرخانی کشتوکاڵ وەک تۆڕ و سیستەمەکانی ئاودێری.

توێژینەوەی هایدرۆلۆجی تازە نییە بۆ هەرێم و خەملاندنی دروست نییە لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی، کە پێویستە رێنمایی بەکارهێنان و سنووردارکردنی بەکارهێنانی ئەم سەرچاوە بەنرخە بکات. هاوکات ئاوی ژێرزەوی رووبەرووی کەمبوونەوەی گەورە بووە وەک لە خشتەی ئاوی ژێرزەویدا نیشاندراوە (20-40 مەتر لە هەندێک شوێنی هەرێم) هەروەها بەهۆی زیادبوونی رێژەی خوێ لە خاکدا. بەلام هێشتا بیرهەڵکەندن (یاسایی و نایاسایی) بەردەوامە لە هەرێمی کوردستان، کە مەترسیەکی گەورەیە لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی.

ئەم کەرتە زیاد لە پێویست کۆمەک دەکرێت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە. کۆمەکەکانی ئێستا زیاترە لە 250 ملیۆن دۆلارە و بریتین لە: کۆمەک بە بەرهەمهێنانی رووەک (50-60%ی کۆی بەرهەمەکان) بە بری زیاتر لە 200 ملیۆن دۆلار، لەمە کۆمەک بۆ بەرهەمهێنانی گەنم (دەگاتە 300 دۆلار بۆ یەک تەن کە لە ساڵی 2011 بری 500, 000 تەن بەرهەمهاتبوو) و دەگاتە 150 ملیۆن دۆلار؛ کۆمەک بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکان (پرکردنەوەی 40%ی تێچوو[26]، بە گوژمەی 20 ملیۆن دۆلار)؛ و کۆمەک بۆ پێداویستیە کشتوکاڵیەکانی وەک تۆو، پەین، قرکەر، هتد) بە گوژمەی 30 ملیۆن دۆلار . هاوکات چەندین کۆمەکی تر هەیە وەک بەگەرخستن، راگرتن و تێچووی کارپێکردنی ئاودێری و موچەی کارمەندان. ئەم کۆمەکانە شایانی درێژەپێدان نین و کاریگەری بەردەوامیان دەبێت لەسەر بودجە.

کەمبوونەوەی دانیشتوانی ناوچە کشتوکاڵیەکان و ئەوانەی کاری کشتوکاڵ دەکەن، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، کاریگەری هەیە لەسەر بریاردان لە رێژەی ئاودێری پێویست. بەلام مۆدێرنکردن و بەکارهێنانی سەرمایەی زیاتر (لەگەڵ کارمەند و تەکنەلۆجیای کۆکردنەوەی ئاو) زامنی بەرهەمی زیاتر دەکەن بە بەکارهێنانی ژمارەیەکی کەمی خەڵک. بەدەرلەمە، کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی گوندەکان گەشەی ئەم کەرتە سنووردار دەکات، لەبەئەوە پێویستی بە ژێرخان و (گلدانەوەی ئاو) کەمدەبێتەوە.



راهێنانی جوتیاران

26 بەپێی بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

## ڕاسپاردەکان

**سیاسەت:** پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کشتوکاڵی کۆمەککراوەوە بڕوات بەرەوە کشتوکاڵی کێبەرکێی. گەورەترین کێشەی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە نەبوونی سیاسەت، ڕێسا و ڕێنمایی گونجاو. سیاسەتی لەم جۆرە مامەڵە دەکات لەگەڵ بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراک و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لەرێگەی وەبەرهێنانەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی خواستە گشتیەکانی پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەلایەتی هەرێم و پاراستنی ژینگە. ئەمە پێویستی بە پلاندانانی درێژخایەن هەیە بۆ ئەم کەرتە بەشێوەیەکی تەبا لەگەڵ پلانی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان و دەبێتە تەواوکەری پلانی پەرەپێدانی نیشتیمانی لە عێراق، بەتایبەیی لە بواری پاراستنی کواڵیتی ئاوە هاوبەشەکانی وەک ڕووبارەکان. پێویستە پلاندانانی ستراتیژی مامەڵە بکات لەگەڵ پێداویستیەکانی وەبەرهێنانی ئەم کەرتە و سیاسەت و ستراتیژەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی، کێشەکانی زەوی، کۆمەکەکانی ئەم کەرتە، بەکارهێنانی ئاو بۆ کشتوکاڵ خزمەتگوزاریەکانی فێرکردن و بە بازاڕکردن.

پێویستە بەرهەمە کێبەرکێکارەکان ڕەچاو بکرێ وەپێویستی بە وەبەرهێنانی گەورە هەیە بۆ ئەوەی میتودی کشتوکاڵ و ئاودێری تازە داهێنرێ

**وەبەرهێنان:** لەکاتێکدا کە وەبەرهێنانی گەورە پێویستە، پێویستە بەشێک بن لە پلانی درێژخایەن بۆ پەرەپێدان، بەتایبەتی وەبەرهێنانی پێویست بۆ:

- ڕاهێنان و بونیاتنانی توانا
- توێژینەوە و فێرکردن
- پاڵپشتی کردنی بەرەوپێشبردنی تەکنیک و شێوازەکانی کارکردن لە کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری

### شێوەی 14. وەبەرهێنانی خەمڵێنراو بۆ کەرتی کشتوکاڵ، 2013-2020

**کۆی گشتی US$ 1,197 ملیۆن**




سەرچاوە: خەملاندنەکانی توێژینەوە

### ئەولەویەتیەکانی وەبەرهێنان لە کشتوکاڵ – وەبەرهێنانی ساڵانە (ملیۆن دۆلاری ئەمریکی)

| چالاکی وەبەرهێنان | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| کشتوکاڵ | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| توێژینەوە لە سیاسەتەکان و یاساکان | 30 | 7 | 37 |
| جێبەجێکردنی پرۆژەکان | 1,025 | 135 | 1,160 |
| **کۆ** | **1,055** | **142** | **1,197** |

وەبەرهێنان لەو سێ بوارەی ئاماژەیان پێدرا، پێویستە لە پلانی پێشنیارکراودا جێگەی بکرێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی توانا و سەرچاوە مرۆییەکان و ژێرخانی کەرتێکی کشتوکاڵی مۆدێرن. وەبەرهێنان زۆر گرنگە، چونکە ئایندەی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان پێویستە لەرووی ئابوری و کرێکارەوە گونجاو بێت، بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی ئەوانەی کاری کشتوکاڵ دەکەن و لە گوندەکان دەژین.

ئەو پلانانەی بۆ ئەم کەرتە ئامادەکراون لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە، ئامانجی زۆر بەرزیان هەیە و پێویستیان بە سەرچاوەی زۆر، توانای تەکنیکی زۆر، چاکسازی لە کەرتی ئاو و کاتی پێویست دەبێت بۆ بەدیهێنانیان. روونە کە جێبەجێکردنی پلانی بەردەوامی (2009-2013) رووبەڕووی چەند گرفت و بەربەرستێک بۆتەوە وەک دواکەوتنی بودجە، کە بۆتە هۆی جێبەجێکردنی تەنها 25%ی پلانەکە هەتا ئێستا. بڕی وەربەرهێنانی خەمڵێنراو بۆ سالانی 2013-2018 زۆر گەورەیە و پێویستی بە سەرچاوەی تەنیکی زۆر و کاری هەماهەنگی زۆر هەیە (بەتایبەتی لەنێوان دوو بەشەکەی وەزارەت، کشتوکاڵ و ئاو، لەکاتی دیزاین، گرێبەستکردن و دروستکردندا). هاوکات کاتی پێویست بۆ دیزاین و بیناکردنی بەنداو زۆر کەم دانراوە. خەملاندنی گونجاو ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە لانیکەم 10 ساڵ هەیە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی گلدانەوەی1,700 ملیۆن مەتر سێجا ئاو، واتا تا پاش 2020.

دارشتنی سیاسەت، رێسا و رێنمایی بۆ ئەم کەرتە، سوودی زۆری دەبێت لە مەودای دووردا، بەلام تەنها ئەگەر هەماهەنگی هەبێت و بەشێوەیەکی گونجاو جێبەجێ بکرێن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک دەستەی ژینگە و بەشی سەرچاوەکانی ئاو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ.

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی نوژەنکردنەوەی تۆرەکانی ئاودێری و دروستکردن و فراوانکردنی ژێرخانی بەبازارکردن (دانانی شوێنی ساردکەرەوە، ئۆتۆمبیلی گواستنەوە کە ساردکەرەوەی هەبێت و شوێنی لە پاکەتنان و پلەبەندی) دڵنیایی بکات لە دروستبوونی کێبەرکێ لە کەرتی کشتوکاڵی هەرێمدا.

ئەم وەبەرهێنانە زۆر گرنگن بۆ راگرتنی ئاستی پەرەپێدانی پێشبینیکراوی ئەم کەرتە لە داهاتوودا، بەلام پێویستی بە جێبەجێکردن، چاودێریکردن و بەدواداچوونی پێویست هەیە.

کۆی وەبەرهێنانی خەمڵێنراو کە پێویستە بۆ دروستکردنی کەرتێکی کشتوکاڵی کێبەرکێکار و گونجاو لەرووی ئابووریەوە دەگاتە1,197 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، لەکاتێکدا کە6,708 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی پێویستە بۆ بەرێوەبردنی ئاو و وەبەرهێنان لە ئاودێریدا.

## کاریگەریەکان لەسەر ژینگە:

- پێویستە وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ بە قەبارەیەک بێت و بەشێوەیەک بڕیاری لەسەر بدرێت کە نەبێتە هۆی وشککردنی ئاوی ژێرزەوی.
- پێویستە تۆڕی چارەسەرکردنی ئاوی ئاودێری هەبێت پێش ئەوەی بخرێتە ناو سەرچاوە ئاویەکانەوە.
- پێویستە تۆوی رووەک و رەچەڵەکی ئاژەڵە ناوخۆییەکان بپارێزرێن و بەرەوپێش ببرێن لەجیاتی هێنانی تۆوی بەرهەمدارتر و رەچەڵەکی ئاژەڵی بیانی چاککراو. ئەمە دەبێتە هۆی پاراستن و راگرتنی ژینگە.

کۆمەکە کشتوکاڵیەکان کە ناتوانترێت درێژەیان پێبدرێت: کۆمەکەکان زۆرن ناتوانرێت درێژەیان پێبدرێت. پێویستە ئەم کۆمەکانە قۆناغ بە قۆناغ بوەستنرێن.

### بەرەوپێشبردن و مۆدێرنکردنی ژێرخانی کشتوکاڵ، لەگەڵ تۆڕەکانی ئاودێری، زۆر گرنگن بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەمداری کشتوکاڵ



## شێوەی15. وەبەرهێنانی خەملێنراو بۆ سەرچاوەکانی ئاو و ئاودێری، 2020-2013

### کۆی گشتی US$ 6,708 ملیۆن




سەرچاوە: خەملاندنەکانی توێژینەوە

(ئەولەویەتیەکانی وەبەرهێنان لە سەرچاوەکانی ئاو و ئاودێری – وەبەرهێنانی ساڵانە ملیۆن دۆلاری ئەمریکی)

| چالاکی وەبەرهێنان | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| سەرچاوەکانی ئاو و ئاودێری | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| سیاسەتەکان، ستراتیژەکان و یاساکان | 8 | 0 | 8 |
| توێژینەوە و هەڵسەنگاندن | 20 | 0 | 20 |
| جێبەجێکردنی ئەولەویت 1 | 1,755 | 1,125 | 2,880 |
| جێبەجێکردنی ئەولەویت 2 | 1,600 | 2,200 | 3,800 |
| **کۆ** | **3,383** | **3,325** | **6,708** |

# کەرتی پیشەسازی



## کەرتی پیشەسازی

پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان بە تەواوی تایبەتە،پاڵپشتی حکومەت بۆ پیشەسازی (لەگەڵ کەرتەکانی تری بەرهەمهێنان کە کەرتی تایبەت وەبەرهێنانی تێدا کردوە) بەگشتی لەرێگەی مۆڵەتدانەوە دەدرێت کە حکومەت (لەرێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە) ژێرخان دابین دەکات لەگەڵ زەوی بۆ پرۆژەکە یان داوا دەکات پرۆژەکە لە یەکێک لە زۆنە پیشەسازیەکان جێگیر بکرێت، کە ژێرخانی بنەرەتی پێویستیان هەیە. تیمی توێژینەوەکە تەنها بایەخی دەدا بە ژێرخان، بەلام پێداچوونەوەیەکی گشتی دۆخی کەرتی پیشەسازی ئەنجامدرا و هەندێک پێشنیار گەلاڵە بوو، ئەگەرچی ناکرێت وەک مامەڵەی تەواو هەژماربکرێن.

### پوختەی هەلومەرجەکە

هەرێمی کوردستان توانای گەشەی پیشەسازی هەیە؛ توانای هەیە بۆ دروستبوونی هێزێکی کاری جێگیر بەهۆی رێژەی بەرزی گەشەوە (کە دەکەوێتە نێوان 3% و 4.5% گەشەی ساڵانە) و کەرتی نەوت و گاز بەشێوەیەکی خێرا پێشدەکەوێت کە دەتوانێت ببێتە هۆی گەشەی بەرفراوان لە کەرتی پیشەسازیدا بەگشتی، چونکە پێویستی بە کالاّ و خزمەتگوزاری کوالێتی بەرز هەیە.

### شێوەی 16. کۆمپانیا بچووک ومامناوەندیەکان لە کوردستان، 2011




حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشنایە بە گرنگی پەرەپێدانی پیشەسازی. لە ساڵی 2011 مۆڵەتدراوە بە2,534 پرۆژەی پیشەسازی تایبەت. نزیکەی1,500 کارگەی تر هەیە کە لە دروستکردندان یان چاوەڕوانی کۆمەک دەکەن پێش ئەوەیدەستپێبکەن.[27]

لەکاتێکدا کە تەنها 114 لەم کارگانە وەک گەورە پۆلێنکراون، 10% (263) مامناوەندین، و زۆرینە 85% (2,157) بچووکن. 53%ی پرۆژەکان دەکەونە پارێزگای هەولێر، 31% سلێمانی و 16% دهۆک .[28]

یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی کوردستان زیاتر لە8,000 ئەندامی چالاکی هەیە لە2,700 کۆمپانیاوە لە سەرانسەری هەرێمدا، ژوور هەیە لە هەموو شارە گەورەکان و چالاکانە بەشداری دەکەن لە نوێنەرایەتی کردنی ئەندامانیان.[29]

دەستەی وەبەرهێنان لە ساڵی 2006 دامەزراوە بەپێی یاسای وەبەرهێنان ژمارە 4ی (2006)، کە پاڵپشتی پێشکەش دەکات بە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لە زۆربەی کەرتەکان (جگە لە کەرتی نەوت و گاز) بەلام کەرتی پیشەسازیش دەگرێتەوە، دەستەی وەبەرهێنان شێوازی مۆڵەتدانی خێرا پەیرەو دەکات، کە لە ساڵی 2007 دەستیپێکردوە

27 سەرچاوە: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.
28 سەرچاوە: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.
29 http://www.rudaw.net/english/kurds/4928.html

بۆ ڕێخۆشکردن بۆ جێبەجێکردنی یاسای وەبەرهێنان. دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی داوە بە 428 پرۆژە تا کۆتایی ئەیلولی 2012. نزیکەی 21.9 ملیار دۆلار سەرمایەگوزاری کراوە، لەمە 17.17% بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی 52.16% بۆ پەرەپدانی بیناسازی. هەموو کەرتەکانی تری وەک کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، پرۆژە بازرگانیەکان، تەندروستی و پەروەردەی تایبەت و هتد، 30.67%ەکەی تریان بۆ تەرخانکراوە. حکومەتی هەرێم هەوڵ دەدات بڕی 450 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان بکات بۆ پاڵپشتی کردنی کەرتی پیشەسازی لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا.

## شێوەی 17. دابەشبوونی کارمەندان بەپێی قەبارەی کۆمپانیا، 2011




لە ساڵی 2011، بڕی1,390 ملیۆن دیناری عێراقی وەبەرهێنان کراوە لە دروستکردنی کارگەی چیمەنتۆدا، بە ڕێژەی 87% لە کۆی سەرمایەی وەبەرهێنراو لە سلێمانی و 65% لە کۆی سەرمایەی وەبەرهێنراو لە هەرێم (ئەمەش بۆتە هۆی کەمبوونەوەی وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی تر 21% بۆ پرۆژە گەورەکان، و 6% بۆ پرۆژە مامناوەندیەکان و 8%[30] بۆ پرۆژە بچووکەکان ).

### دامەزراندنی پیشەسازی لەسەر دەرامەت دەرفەتی سەرکەوتنی گەشاوە(نەوت، چیمەنتوو، کانزا)

لە لایەکی ترەوە ئەم کارگە تازانەی چیمەنتۆ تەنها 2,400 کەسیان بەکارخستوە، یان نزیکەی 11%ی هێزی کاری نوێ، لەکاتێکدا کە کارگە گەورەکانی تر4,932 کەسیان بەکارخستوە (23%)؛ کارگە مامناوەندیەکان3,264 کەس (15%) و کارگە بچووکەکان10,890 کەسیان بەکارخستوە (51%). دابەشبوونی کارمەندی ناوخۆیی و بیانی بەردەست نەبوو، بەڵام کارگە گەورەکانی تر ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی کە زۆربەی کادرە تەکنیکیەکان بیانین.

نزیکەی21,500 کاری پیشەسازی نوێ دروستکراوە، نزیکەی دوو هێندەی ژمارەی کارەکان لە کەرتی خزمەتگوزاری؛ لەبەرئەوە پێدەچێت کە پەرەپێدانی پیشەسازی لە ساڵی 2011 گەشەی سالانەی هێزی کاری هەرس بکردایە ئەگەر هەموو کارمەندەکان ناوخۆیی بوونایە.

**زۆنە پیشەسازیەکان:** بودجەی حکومەت بۆ ساڵی 2012 بڕی 180 ملیار دیناری عێراقی تەرخانکردوە بۆ پرۆژەکانی دروستکردنی زۆنە پیشەسازییەکان. چوار زۆن لەسەر ڕووبەری5,050 دۆنم زەوی دروست دەکرێن لە ناو یان نزیک شارە سەرەکیەکان لەسەر بنەمای پلاندانانی ورد و پلانی بەکارهێنانی زەوی و ماستەپلانی شارەکان.[31]

---

30 زانیاریەکان دابینکراون لەلایەن کاربەدەستانی دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەکاتی کۆبوونەوەکاندا لە مایس و حوزەیرانی 2012، لیست و بەرواری چاوپێکەوتنەکان هاوپێچکراوە لەگەڵ بەشی ژینگە.

31 پلانی بەکارهێنانی زەوی لە دهۆک، ماستەرپلانی هەولێر و ماستەرپلانی سلێمانی

## کەلێنەکان

چەند بەربەستێکی سەرەکیی هەیە کە ڕێگرن لە پەرەپێدانی بەردوام و خێرای کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان. لەلایەکی ترەوە، ژێرخانێکی دواکەوتوو هەیە لە بوارەکانی گواستنەوە، نەگونجاوی دابینکردنی ئاو و کارەبا، کەموکوری شوێنە پێویستەکانی وەک کۆگا و ساردکەرەوە بۆ بەروبوومە کشتوکاڵیەکان. کۆدەنگی هەیە لەسەر نەبوونی شارەزایی و توانای تەکنیکی و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت پارەی بیمەی کۆمەلایەتی نادەن، بەمەش نابنە جێگەی سەرنجی کارخوازان. لەمەش زیاتر، ئابوری زۆر پشت دەبەستێت بە هاوردەکردن، ئەمەش بازاڕی ناوخۆ ڕووبەڕووی ناسەقامگیری دەکاتەوە.

**نەبوونی دەستگەیشتن بە دامەزراوە داراییەکان گەورەترین بەربەستە بۆ پەرەپێدانی ئەم کەرتە.** پێویستە بازرگان و پیشەسازکاران خۆیان تەمویلی پرۆژەکانیان بکەن یان پشت ببەستن بە قەرزی خێزانەکانیان. هەروەها وەبەرهێنەران ساردەبنەوە بەهۆی نەبوونی بیمە و قەرز و ئاڵۆزی کارە ئاساییەکانی بانک..

ژێرخانێکی دواکەوتوو بەربەستێکی سەرەکیی کە ڕێگرە لە پەرەپێدانی بەردوام و خێرای کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان

## نەگونجاوی ژێرخان:

- سیستەمی گواستنەوەی گشتی بەربەرستێکی گەورەیە و ناتوانێت خزمەتگوزاری گواستنەوەی گونجاو دابین بکات بۆ کارمەندانی کارگەکانی زۆنە پیشەسازیەکان لە هەولێر، دهۆک و سلێمانی. بەدیلی ئەمە، دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەرە، کە لە دەیەی ڕابوردودا پشتگوێ خراوە.

- پێویستە خزمەتگوزاریەکانی ژێرخان بەهەماهەنگی دابین بکرێت لە هەر چوار زۆنە پیشەسازیەکەی نزیک شارە گەورەکانی سێ پارێزگاکە. دەتوانن وەک بنەمایەک خزمەت بکەن بۆ پەرەپێدانی پرۆژەی جیاوازی پیشەسازی و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی لە کەرتی پیشەسازیدا.

**کەمی شارەزایی و توانای پێویست:** وەبەرهێنەران کێشەیان هەیە لە دۆزینەوەی کارمەندی شارەزای ناوخۆیدا. لەبەرئەوە نزیکەی ٢٠%ی هێزی کاری کارگە بیانی یان هاوبەشەکان بیانین (تورک، عەرەب، هیندی، هتد). ڕاهێنانی پیشەیی زیاتر و بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی پێویستن بۆ دروستکردنی خواستی گشتی بۆ ڕاهێنان، بۆ ئەوەی دابینکردنی هێزی کاری ناوخۆیی زیاتر بکرێت بۆ وەبەرهێنەرانی داهاتوو. هانی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی دەدەین ڕەچاوی هاوبەشی بکەن لەگەڵ خاوەنکارەکان و ڕێکخراوەکانی نوێنەرایەتیکردنی کۆمپانیاکان (ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی، سەندیکا پیشەییەکانی وەک ئەندازیاران و ڕووپێوکاران)، بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە دووبارە داڕشتنەوەی ستستەمی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی (بڕوانە بەشی ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی).

**تۆمارکردنی** کۆمپانیا تازەکان، ئەگەرچی تاڕادەیەک ساکارە، هێشتا زۆر درێژخایەنە و کاتی زۆری دەوێت.

**داتا و ئامارەکان** کۆنن و شایانی پشت پێبەستن نین، بەتایبەتی بەهۆی ئەوەی کە کۆمپانیا تایبەتەکان ئەرکی یاساییان لەسەر نییە ڕاپۆرت بدەن لەسەر داتای بەرهەمەکانیان و بەکاربردنیان و بەرهەمهێنانی. پیسبوون و پاشەڕۆ، ڕووداو کارەساتەکان، هتد. پێویستە چوارچێوەیەکی یاسایی دابنرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ئامار و کۆکردنەوەی داتا و پاراستنی داتاکان.

**بازرگانی سنوور** یەک لایەنەیە. لە ساڵی 2011 وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی2,695 مۆڵەتی هاوردەکردنی داوە بە بەهای 47 ملیار دۆلاری ئەمریکی. بەلام تەنا 113 مۆڵەتی هەناردەکردن دراوە لەهەمان ساڵدا. پاڵپشتی حکومەت پێویستە بۆ هاندانی هەناردەکردن و هاوکاری تر لەڕێگای یارمەتیدانی بازرگانی بیانیەوە لەڕێگەی ڕێککەوتنی دوولایەنە و هاوکاری نێوان سنوورەکان لە ناوچەکەدا. پاڵپشتی بەرایی بۆ هەناردەکردن، یارمەتیدەر دەبێت دروستبوونی کاڵای بەهادار و کێبەرکێکار، کە دواتر دەکرێت بەرفراوانتر بکرێت. مەرج نییە پاڵپشتی تەنها کۆمەکی دارایی بێت – دەکرێت پاڵپشتیکردن بێت بۆ بەشداریکردن لە پێشانگاکانی دەرەوە و دەستنیشانکردنی کڕیاری دەرەکیی و پاڵپشتی گواستنەوە و زمان، هتد.

• هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم سامانی کانزایی زۆریان هەیە جگە لە نەوت و گاز (وەک مس، کرۆم، نیکل، مەنگەنیز، زینک، گەچ، جیپسم، بەردی مەڕمەڕ و هتد)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەرێم سامانێکی زۆری دەستلێنەدراوی هەیە.

• بەربەستی تری وەک نەبوونی ستانداردی یەکگرتوو لە بوارەکانی سەلامەتی تەکنیکی، ژینگە و ستانداردەکانی کوالیتی کۆنترۆڵ، و ستانداردەکانی تەندروستی و سەلامەتی و نەبوونی بیمە بۆ کارگەکان و کارمەندان.

| پرۆگرامی وەبەرهێنان | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| پیشەسازی | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| توێژینەوە و پەرەپێدانی دامەزراوەیی | 58.4 | - | 58.4 |
| پاڵپشتی ژێرخان بۆ پیشەسازی | 349.3 | 28 | 377.3 |
| **کۆ** | **407.7** | **28** | **435.7** |

*شێوەی 18. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆ ژێرخانی پەیوەست بە پیشەسازیەوە 2013-2020*




سەرچاوە: خەمڵاندنەکانی توێژینەوە



### ڕاسپاردەکان:

• ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی ستراتیژی بۆ پەرەپێدان کە لەڕووی ژینگە و ئابوریەوە بەردەوام بێت لە بواری پیشەسازیەکانی دەرهێنان و دەستکردن بە داڕشتنی پرۆگرامی جیۆلۆجی و گەڕان.

- پاڵپشتیکردنی پرۆگرامەکانی تواناداركردن (وەک ئەوانەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی (ILO) یان ڕێکخراوی پەرەپێدانی پیسەسازی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNIDO) کە یارمەتی کۆمپانیا بچووکەکان دەدەن زاڵ بن بەسەر بەربەستەکاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پرۆژەی بچووک یان تاکەکەسیی.

- ئەنجامدانی توێژینەوەی شایستەیی بۆ هاوکاری نێوان سنوورەکان لەگەڵ ناوچە سنووریەکانی وڵاتانی دراوسێ و ئامادەکردنی پرۆگرامی دروستکردنی هاوکاری نێوان سنوورەکان.

- پەرەپێدانی کەرتی دارایی لە هەرێم. پێویستە بانک دابمەزرێت بۆ قەرزدان بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی. بەڵام تا ئەو کاتەی خزمەتگوزاریەکانی بانکی بەرەوپێش دەچن (کە ئەمە بەرپرسیارێتی بانکی ناوەندی عێراقە) و مەترسیە سیستەماتیکەکان کەمدەکرێنەوە، سەختە پێشبینی بەرفراوان بوونی قەرزی مەودا ناوەندی و دوورمەودا بکرێت بۆ پرۆژەکان. دروستکردنی بانکی پەرەپێدانی حکومەتی هەرێم شتێکی شیاوە، بەڵام پێویستە کێشەی سەرچاوەکان و کارمەندی شارەزا یەکلایی بکریتەوە.

- داڕشتنی چوارچێوەی یاسایی بۆ پاڵپشتی کردنی کواڵیتی کۆنترۆڵ و جێبەجێکردنی بڕوانامەکانی کواڵیتی لەسەر کاڵا و خزمەتگوزارییە ئاڵوگۆڕکراوەکان.

- پێویستە کۆمپانیا تایبەتەکان ڕەچاوی پێشکەشکردنی بیمەی کۆمەلایەتی بکەن بۆ کارمەندانیان، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی کارمەندی شارەزای ناوخۆیی دەدەن. بەڵام لەوانەیە باشتر بێت ئەمە نەکرێتە زۆرەملێ، چونکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا دۆزینەوەی کارمەند ئاسان نییە پاش ئەوەی ڕێوشوێنی توندی بیمەی کۆمەلایەتی سەپێنرا کە بووە هۆی گرانبوونی هێزی کار و جووڵەی زیاتری کارمەندان.

- پەرەپێدانی پرۆسەکانی مامەڵەکردن و دەرهێنانی پێکهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێم بۆ ئەوەی سەرچاوەکان بەهایان زیاتر بێت پێش فرۆشتن و دەرفەتی کاری زیاتر دروست دەبێت بۆ دانیشتوان.

- دەستنیشانکردنی بەرهەمە کێبەرکێکارەکان (لەوانەیە لەڕێگای سەیرکردنی ئەو شتانەی کە زۆر هاوردە دەکرێن) و پەرەپێدانی پرۆگرامی پاڵپشتی بۆ ئەمانە لەڕێگای پەرەپێدانی کۆمپانیا گەورە، بچووک و مامناوەندیەکانەوە.

- پاڵپشتی کردنی پرۆگرامەکانی پەروەردەی تەکنیکی و پیشەیی لەسەر بنەمای ستانداردە نێودەوڵەتیەکان بەهاوکاری لەگەڵ کەرتی تایبەت.

# کارەبا



**بەکاربردن زۆر زیادەڕۆیی تێدایە، زیاترە لە 10,000 کیلۆوات/ساڵ/یەکە**

# کارەبا

## پوختەی هەلومەرجەکە

دەستگەیشتن بە کارەبا لە هەرێمی کوردستان تارادەیەک گشتیە، و توانای بەرهەمهێنان گونجاوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی جگە لە چلەی زستان کاتێک لۆد زیاد دەکات بەرهۆی گەرمکردنەوەوە. بەکاربردن زۆر زیادەڕۆیی تێدایە، زیاترە لە10,000 کیلۆوات/ساڵ/یەکە بەهۆی کەمی کرێ کارەباوە. کرێ پاڵپشتیکراوەکان و لەدەستچوونی زۆری کارەبا[32] لەکاتی گواستنەوەدا لە گرنگترین کێشەکانن ، و دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی خواست و دواجار دەبنە هۆی بەرفراوانترکردنی سیستەمەکە و وەبەرهێنانی زیاتر. هاوکات لاوازی هەیە لە بوارەکانی دامەزراوەیی و داراییدا (ئەدای لاوازی دانان و وەرگرتنی کرێ، هێزی کار توانای لەخوار ئاستی پێویستەوەیە) ئەمانە لەوانەیە ببنە هەڕەشە لەسەر بەردەوامی دابینکردنی کارەبا. نەبوونی یاسای کارەبا و چوارچێوەی ڕێکخستن، لەگەڵ نەبوونی پلانی ستراتیژی و سیستەمی چاودێری پێشکەوتن، بریتین لە بەربەستە سەرەکییەکان. لەماوەی چەند ساڵی ڕابوردودا، پێشکەوتنی بەرچاو بەدیهاتوە لە بواری بەدیهێنانی دابینکردنی کارەبادا. لەئێستادا، کارەبا بۆ ماوەی 22 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا دابین دەکرێت، و نزیکەی 98%ی خێزان و کۆمپانیاکان بەستراونەتەوە بە سیستەمەکەوە. بەلام هێشتا کەموکوری ماوە، بەتایبەتی لەکاتی وەرزی زستاندا و خواست لەسەر کارەبا بەخێرایی زیاد دەکات، بەهۆی نەگونجاوی کرێ و بەهۆی ئەوەی کە نیوەی کارەبای بەرهەمهێنراو بەفیڕۆدەڕوات لە گواستنەوەدا.

**شێوەی 19. خواست لەسەر کارەبا لە هەرێمی کوردستان**




## خواست

گریمانەکانی ماستەرپلانی کەرتی کارەبا (2009)، ڕێژەی خەمڵێنراوی خواستی ساڵانەی 7.7% هەتا 2020 زۆر زیادی کردوە و گەیشتۆتە 15.2%. بەرزترین ئاستی خواست لە ساڵی 2011دا گەیشتە2,800 مێگاوات و3,100 مێگاوات لە ساڵی 2012. لەوانەیە بەرزببێتەوە بۆ6,000 مێگاوات لە ساڵی 2016 و لەوانەیە بگاتە10,000 مێگاوات تا 2020، مەگەر کرێی بەرزتر و کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون بتوانن ئەم گەشەیە هێواش بکەنەوە. بەکاربردنی ماڵان بریتیە لە 60%ی ئەم کۆیە.

ئەم گەشە گەورەیەی خواست لەسەر بەرهەمهێنانی کارەبا تەنها ڕەنگدانەوەی پەرەپێدان نییە، بەڵکو هاوکات ڕەنگدانەوەی بەفیڕۆچوونی تەکنیکی و ناتەکنیکی کارەبایە لە سیستەمەکەدا. خواست لەسەر توانای بەرهەمهێنان تارادەیەکی باش کەمدەبێتەوە ئەگەر کرێی کارەبا زیادکرا و بەفیڕۆچوونەکان کەمکرانەوە.

32 بنەمای ئەم گفتوگۆیە بریتیە لە چەندین چاوپێکەوتن لەگەڵ کارمەند و بەرپرسانی وەزارەتی کارەبا و بلاوکراوەکانی وەزارەتی کارەبا. نزیکەی 43%ی کارەبا بەفیڕۆدەچێت لەکاتی گواستنەوە، دابەشکردن و لەدەستچوونی ناتەکنیکی.

## بەرهەمهێنان

لە ئێستادا ڕێژەی 80%ی توانای بەرهەمهێنان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە خاوەندارێتی دەکرێت و 20% لەلایەن حکومەتەوە، ئەگەرچی هەندێک لەمە دراوە بە بەگەرخەری تایبەت کە ٣ وێستگەی بچووکی گازی بەڕێوەدەبەن کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە سەرەتای سالانی 2000دا دابینکراون. زۆربەی توانای بەرهەمهێنان لە وێستگە سووتەمەنیەکانەوە دێن (GTSC[33] and RE[34]) لەکاتێکدا کە وێستگە ئاوییەکان بڕێکی کەم دابین دەکەن (نزیکەی 6-7%). هاوکات بەرهەمهێنەری تایبەتی وزە لەسەر بنەمای دابینکردن بەشێوەی "وەرگرتن یان پارەدان" بەرامبەر ڕێککەوتنی کڕینی وزە. بەپێی ئەم ڕێکخستنە، حکومەتی هەرێم سووتەمەنی دابین دەکات بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ بەرهەمهێنەری تایبەت و ئەوانیش کارەبا دابین دەکەن بە نرخی٣,٥٩ سەنت بۆ یەک کیلۆوات.

شێوەی 20. پێشکەوتنی توانای بەردەست (2009-2012)




وێستگەی وزە بە سووتەمەنی: کۆی توانای بەرهەمهێنانی وێستگە گازییەکانی وەزارەتی کارەبا بریتیە لە 203 مێگاوات، بەلام کۆی توانای بەردەست تەنها 48 مێگاواتە. زۆربەی وێستگە گازییەکان تەمەنیان دەگاتە 10-15 ساڵ و پێویستیان بە نوژەنکردنەوە یان داخستن هەیە (دوو لە سێی وێستگە گازییەکان نوژەنکراونەتەوە).

وێستگە ئاوییەکان: لە ئێستادا دوو وێستگەی ئاویی هەیە (دوکان و دەربەندیخان). کۆی توانا دەگاتە 649 مێگاوات، بەلام توانای ڕاستەقینە تەنها 140 مێگاواتە بەهۆی کێشەی بەگەرخستن و تەنیکیەوە (وەک لەرزە لە یەکێک لە یەکەکانی دووکان) هەروەها بەهۆی وشکەساڵیەوە لە هەرێم. هاوکات وێستگەکان ئەولەویەت دەدەن بە خواست لەسەر ئاودێری نەک بەرهەمهێنانی وزە (بۆ نموونە وێستگەی دووکان لە چلەی زستاندا کارناکات بەڵکو ئاو گلدەداتەوە بۆ ئاودێری دواتر لە ساڵدا).

## گواستنەوە

لە هەرێمی کوردستان سیستەمی گواستنەوە پێکدێت لە دوو تۆری جیاواز، یەکێک لە پارێزگای دهۆک و ئەوی تر پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی[35] پێکەوە دەبەستێتەوە . تۆری گواستنەوە پێکدێت لە هێلی 132 کەی ڤی 33 کەی ڤی کە تەنها 82 وێستگەی دابەشکردن هەیە.

Gas Turbine Simple Cycle 33

Reciprocating Engine 34

35 پێکەوەبەستنەوەیەکی لاواز هەیە لەنێوان دهۆک و هەولێردا. بەلام لاوازی سیستەمی گواستنەوە کێشەیەکی گەورە نییە، چونکە لەسەر ئاستی پارێزگاکان بەرهەمهێنان پەرەپێدەدرێت و هیچ کام لە پارێزگاکان کارەبای زیادەی نییە تا بیدات بە شوێنەکانی تری هەرێم، ئەگەر وێستگەکانی ئەو شوێنانە لەکارکەوتن.

لۆدی ئێستا زیاترە لە توانای تۆڕەکانی گواستەوە و دابەشکردن. بەلام کار بەردەوامە لە جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەک بۆ درێژکردنەوەی هێڵەکان و دانانی وێستگەی دابەشکردنی نوێ. ئەم توێژینەوەیە پێشنیاری وەبەرهێنانی زیاتر دەکات لە بوارەکانی گواستنەوە و دابەشکردن.

لەگەڵ زیادبوونی توانای بەرهەمهێنان (لەوانەیە بگاتە6,000 مێگاوات لە 2020)، گواستنەوەی وزە لە وێستگەی بەرهەمهێنانەوە بۆ سەنتەرەکانی لۆد زۆر گرنگە. وەبەرهێنان لە سیستەمەکانی گواستنەوە و دابەشکردن زۆر گرنگە و پشت دەبەستێت بە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە پێویستە زۆر وریایانە بڕیاریان لێبدرێت. لە کۆتای ئەم دەیەدا، لەوانەیە پێویستی ناردنی کارەبا بۆ ناوچەکانی تری هەرێم، عێراق یان بۆ دەرەوەی عێراق قەرەبووی ئەو وەبەرهێنانە بکاتەوە کە ئێستا دەکرێت لە هێڵی گواستنەوەی بەرزدا (400 کەی ڤی).

## دابەشکردن

تۆڕی دابەشکردن بە 33 کەی ڤی کاردەکات (55 وێستگەی دابەشکردن) و 11 کەی ڤی کە کەمبوونەوەی ڤۆڵتاج دەگاتە 415 ڤۆڵت و 240 ڤۆڵت. لە ئێستا کۆی درێژی تۆڕی 33 کەی ڤی دەگاتە2,370 کیلۆمەتر.

لەماوەی نێوان 2011-2009 کارەبای کرێ بە ڕێژەی 10% زیادیکرد و سالانە25,000 کڕیاری نوێ دەبەسترایەوە بە تۆڕەکانەوە. لە ساڵی 2012 ژمارەی کڕیاران گەیشتە947,672 کڕیار. بەپێی ئامارێکی تۆڕی زانیاری عێراق (IKN) لە ساڵی 2011، ژمارەی خێزانەکانی لە هەرێمی کوردستان دەگاتە915,000 خێزان؛ ئەم ژمارەیە پێشنیاری ئەوە دەکات کە داپۆشین نزیکە لە هەمەگیر. کۆی فرۆشتنی کارەبا، بەپێی بودجەی ساڵی 2012ی هەرێم، چاوەڕوان دەکرا 187 ملیار دیناری عێراقی بێت، واتا 160 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی (نزیکەی 13 دۆلار/مانگ/یەکەی بەستراو).

گەشەی بێوێنەی خواست، فشاری زۆری دروستکردوە لەسەر تۆڕەکانی دابەشکردن و بۆتە هۆی بەفیرۆچوونی کارەبا (تەکنیکی [36] و ناتەکنیکی[37] ) بۆ زیادکردنی بۆ ئاستی 40% تا 45% وەک لە کۆتای ساڵی 2011 [38]. کەمکردنەوەی ئەم بەفیرۆچونانە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پێداویستی بە بەرهەمهێنانی کارەبای زیاتر.

**بەفیرۆچوونی تەکنیکی و دارایی بەسەریەکەوە لە *40%*ی بۆ *45%*ی کۆی کارەبای بەرهەمهاتوو**

## بەڕێوەبردنی کەرتی کارەبا

### دۆخی یاسایی و ڕێکخستن

نەبوونی ڕژێمێکی یاسایی و ڕێکخستن، لەگەڵ نەبوونی پلانی ستراتیژی و سیستەمی چاودێری بریتین لە بەربەرستە سەرەکییەکانی ئەم کەرتە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- وەزارەتی کارەبا خاوەنداریێتی کەرتی کارەبا دەکات، بەگەریدەخات و ڕێکیدەخات. ئەگەری دروستبوونی پێکدادانی بەرژەوەندی هەیە کاتێک وەزارەتی کارەبا لەیەک کاتدا بڕیاردەرە، ڕێکخەرە، بەگەرخەر و دابینکارە. نەبوونی ئاراستەی بازرگانی.
- یەکەکانی کەرتی کارەبا بەبێ هەبوونی یاسای کارەبا یان چوارچێوەیەکی ڕێکخستن کاردەکەن.

بەشداری کەرتی تایبەت لە کەرتی بەرهەمهێنانی کارەبا ڕێکخراوە بەپێی گرێبەستی دروستکردن، خاوەنداریێتی و بەگەرخستن یان دیزاین، دروستکردن و بەگەرخستن بۆ ئەو وێستگانەی لەڕێگەی وەبەرهێنانی تایبەتەوە تەمویل دەکرێن، هەروەها هەندێک ڕێککەوتنی بەگەرخستن و بەڕێوەبردن هەیە بۆ ئەو وێستگانەی کە حکومەت خاوەنداریێتیان دەکات.

- هیچ پەیوەندییەک نییە لەگەڵ بەکاربەران لە بواری خزمەتگوزاریەکانی کارەبا و نەبوونی پەروەردەکردنی بەکاربەر لەسەر بابەتەکانی وزە (ئاو و ژینگە).

---

36 بەفیرۆچوونی تەکنیکی بەشێوەیەکی سروشتی ڕوودەدات (یاساکانی فیزیا) و پێکدێت تەنها لە دزەکردنی کارەبا لەناو سیستەم و پێکهاتەکانیدا، وەک هێڵەکانی گواستنەوە و دابەشکردن (کۆنداکتەر)، ترانسفۆرمەر و سیستەمەکانی پێوانەکردن.

37 بەفیرۆچوونی ناتەکنیکی ڕوودەدات بەهۆی کرداری لە دەرەوەی سیستەمی وزە وەک دزینی کارەبا، پارەنەدان لەلایەن بەکاربەرەوە و هەڵەی پێوەرەکان، ژمێریاری و تۆمارەکان.

38 لەکاتێکدا کە بەفیرۆچوونی تەکنیکی ڕوودەدات بەهۆی کێشەکانی تۆڕ و کارکردنیەوە (کەمی وێستگەکانی گواستنەوە، درێژی و نزمی ڤۆڵتاجی تۆڕەکان و خاڵەکانی گەیاندن یان زۆربەی وێستگەکان دوورن لە سەنتەری لۆد)، بەلام بەفیرۆچوونی ناتەکنیکی ڕوودەدات بەهۆی کاری نایاساییەوە. چاودێری پێوەرەکان سنووردارە و تەنها *10%* تا *15%*ی پێوەرە دانراوەکان چاودێری دەکرێن.

## پیکهاتەی کرێ و گونجاندن

کۆکردنەوەی کرێی کارەبای فرۆشراو لەلایەن وەزارەتی کارەباوە لە ساڵی 2011 لەنێوان 45% و 75%دا بوو. هاوکات بەفیرۆچوون لە گواستنەوەدا (تەکنیکی و ناتەکنیکی)، کەمی کرێی کارەبای مالان و کریارە بازرگانیەکان یەکێکن لە هۆکارەکانی بەرزی ئاستی بەکاربردن. حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەکی گەورەی کارەبا دەکات: تێکرای کرێ بۆ ساڵی 2011 بریتی بوو لە 2.24 سەنت/کیلۆوات (مالان 1.82 و شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکان 2.55 سەنت/kWh)، لەکاتێکدا کە تێچووی بەرهەمهێنان دەگایە 15.6 سەنت/ kWh.

کرێ پاڵپشتیکراوەکان و لەدەستچوونی زۆری کارەبا لەکاتی گواستنەوەدا لە گرنگترین کێشەکانن، و دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی خواست و دواجار دەبنە هۆی بەرفراوانترکردنی سیستەمەکە و وەبەرهێنانی زیاتر.

شێوەی 21. کرێی بەکاربردنی کارەبا




Source: MOE, IEAv

### کارمەندان

ژمارەیەکی زۆر کارمەند هەیە لە وەزارەتی کارەبا (نزیکەی14,277 کەس لەگەڵ2,000 کارمەندی ئاسایش). زۆری ژمارەی کارمەندان بۆتە هۆی کەمبوونەوەی زۆری کارایی ئەم کەرتە. ڕێژەی بنەڕەتی نێودەوڵەتی بۆ بەرهەمداری بریتیە لە2,000 مێگاوات/ساڵ/کارمەند، لەکاتێکدا لە کەرتی کارەبای هەرێم (تەنانەت بە دەرکردنی بەرهەمهێنانی تایبەت) بەرهەمداری تەنها 511 مێگاوات/ساڵ/کارمەندە. ڕێژەی بنەڕەتی نێودەوڵەتی بۆ ژمارەی کڕیار بەپێی کارمەند دەگاتە 550، لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستان ژمارەکە بریتیە لە 66 کڕیار بۆ هەر کارمەندێک.

شێوەی 22. ژمارەی کڕیار بۆ هەر کارمەندێک



## کەلێنەکان

### پەیکەریکرێ و گونجاندنی کرێ

- پەیکەری ئێستای کرێ زۆر ساکارە و میتۆدی وەرگرتنی کرێ لەسەر بنەمای هیچ پێوەرێکی دەرەکیی نییە.
- پەیکەری ئێستای کرێ و کرێی بلۆک بۆ کارەبا لەسەر بنەمای توێژینەوەی گونجاو نین لە تێچووی خزمەتگوزاریەکە (خزمەتکردنی خێزان گرانترە لە خزمەتکردنی کڕیاری پیشەسازی، کەچی کرێی کارەبای پیشەسازی زیاترە).
- کۆمەکە داراییەکان[39] دەگاتە 1.77 ملیار دۆلار لە ساڵی 2011، 2.75 ئەوەندەی بودجەی تەرخانکراو بۆ پرۆژە بەردەوامەکانی کەرتی کارەبا و 55%ی کۆی خەرجییەکانی ساڵی 2011 بۆ هەموو پرۆژە بەردەوامەکان.
- کۆمەکە ئابورییەکان[40] زۆر زیاترن لە داهاتە داراییەکان و لە ساڵی 2011 گەیشتە 2.14 ملیار دۆلار.

### سەنتەرەکانی کۆنترڵ و ڕاپەڕاندن

ئەگەرچی وەزارەتی کارەبا سەرقاڵی جێبەجێکردنی سیستەمی کۆنترۆڵ و چاودێری و کۆکردنەوەی داتایە (SCADA) کە بەڕێوەبەرەکان توانادار دەکات چاودێری و کۆنترۆڵ کردن و هۆشداریدان ئەنجام بدەن لەسەرانسەری وێستگەکاندا لە شوێنێکی نێوەندیەوە، بەلام هێشتا بەڕێوەبرن و کۆنترۆڵکردنی تۆڕەکان پشت دەبەستێت بە تەلەفۆن لەگەڵ کارمەندانی وێستگەکان. سەنتەری کۆنترۆڵی ئێستا پێویستی بە گۆڕانکاری سەرتاسەری هەیە و ئەمە لە بودجەی 2013دا گوژمەی بۆ دیاریکراوە.

### گواستنەوە و دابەشکردن

سیستەمەکانی گواستنەوە و دابەشکردن بارگرانی و لۆدی زۆریان لەسەرە (هێڵی درێژی ڤۆڵتاج کەم، کەمی وێستگەکان، ناهاوسەنگی ترانسفۆمەری ڤۆڵتاج نزم و تۆڕی ئۆڤەرلۆد) بەرپرسیارن لە بەفیڕۆچوونی تەکنیکی و پێویستیان بە وەبەرهێنانی گەورە هەیە (لەڕووی دارایی و کاتەوە) لە سەرانسەری هەرێمدا.

**شێوەی 23. خواست لەسەر کارەبا لەلایەن بەکاربەرانەوە لە هەرێمیکوردستان**




---

39 هەژمارکراوە لەسەر بنەمای جیاوازی نێوان تێکڕای کرێ و تێچووی ڕاستەوخۆ لەسەر وەزارەتی کارەبا. کۆمەکی دارایی تاڕادەیەک کەمدەبێتەوە ئەگەر گازی سروشتی بەردەست بوو وەک سووتەمەنی بۆ تۆربایینە گازییەکان (کە تا ئەو کاتە کاراتر و پێشکەوتر دەبن)، بەلام کێشەی کۆمەکەکان بەردەوام دەبێت، چونکە گازی سروشتی ناوخۆیی نرخێکی کەمتری بۆ دانراوە کە دەگاتە یەک لەسەر سێی نرخە ئابوریەکەی، هەروەها چاوەڕوان دەکرێت بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادبکات.

40 هەژمارکراوە بەپێی جیاوازی نێوان کرێکان و تێچووی ئابوری (سووتەمەنی).

## راسپاردەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە چاکسازی خێرا و بنەڕەتی هەیە لە پیشەسازی کارەبادا و دروستکردنی وەزارەتێکی راستەقینە کە بەرپرس بێت لە بەڕێوەبردنی سیاسەت و ستراتیژ بەشێوەیەکی دوورمەودا. ئەولەویەت بریتیە لە بەرزکردنەوەی کرێی کارەبا و دەستکردن بە پرۆگرامی کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون. لەکاتێکدا کە چاوەڕوان دەکرێت بەرهەمهێنان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە تەمویل بکرێت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت بە گرێبەستکردن لە بواری وزە لەگەڵ بەرهەمهێنەری تایبەت (لەڕێگەی داڕشتن و جێبەجێکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی و رێکخستنی تەواوەوە)، بودجەش پێویستە تەنها تەمویلی توێژینەوەی دامەزراوەیی و سیاسەت بکات (کرێ و رێکخستنی کەرتەکە)، لەگەڵ گواستنەوە و دابەشکردن. بێگومان لە ئێستادا بودجە تەمویلی هەموو تێچووەکانی تری بەگەڕخستن دەکات.

**چاکسازی خێرا و بنەڕەتی پێویستە لە پیشەسازی کارەبادا و دروستکردنی وەزارەتێکی راستەقینە کە بەرپرس بێت لە بەڕێوەبردنی سیاسەت و ستراتیژ بەشێوەیەکی دوورمەودا**

### 1. وەبەرهێنان

پێویستە تۆڕەکانی گواستنەوە و دابەشکردن نوژەن بکرێنەوە و بەرفراوانتر بکرێن بۆ ئەوەی پرۆژەکانی بەرهەمهێنان بەباشی کاربکەن. وەک رێسایەکی بنەڕەتی 60%ی وەبەرهێنان بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان پێویستە تەرخان بکرێت بۆ نوژەنکردنەوە و بەرفراوانتر کردنی گواستنەوە و دابەشکردن.

- ئەم توێژینەوەیە کۆی وەبەرهێنانی پێویست دەخەمڵێنێت بۆ توانای بەرهەمهێنان تا 2020 بە بڕی 3.5 ملیار دۆلاری ئەمریکی، بەلام لەوانەیە زیاتر بێت.
- وەبەرهێنانی خەمڵێنراوی پێویست بۆ هێڵی 400 کەی ڤی دەگاتە 1.12 ملیار دۆلار (بەلام ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم پرۆژەیە وەک ئەولەویەتی دووەم دادەنێت لە ئێستادا، ئەولەیەتی یەکەم گواستنەوەی وزەیە لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانەوە).

**شێوەی 24. خواست لەسەر کارەبا لەلایەن بەکاربەرانەوە لە هەرێمیکوردستان**




سەرچاوە: خەملاندنەکانی توێژینەوە

### 2. جێبەجێکردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ:

- کەرتی کارەبا – یاسا و رێنمایی
- دروستکردنی فەرمانگەیەکی رێکخستن
- رێسا و رێکخستنی گرێبەست لەگەڵ بەرهەمهێنەری تایبەت
- رێسا و رێکخستنی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت (بۆ هەموو ئابوری لەگەڵ کەرتی کارەبا)

### 3. هەڵسەنگاندنی کۆنترۆڵی خواست و جێبەجێکردنی پرۆژە

لەمەودای کورتدا (پێنج ساڵی داهاتوو) وەبەرهێنانی تێچوو گونجاو بۆ وەزارەتی کارەبا بریتیە لە شیکردنەوەی بژاردەکانی کۆنترۆڵکردنی خواست و جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامانەی کە ئاماژەدەدەن لەسەر بەرزبوونەوەی کرێکان و بەڕێوەبردنی کۆنترۆڵی خواست بۆ کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازی. پێویستە وەزارەتی کارەبا توێژینەوە ئەنجام بدات لەسەر بەڕێوەبردنی خواست (DSM) بۆ دانانی ئەولەویەت بۆ تێچوو/سوودەکانی بژاردە جیاوازەکان.

ئەولەویەت بریتیە لە بەرزکردنەوەی کرێی کارەبا و دەستکردن بە پرۆگرامی کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون

### 4. کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون و باشترکردنی کارایی بەکاربەر

قەبارەی بەفیڕۆچوون لە سیستەمی کارەبای هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکە کە کەمکردنەوەی ئەولەویەتی هەیە هاوشێوەی بەرزکردنەوەی نرخەکان. لەبەرئەوە کارێکی بەپەلە و پێویستە و سوودی زۆری دەبێت بۆ کەمکردنەوەی پێداویستی بەرهەمهێنانی نوێ. بەفیڕۆچوونی تەکنیکی و دارایی بەسەریەکەوە زیاترە لە 40%ی کۆی کارەبای بەرهەمهاتوو، ئەگەر هەندێک لە بڕە زۆرەکانی قەرزی نەدراوی کارەبا لەبەرچاوبگرین. لە ماوەی کورتدا، دەکرێت بەفیڕۆچوونی تەکنیکی کەمبکرێتەوە لەرێگەی:

- نوێکردنەوەی کۆنداکتەرەکانی ئۆڤەرلۆد
- نوێکردنەوەی ئۆڤەرلۆد دیستریبیوشن ترانسفۆرمەر
- باشترکردنی فاکتەری وزەی تۆڕەکانی دابەشکردن
- گۆڕینی کۆنداکتەر و کەیبڵە کۆنەکان

### 5. توێژینەوەی پلاندانان بۆ نوژەنکردنەوەی سیستەمی دابەشکردنی هەولێر، دهۆک و سلێمانی

پێویستە توێژینەوە لەسەر هەرزانترین شێوازەکان ئەنجام بدرێت بۆ دیاریکردنی جۆری تۆڕەکان (لەگەڵ شوینی گونجاو بۆ هێڵی گواستنەوەی ڤۆڵتاج بەرز). سیستەمی بەشە-دابەشکردن (sub-transmission) کە کۆی تێچووی دابەشکردن کەمدەکاتەوە پاش لەبەرچاوگرتنی تێچووی بەفیڕۆچوونی سالانە.

### 6. دارشتنەوەی پەیکەری کرێ

- پێویستە ئاستی کرێ رەنگدانەوەی کۆی تێچووەکانی خزمەتگوزاریەکە بێت بۆئەوەی بەشێوەیەکی یەکسان تێچووەکان دابەش بکرێت لەناو چینەکانی بەکاربەراندا. لە سەرەتادا، پێویستە کرێکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادبکرێن، پاشان چاوەڕوانی ئەنجامی توێژینەوەکان بکرێت بۆ دیاریکردنی پەیکەر و ئاستی گونجاوی کرێکان.
- پێویستە پەیکەری کرێ پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و تازەبکرێتەوە بۆ دانانی هاندەر بۆ بەکارهێنان بەپێی لۆدی سەر سیستەمەکە

### 7. توێژینەوە لە چاکسازی پەیکەری کەرتی وزە

وەزارەتی کارەبا وەک وەزارەتی وزە بناسرێت و ئەم ئەرکانەی هەبێت (1) بەرپرسیاربوون لە هەماهەنگی کردنی کۆی کەرتی وزە/ جێبەجێکردنی سیاسەت، و (2) دروستکردنی یەک کۆمپانیا یان زیاتری خزمەتگوزاری بۆ ئەوەی بەرپرسیار بێت لە بەگەڕخستن و بەڕێوەبردنی سیستەمی وزە.

وەزارەتی وزەی داهاتوو پێویستە (لانیکەم) بەرپرسیار بێت لە پلاندانان بۆ وزە، سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژەکان و بەرهەمهێنەری تایبەت، دانانی نرخ و باجی وزە، دارشتنی سیاسەتەکان لە بواری وزە و سەرچاوە نوێ و نوێکراوەکان، پاراستنی وزە، بەرەوپێشبردنی کارایی و شیکردنەوەی خواست لەسەر وزە (لەگەڵ بەڕێوەبردنی لایەنی خواست).

### 8. کەمکردنەوەی کارمەندانی وەزارەتی کارەبا

- توێژینەوە لە کەمکردنەوەی کارمەندانی وەزارەتی کارەبا و رێکخستنەوەی وەزارەت



## 9. باشترکردنی پسووڵەی کرێ، دانانی پێوەر و کۆکردنەوەی کرێ

پێداویستی هەیە بۆ گەڕان بەدوای ڕێگەچارەکانی بەرەوپێشبردنی پێوەر، دەرکردنی پسووڵە و کۆکردنەوەی کرێ و چارەسەرکردنی کێشەکانیان. پێویستە ڕەچاوی دەرفەت و گرفتەکانی هەریەک لەم بوارانەی خوارەوە بکرێت:

- نوێکردنەوەی پێوەرەکان و تەنکەلۆجیای تر بۆ بەکارهێنانی مەیدانی (ئەو پێوەرەی ئێستا بڕیارە بەکاربهێنرێت زۆر گرانە بۆ بەکارهێنانی هەمەگیر، لەکاتێکدا کە کرێکان نزمن، تێچووی پێورەکان یەکسانە بە کرێی دوو ساڵی بەکاربردنی کارەبا بەپێی کرێکانی ئێستا).
- کەمکردنەوەی کارەبای بێپێوەر و دزینی کارەبا بۆ باشترکردنی دەرکردنی پسووڵە و وەرگرتنی کرێ.

## 10. ڕۆشنبیری و ژینگە

- جێبەجێکردنی هەڵمەتی هۆشیاری گشتی بۆ ئامۆژگاریکردنی بەکاربەران لەسەر کاریگەریەکانی بەفیرۆدانی کارەبا و ئاکامەکانی بەکارهێنانی کارەبا بەشێوەی نایاسایی و هاندانی ئەو کەسانەی لایەنە بەرپرسەکان ئاگادار دەکەنەوە لە کاری نایاسایی.
- دەستکردن بە هەوڵەکان بۆ بەتاوانکردنی دزینی کارەبا (ئەگەر لەئێستادا بەو شێوەیە نەبێت) بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو کەسانە سزا بدرێن کە ئەم کارانە ئەنجام دەدەن.

| پرۆگرامی وەبەرهێنان | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| کارەبا | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| وەبەرهێنان لە کەرتی گشتی- بڕ ایورتی 1 | 693 | 255 | 948 |
| وەبەرهێنان لە کەرتی گشتی - بڕ ایورتی 2 | 463.8 | 300 | 763.8 |
| بەرهەمهێنان(کەرتی تایبەت) - بڕ ایورتی 1 | 2,300 | 1,200 | 3,500 |
| **کۆ** | **3,456.8** | **1,755** | **5,211.8** |

# تەندروستی



# تەندروستی[41]

## پوختەی هەلومەرجەکە

لە رابوردویەکی نزیکدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی باشی بەدیهێناوە لە بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکاندا. بەلام هەندێک لە نیشاندەرە تەندروستیە سەرەکییەکانی وەک رێژەی مردنی ساوا، لەدوای ولاتانی دراوسێوەیە و ئاماژەیە بۆ پێویستی بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری و بنکە تەندروستیەکان[42]. ئامانجی کەرتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینکردنی چاودێری تەندروستیە بۆ هەموو دانیشتوانی هەرێم و کەسانی ئاوارەی نیشتەجێی هەرێم و دانیشتوانی هەندێک لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، کە بەبێ هاوکاری هەرێم دەستیان ناگات بە خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی یان پێیان باشترە بێن لە هەرێم چارەسەر وەربگرن (بۆ نموونە هەندێک لە دانیشتوانی موسڵ دەچن بۆ دهۆک بەپێی راپۆرتی وەزارەتی تەندروستی). مەودای ئەم توێژینەوەیە تەنها پەیوەستە بە کەلێنەکان و پێداویستیەکانی ژێرخانی کەرتی تەندروستیەوە. بەلام هەندێک بواری تری ئەم کەرتە رەچاودەکرێن، ئەگەرچی ئەمە توێژینەوەیەکی هەمەلایەن نییە و هەموو بوارەکانی کەرتی تەندروستی ناگرێتەوە. لەراستیدا هەندێک بواری گرنگ وەک پێویست باس ناکرێن یان هەر باس ناکرێن. گریمانە و پێوەرە بەکارهاتووەکان رەنگدانەوەی گفتوگۆ و کۆدەنگیەکانی شارەزایانی ئەم کەرتەیە لە وەزارەتی تەندروستی هەرێم و دەرەوە.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی باشی بەدیهێناوە لە بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکاندا لەئاستی ستاندردی تندروستی عراقدا و زۆر لە ولاتانی دراوسێوەیە**

داتاکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ ساڵی2010 کە لە خشتەی "هەلومەرجی ئێستا: ژێرخان و کارمەندە سەرەکییەکانی تەندروستی" نیشاندراوە، پوختەیەک دابین دەکات لەسەر نیشاندەرە چەندێتیەکانی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان. 65 نەخۆشخانەی گشتی و 52 نەخۆشخانەی تایبەت، نزیکەی7,684 قەرەوێلە و 235 ژووری نەشتەرگەریان هەیە . ئەم نیشاندەرانە ئاماژەن بۆ ژێرخانێکی تارادەیەک پێشکەوتوو و هەبوونی ژمارەیەکی گونجاوی کارمەند و سەرچاوەی مرۆیی، کە لەوانەیە بە یەکسانی دابەش نەبووبن لەسەرانسەری هەرێمدا.

بەلام هێشتا بوار هەیە بۆ بەرەوپێشبردن و بایەخدان بەم کەموکوریانەی خوارەوە:

- کەلێنی ژێرخان و پێویستی نوژەنکردنەوەی بنکە تەندروستیەکانی ئێستا؛
- پێویستی بەرەوپێشبردنی کارایی بنکە تەندروستیەکان لەرێگەی سیاسەت و سیستەمی باشتری بەرێوەبردنەوە
- خراپی کواڵیتی خزمەتگوزاریەکانی سەنتەرەکانی تەندروستی بنەرەتی؛
- توانای پەرستاران لەخوار ستانداردەکانەوەیە
- کۆنی کەرەستە پزیشکیەکان
- نایەکسانی لە داپۆشینی خزمەتگوزاریدا
- خراپی سیستەمی زانیاری تەندروستی



41 ئەم بەشە سوودی وەرگرتوە لە توێژینەوەیەکی راند لەسەر چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، کە وەزارەتی پلانداناں رێگەیدا بە تیمەکە بەکاریبهێنن.

42 رێژەی مردنی ساوا لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە 28/1000. سەرچاوە: دەستەی ئامار لەسەر بنەمای (MICS IV 2011)

43 سەرچاوە: دەستەی ئامار لەسەر بنەمای داتای وەزارەتی تەندروستی کە ئیدارەی گەرمیانیش دەگرێتەوە.

## هەلومەرجی ئێستا: ژێرخانی تەندروستی کارمەندە سەرەکییەکان

| TOTAL | *SLEMANI | DOHUK | ERBIL | نیشاندەر |
|---|---|---|---|---|
| 65 | 32 | 10 | 23 | ژمارەی نەخۆشخانە گشتیەکان |
| 52 | 2 | 3 | 23 | ژمارەی نەخۆشخانە تایبەتەکان |
| 7,684 | 3,128 | 1,489 | 3,067 | ژمارەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانە گشتی و تایبەتەکان |
| 596,743 | 311,459 | 103,917 | 181,367 | ژمارەی سالانەی نەخۆش |
| 38,249 | 17,201 | 8,427 | 12,621 | ژمارەی مانگانەی نەخۆشی داخلکراو |
| 9,354,582 | 3,296,082 | 2,537,445 | 3,521,055 | ژمارەی سالانەی نەخۆشی سەردانکەر |
| 5,586 | 2,297 | 755 | 2,534 | ژمارەی پزیشک |
| 21,148 | 8,122 | 4,264 | 8,762 | ژمارەی یاریدەری پزیشک |

* لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان

سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای داتای وەزارەتی تەندروستی

.ئەو کەلێنانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا لەم بەشەی خوارەوە بەوردی باس دەکرێن



## کەلێنەکان

### نزمی ئاستی سوود وەرگرتن لە بنکە تەندروستیەکان دە بێتە هۆی خراپی کواڵیتی خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی

بۆ ئەوەی رێز لە نیشاندەرە چەندێتیەکان بگیرێت، ئەم توێژینەوەیە پێشنیار دەکات کە ژمارەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان زیادبکرێت بۆ12,323 تا ساڵی 2017، ئەمەش پێویستی بە زیادکردنی 400 قەرەوێڵە دەبێت لەهەر ساڵێکدا. لەلایەکی ترەوە، ئەگەرچی ژمارەی سەنتەری چاودێری بنەرەتی (PHCs) لەئاستی ستانداردە عێراقیەکاندان، کەلێنێکی گەورە هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی چاودێری بنەرەتیدا، بەهۆی کەمی ژمارەی سەنتەری چاودێری بنەرەتی لە ناوچە گوندی و دوورەدەستەکان و بەهۆی خراپی کواڵیتی خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی و نزمی ئاستی سوود وەرگرتن لە بنکە تەندروستیە گشتیەکان.

ئاستی نوژەنکردنەوەی ئێستای نەخۆشخانەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی 21 قەرەوێڵە بۆ10,000 کەس، کە بەرزترە لە ستانداردی نیشتیمانی و هەندێک لە ولاتانی دراوسێ. بەلام ئەم رێژەیە فریای گەشەی دانیشتوان ناکەوێت لە هەرێم (کە بە 4%[44] هەژمارکراوە ). سەبارەت بە سەنتەری چاودێری بنەرەتی، هەرێمی کوردستان نزیکەی 1.9 بۆ 10,000 کەسی هەیە، کە بەئاسانی دەگات بە ستانداردە عێراقیەکان (1.1/10,000 کەس) بەلام هێشتا هەندێک لە ناوچە گوندیەکان خزمەتگوزاریان نییە.

هەرێمی کوردستان نزیکەی 117 دۆلار/تاکەکەس/ساڵ سەرف دەکات، کەمتر لە عێراق (200 دۆلار) و کەمتر لە هەموو ولاتانی ناوچەکە، جگە لە سوریا. حکومەتی هەرێمی کوردستان 525 ملیۆن دۆلار بۆ چاودێری تەندروستی سەرف دەکات (بەپێی داتای 2011 لە بودجەی هەرێمدا)، لەمە 423 ملیۆن دۆلار بۆ خەرجیە دووبارەکان و 82 ملیۆن دۆلار بۆ وەبەرهێنان. ئەم توێژینەوەیە پێشنیاری زیادکردنی وەبەرهێنان دەکات بۆ 260 ملیۆن دۆلار وەک لە خشتەی "پوختەی وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆ کەرتی تەندروستی (2013-2020) نیشاندراوە.

لەمیانەی گفتوگۆ لەگەڵ شارەزایانی ئەم کەرتە لەناوەوە و دەرەوەی هەرێم، ئەم توێژینەوەیە بە گونجاوی دەزانێت نوژەنکردنەوە ئەنجام بدرێت بۆ نزیکەی **15** نەخۆشخانەی گشتی و **200** سەنتەری چاودێری بنەرەتی و نوێکردنەوەی تری گەورە لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا.

پێویستی هەیە بۆ دروستکردنی 30 سەنتەری چاودێری بنەرەتی لە ناوچە گوندیەکان و بەرێژەی دوو سەنتەر لە ساڵێکدا بۆ هەر پارێزگایەک. پێویستە حکومەت هەوڵ بدات کاتژمێرەکانی کارکردن زیادبکات لە 30 کاتژمێرەوە بۆ نزیکەی 47 کاتژمێر، ئەگەرکرا، چونکە نەخۆشخانە گشتیەکان و سەنتەرەکانی چاودێری بنەرەتی تەنها بۆ ماوەی 25%ی کاتەکان سوودیان لێوەردەگیرێت (پزیشک تەنها چەند کاتژمێرێکی کەم کاردەکات لەم بنکانە پێش ئەوەی بچێت بۆ نۆرینگە تایبەتەکان).

خەرجیەکانی دەرمان و کەرەستە پزیشکیەکان لە بودجەی وەبەرهێنان دابین دەکرێت، ئەم توێژینەوەیە پێشنیار دەکات کە ئەم خەرجیانە دوو هێندە بەرزبکرێنەوە بۆ ئەم دوو بابەتە و بگەنە نزیکەی 55 ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا [45].

بەپێی ئاستی ئێسیای دابینکردنی کارمەندی پسپۆری پزیشکی، دۆخی چاوەروانکراو لە 2017 بریتی دەبێت لە 14 پزیشک، 1.3 ددانساز و 0.68 دەرمانساز بۆ هەر 10,000 کەسێک، کە کەمتر دەبێت لە ژمارەی ولاتانی تری ناوچەکە. سەرباری زیادکردنی دەرچوانی کۆلیژە پزیشکیەکان و هاتنی کارمەندی پزیشکی ولاتانی تر، خواستی بەرز بەهۆی گەشەی دانیشتوانەوە پڕناکرێتەوە.

کواڵیتی خزمەتگوزاریەکانی پەرستاران و یاریدەدەرانی پزیشک گونجاو نییە.

پێویستە سیستەمی زانیاری تەندروستی دروست بکرێت، کە تێچووی خەمڵێنراوی دەگاتە **20** ملیۆن دۆلار لە قۆناغی سەرەتادا[46].

---

44 دەستەی ئامار

45 ئەم پێشنیارانە زادەی لێکۆڵینەوەی پراکتیکین، چونکە کەمی دەرمان و کەرەستەی پزیشکی زۆر باس دەکرا. بەلام خەملاندنی پێویستیەکان کارێکی سەختە، لەبەرئەوە توێژینەوە پێشنیار دوو هێندەکردنی خەرجیەکان دەکات و پاشان هەوڵدان بۆ خەملاندنی دروست.

46 سیستەمی زانیاری تەندروستی ولات داتاکانی تەندروستی یەکدەخات بۆ پرۆسەی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی گونجاوی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان. کۆدەنگیەک هەیە لەناو شارەزایانی تەندروستدا کە سیستەمی زانیاری تەندروستی زۆر گرنگە بۆ هەموو سیستەمێکی تەندروستی. بڕوانە راپۆرتی کەرتی چاودێری تەندروستی بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێشنیاری سیستەمی زانیاری تەندروستی. پێویستە وەزارەتی تەندروستی سەرەتا بە سیستەمێکی بنەڕەتی دەستپێبکات و پاشان پەرەیپێبدات بۆ سیستەمێکی تەواو و یەکانگیر پاش ئەوەی ئەزموونی بەکارهێنانی گەلالاکرا (هەروەها پەنابگرێت لە دووبارەبوونەوەی هەمان



## راسپاردەكان

**ئەم راسپاردانە بوارەكانی كواڵیتی و توانای خزمەتگوزاری تەندروستی دەگرنەوە لە هەرێمی كوردستان**

### كواڵیتی

**باشتركردنی كواڵیتی خزمەتگوزاریەكانی چاودێری بنەڕەتی:** كواڵیتی خزمەتگوزاریە تەندروستیەكان لە سەنتەرەكانی چاودێری بنەرەتی نزمە و هەندێك كات وەك سەنتەری رەوانەكردن كاردەكەن نەك وەك سەنتەری تەندروستی كە توانای دابینكردنی خزمەتگوزاری خۆپاراستن و چارەسەركردنی هەبێت. لەوانەیە نەخۆشی زیاتر روویان تێبكات ئەگەر سەنتەرەكانی چاودێری بنەرەتی كاری زیاتر بكەن بۆ دابینكردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێویستە دابینیان بكەن. سەنتەری چاودێری بنەرەتی "سەرەكیی" لەلایەن پزیشكەوە بەرێوەدەبرێت و "لقی" سەنتەری چاودێری بنەرەتی لەلایەن فریاگوزارەوە، پێویستە رۆڵەكەیان بگۆرن بۆ سەنتەرێك كە چالاكانە دەستنیشانی نەخۆشی دەكەن و چارەسەر دەكەن و ئامۆژگاری پێشكەش دەكەن بە نەخۆش لەسەر رێوشوێنەكانی خۆپاراستن. ئەمە بەتەنها پێویستی بە گۆرینی شێوازی بیركردنەوە نییە لەلایەن پزیشك و كارمەندانی تەندروستیەوە، بەڵكو هاوكات پێویستی بە راهێنانی زیاتر و دابینكردنی كەرەستەی پزیشكی هەیە (بۆ نموونە تاقیگەی بنەڕەتی، ئامێری تیشكی پزیشیكی و ددان، كۆمپیوتەری باش). هاوكات پێویستە ئەم هەنگاوانەش بنرێن:

- بۆ بەرەوپێشبردنی كواڵیتی پزیشك و پەرستاران لە سەنتەرەكانی چاودێری بنەرەتی، بە هەماهەنگی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانیستی، پێویستە پرۆگرامی خوێندنی پزیشیكی نوێ بۆ پزیشك و پەرستاری گشتی دابینرێت و بایەخ بدات بە پێداویستیەكانی دابینكردنی چاودێری بنەڕەتی.

- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات ئەو ژمارە زۆرەی سەنتەری چاودێری بنەرەتی بگۆڕێت بە سەنتەری چاودێری خێرا، کە رۆڵێکی راستەوخۆ دەبینێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆش بۆ ماوەیەکی درێژ و لەسەر ئاستی تاکەکەسی و تۆمارەکان هەڵدەگیرێن. پێویستە لەم سەنتەرە نوێیانەدا سیستەمی رەوانەکردنی نەخۆش پەیرەو بکرێت بۆ دڵنیاییکردن لە بەردەوامی چاودێری.

- پێویستە کاتژمێرەکانی کارکردن لە سەنتەرەکانی چاودێری بنەرەتی درێژبکرێتەوە لە کاتژمێر 2 بۆ کاتژمێر 5 بۆ باشترکردنی کارایی لەرێگەی سوودوەرگرتنی زیاتر لەم سەنتەرانە. بەم پێیە ئاستی موچەی پزیشک، پەرستار و کارمەندی تری سەنتەرەکان زیادبکرێت بۆ قەرەبوو کردنەوەیان بەرامبەری کاتی زیاتری کارکردن.

- زیادکردنی ژمارەی راوێژکار و بنکە 24 کاتژمێرییەکان. ئەم بنکانە سەلماندویانە کە زۆر سوودبەخشن بۆ کەسانی کەمدەستی شار و گوندەکان کە ناتوانن پارەی نەخۆشخانەی تایبەت بدەن و هەندێک لە سەنتەرەکانی چاودێری بنەرەتی دوانیوەڕوان داخراون.

- ئەگەر وەزارەتی تەندروستی سەرکەوتوو بوو لە باشترکردنی سوودوەرگرتن لە توانای بنکەکانی ئێستا و بەرفروانکردنی بنکە 24 کاتژمێریەکان و نۆرینگەی راوێژکاری و "باڵی تایبەتی" نەخۆشخانە گشتیەکان، ئەوا دەکرێت کەمکردنەوەی وەبەرهێنان لە دروستکردنی بنکەی تەندروستی نوێدا لەبەرچاوبگیرێت (وەک ئەم راپۆرتە پێشنیاری دەکات) لە ساڵی 2015 و بەکارهێنانی ئەم وەبەرهێنانە بۆ خەرجیە دووبارەکان. بەگشتی خەرجی بەپێی تاکەکەس زۆر نزیکە (بڕوانە سەرەوە) و لەوانەیە بەرزببێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر وەبەرهێنانی گشتی رووبەرووی بەرزبوونەوەی کرێی زیاتری خزمەتگوزاریەکان ببێتەوە، کە لەوانەیە رووبدات لەرێگای نۆرینگەی نیمچە-تایبەتەوە، بەلام پێویستە کرێی چاودێری تەندروستی گشتیش بەرزبکرێتەوە.

وەبەرهێنان لە بنکەکان زۆر گرنگ دەبێ بۆ پاراستنی کارمەندە سەرەکییەکانی تەندروستی" نیشاندراوە لەگەڵ گەشە بە دانیشتوان

### بەرزکردنەوەی ستانداردەکانی پەرستاری:

- هەڵسەنگاندنی دامەزراوە پەروەردەییەکان کە پەرستار پێدەگەیەنن لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا و بریاربدرێت لەسەر شوێنی نوێ کە پێویستە (بۆ نموونە قوتابخانەی پەرستاری) و ژمارەی کۆلیجەکانی پەرستاری کە پێویستیان بە نوێکردنەوە و نوژەنکردنەوە هەیە.

- دارشتنەوەی پرۆگرامی خوێندنی پەرستاری بۆ بواری گشتی و تایبەتمەند (ئەگەرچی پێداچوونەوەی بەردەوام هەبووە بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن، کاربەدەستانی وەزارەت بروایان وایە کە هێشتا پێویستی بە پتەوکردن هەیە). مامۆستا و وانەبێژی بیانی بەشێوەی کاتی بهێنرێن و دووبارە راهێنان بە مامۆستاکانی ئێستا بکرێت لە دەرەوەی ولاتی بۆ فێربوونی زیاتر لە بوارەکانی خۆیان.

- دانانی پرۆگرامی بروانامەپێدان بۆ پەرستاران، لەگەڵ مەرجی تۆمارکردن و پەروەردەی بەردەوام، هەروەها دارشتنی پرۆگرامی هێنانی پەرستاری بیانی بەشێوەی کاتی و راهێنانی پەرستارەکانی کوردستان.

- دەستکردن بە پرۆگرامی وردی پەرەپێدانی توانا/کارامەییەکانی پەرستارانی ئێستا و پرۆگرامی پەروەردەی بەردوام لەسەر هەموو ئاستەکاندا. کۆرسی فێربوونی ئەلەکترۆنی دەتوانێت ببێتە پێگەیەکی گونجاو بۆ فێربوونی زیاتر و پەرستاران دەتوانن خۆیان تۆماربکەن بۆ ئەم کۆرسانە و وەزارەتی تەندروستی بروانامەیان پێبدات.

### چوارچێوەی سیاسەت و رێکخستن بۆ پزیشکی حکومی کە کاری تایبەت دەکات:

پێویستە چوارچێوەی سیاسەت و رێکخستنی یەکگرتوو دابنرێت.

- رێنمایی روونی کارکردن بۆ کارمەندانی بنکە و سەنتەرە تەندروستیەکان لەسەر چۆنێتی کارکردن لە کەرتی تایبەت تا ساڵی 2013.

- پێویستە پرۆژەی ئەزموونی جێبەجێ بکرێت لەسەر بنەمای سیستەمی هاندان (وەک پاداشتدانەوەی ئامادەبوونی بەردەوامی پزیشک لە بنکە گشتیەکان و مۆڵەتپێدانی فەرمی بۆ کارکردن لە نۆرینگە تایبەتەکان، رێگەدان بە وەرگرتنی کرێی زیاتر لە کەرتی گشتی بەلام کەمتر لە کەرتی تایبەت.)

- زیادکردنی نۆرینگەی نیمچە-تایبەت بە موچەی زیاتر وەک نۆرینگەی راوێژکاری 24 کاتژمێری و هاوشێوەکانی. رێوشوێنی توووند (وەک ناچارکردن بۆ کارکردنی زیاتر لە بنکە گشتیەکان) لەوانەیە نەبێتە هۆی زیادکردنی بەرهەمداری، بەتایبەتی ئەگەر هاوکات بوو لەگەڵ قەدەغەکردنی کاری تایبەت.

**چاکسازی دامەزراوەیی:** بەهێزکردنی تواناکانی وەزارەتی تەندروستی لە: رێکخستنی تەندروستی، پلاندانان و بەرێوەبردن، چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن، هۆشیاری تەندروستی، بەشداری کۆمەلایەتی لە تەندروستی، هاندانی دەستگەیشتنی یەکسان، دڵنیایی جۆری، راهێنان و سەرچاوە مرۆییەکان، چاودێری تەندروستی/کۆنترۆڵی نەخۆشی، توێژینەوە لە تەندروستی گشی و کۆنترۆلکردن و بەرگرتن لە کارەسات.

چاکسازی لە سیستەمەکانی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لەرێگای:

- زیادکردنی لامەرکەزیەت و بەخشینی سەربەخۆیی بە نەخۆشخانە گشتیەکان بەپێی چوارچێوەیەکی روونی رێکخستن؛
- دروستکردنی سیستەمێکی چاودێری تەندروستی پتەو و هاندەر بۆ خۆپاراستن لەسەر بنەمای چاودێری تەندروستی خێزان؛
- دروستکردنی سیستەمێکی کارای رەوانەکردن و باشترکردنی کواڵیتی چاودێری لە بنکە تەندروستیەکان.

**چاکسازی لە سیستەمی سەرچاوە مرۆییەکان لەرێگەی دانانی:** وەسفی وەزیفی بۆ هەموو پۆستەکان، سیستەمی چاودێری و هەڵسەنگاندن، پلەبەندی کار و پێوەری موچە. پێویستە هەموو نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی چاودێری بنەرەتی داوایان لێبکرێت وەسفی وەزیفیان هەبێت بۆ هەموو پزیشک و کارمەندە تەندروستیەکان.

- دانانی تێکەڵەیەک لە هاندەر و رێوشوێنی ئیلزامی بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە بنکە تەندروستیەکانی ناوچە گوندییەکان کارمەندی پێویستیان هەیە.
- دڵنیاییکردن لە بەردەستبوونی کارمەندی تەندروسیی بەپەرۆش (لەوانەیە لەرێگەی چاکسازی لە سیاسەتی مۆچە و قەرەبوودا، کە ئێستا لەسەر بنەمای ئەقدەمیەت دانراوە) لەگەڵ زانیاری و کارامەیی گونجاو، پتەوکردنی پەروەردەی دامەزراوەکانی توێژینەوەی زانستی بۆ پاڵپشتیکردنی سیستەمی تەندروستی.
- دانان و بەگەرخستنی سیستەمی زانیاری تەندروستی یەکانگیر بۆ باشترکردنی بریاردان لە کەرتی تەندروستی.
- جێبەجێکردنی رێوشوینەکانی پشکنینی کواڵیتی و کواڵیتی دەرمان.
- باشترکردنی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەکاندا. چونکە قوتابیانی کۆلیژە پزیشکیەکان لە دەستی وەزارەتی خوێندنی بالاَ و توێژینەوەی زانستیدان، هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ ئەم وەزارەتە گرنگە.

## تواناکان

پێویستە پرنسیپی بنەڕەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەموکوڕیەکانی توانا بایەخ بدات بەمانەی خوارەوە:

- لەبەرچاوگرتنی گەشەی دانیشتوان وەک بنەما لەکاتی هەڵسەنگاندنی پێداویستیەکانی ژێرخان.
- بەرەوپێشبردنی هەلومەرجی جەستەیی نەخۆشخانە و سەنتەر و بنکەکانی ئێستا.
- بەرزکردنەوەی ئاستی سوودوەرگرتن لە نەخۆشخانە گشتیەکان و سەنتەرەکانی چاودێری بنەڕەتی.
- ڕاگرتنی هاوسەنگی دابەشبوونی شوێنی نەخۆشخانە گشتیەکان و سەنتەرەکانی چاودێری بنەڕەتی.
- مامەڵەکردنی لەگەڵ خواستی دەرەکیی (خەڵکی ناوچەکانی تری عێراق).
- پێداویستیەکانی وەبەرهێنان لەسەر بنەمای ڕاگرتنی ستانداری گونجاو دەبن بۆ توانا بۆ هەر10,000 کەسێک (بۆ نموونە، پێویستە قەرەوێڵەی نەخۆشخانە 21-20 قەرەوێڵە بێت بۆ هەر10,000 کەسێک. کەمێک لە خوار ولاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان 22 قەرەوێڵە بۆ هەر10,000 کەسێک، پێویستە سەنتەری چاودێری بنەڕەتی ئەم ئاستەی ئێستای بپارێزێت 2.9-2.7 بۆ هەر10,000 کەسێک، کە زیاترە لە ستانداری عێراق 1.1). بڕوانە ڕاپۆرتی کەرتی چاودێری تەندروستی کە هاوپێچکراوە بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خەملاندنەکان و ستانداردەکان.
- نیشاندەری کارمەندی تەندروستی لەخوار ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمییەوە دەمێنێتەوە (تێکڕای ولاتانی دراوسێ) بەپێی ئاستی ئێستای دابینکردنی کارمەندی پسپۆڕی تەندروستی (پزیشک، پەرستار و فریاگوزار). بەڵام ئەمە کێشەی ژێرخان نییە.

**پوختەی وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆ کەرتی تەندروستی (2013-2020)**

| چالاکی وەبەرهێنان | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| کەرتی تەندروستی | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| نەخۆشخانە/سەنتەری نوێ | 690 | 435 | 1125 |
| نوێکردنەوەی نەخۆشخانە/سەنتەر | 360 | 216 | 576 |
| دەرمان/کەرەستەی پزیشکی/سیستەمی زانیاری تەندروستی | 270 | 150 | 420 |
| **کۆ** | **1,320** | **801** | **2,121** |

شێوەی 25. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو لە تەندروستی 2013-2020




هەژمارکردنەکانی تیمەکە لەسەر بنەمای داتای وەزارەتی تەندروستی و نیشاندەرە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بووە

# پەروەردە





## پەروەردە[47]

### پوختەی هەلومەرجەکە

لەساڵی 2005ەوە، هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەدیهێناوە لە هەموو بوارەکانی سیستەمی پەروەردەدا، بەشێوەیەکی باش شایانی بەراوردە لەگەڵ ولاتانی دراوسێ. لەساڵی 2009ەوە ڕێژەی تۆمارکردن بەرزبۆتەوە لە خوێندنی بنەرەتی و دواناوەندی، لە 91.6% و 20.3% یەک لەدوای یەک لە ساڵی خوێندنی 2003-2004 بۆ 95.9% و 88.9% لە ساڵی خوێندنی 2010-2011[48] . نزیکەی 18.4%ی دانیشتوان لە ساڵی 2009 نەخوێندەوار بوون[49] .

هاوکات کۆی 1,327 قوتابخانەی نوێ لەماوەی 7 ساڵی ڕابوردودا دروستکراون، بە تێکرای گەشەی 5%ی سالانە. بەلام نیشاندەرەکانی قوتابی بۆ پۆل و قوتابخانەی فرە دەوام، نیشانی دەدات کە هێشتا پێداویستی هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر، بەتایبەتی لەڕووی چەندێتی و چونێتی و قوتابخانەکان و پەروەردەی دابینکراوەوە.

لەڕاستیدا زۆربەی قوتابخانە گشتیەکان ناچارن دەوامێکی تر کاربکەن (دوو تا سێ دەوام) یان بنیاکە بە هاوبەشی لەگەڵ قوتابخانەیەکی تر بەکاربهێنن. لە ئەنجامی ئەمە، بۆ جێکردنەوەی فرە دەوامی، قوتابخانە گشتیەکان ناچارن کاتەکانی وانەوتنەوە کەمبکەنەوە لە پێنج بۆ چوار کاتژمێر بۆ هەر دوامێک، ئەمەش زیان بە کوالیتی پەروەردە دەگەیەنێت.

**شێوەی 26:ڕێژەیسەدیی تۆمارکردن لە قوتابخانەی سەرەتایی***




*بۆ هەرێمی کوردستان ئەم ڕێژە سەدییە قوتابخانەی بنەرەتی تا قۆناغی 9دەگرێتەوە

47 ئەم بەشە سوودی وەرگرتوە لە ڕاپۆرتێکی ڕاند لەسەر بواری پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، کە وەزارەتی پلاندانان بە سوپاسەوە ڕێگەی پێداین بەکاریبهێنین بۆ ئەم توێژینەوەیە. ئەم توێژینەوەیە کۆکە لەگەڵ هەندێک ژمارە، دەرئەنجام و ڕاسپاردەی ڕاند بەلام هەموویان نا. هەندێک کات ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بە دەرئەنجامی سەربەخۆی هاوشێوە، لەوانەیە بەهۆی بەکارهێنانی هەمان داتا و خوێندنەوەی هەمان ڕاپۆرت و دیدار لەگەڵ هەمان کاربەدەستان.

48 MICS IV Survey

49 .Based on the results of IHSES, 2007

بەگشتی کەموکوڕیەکانی ژێرخانی پەروەردە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە باس بکرێت ( لە بەشی کەلێنەکاندا وردەکاری زیاتر هەیە):

- کەموکوڕی لە توانای قوتابخانە
- کەمی مامۆستای پسپۆڕ و دابەشبوونی نایەکسانی جوگرافی مامۆستایان
- پێویستی باشترکردن کاریگەری پرۆگرامی خوێندن و زیادکردنی کاتەکانی وانەوتنەوە (680 کاتژمێر لەساڵێکدا بە بەراورد لەگەڵ1,000 کاتژمێر لە ساڵێکدا لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان)
- پێویستی پەرەپێدانی وەزارەتی پەروەردە و سیستەمی سەرچاوە مرۆییەکان

## کەلێنەکان

گرنگترین کەلێن بریتیە لە کەموکوڕی لە توانای قوتابخانە و کەمی ژمارەی مامۆستای پسپۆڕ. بەڵام هاوشێوە گرنگ، ڕێژەی ئێستای نوژەنکردنەوە و دروستکردنی قوتابخانە تەبا نییە لەگەڵ گەشەی دانیشتوان و بەرەپێشچوونی چاوەڕوانکراو لە قوتابخانەی دواناوەندی.

لە ساڵی خوێندنی 2011-2012 کۆی5,233 [50] قوتابی لە هەرێمی کوردستان هەبووە کە دابەشبوون بەسەر4,350 قوتابخانەی بنەڕەتی، 742 قوتابخانەی دواناوەندی، 31 قوتابخانەی پیشەیی، 24 پەیمانگە، 76 قوتابخانەی خوێندنی خێرا[51] . بە بەراورد لەگەڵ ساڵی خوێندنی 2003-2004 کۆی ژمارەی قوتابخانەکان نزیکەی4,000 بوو. هاوکات لە ساڵی خوێندنی 2003-2004، نزیکەی 170 قوتابی بنەڕەتی و دواناوەندی هەبوو بۆ هەر قوتابخانەیەک، لەکاتێکدا لە ساڵی 2010-2011 ئەم ژمارەیە بەڕێژەی 54% بەرزبووەوە بۆ 261 قوتابی بۆ یەک قوتابخانە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەمی توانای قوتابخانە گشتیەکان. بە لەبەرچاوگرتنی نزمی ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی دواناوەندی، دڵنیاین کە ئەمە بەردەوام دەبێت لە بەرزبوونەوە. ئەم توێژینەوەیە پێشبینی بەرزبوونەوە دەکات بە ڕێژەی 37% تا 2020 لە ڕێژەی 27%ی ئێستاوە. لەبەرئەوەی ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی بنەڕەتی نزیکە لە 95%، چاوەڕوان دەکرێت بە هێواشی بەرزببێتەوە بۆ نزیک 100%. زۆربەی خواست بۆ پۆلی نوێ، لە زیادبوونی تۆمارکردن لە دواناوەندی سەرچاوە دەگرێت، لەگەڵ کەمکردنەوەی قوتابخانە فرە دەوامەکان و قوتابخانە کرێ و لە قوڕ دروستکراوەکان.

کەم وکورتی هەیە لە ژمارەی قوتابخانە، چەند قوتابخانە هەیە زۆر لە ژێرستاندەرەوەن و پێویستە تۆمارکردن لە قۆناغی ناوەندیدا زیاتربکرێ

بەهۆی پێشینەی لاوازی ئەکادەمییەوە، پرۆگرامی لاوازی هێشتنەوە و نەبوونی هاندەر، مامۆستاکان توانای پێویستیان نییە بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن. لە ئەنجامی ئەمە قوتابیان کێشەی فێربوونی ناوەڕۆکی بابەتەکانیان بەئاستی جیاواز و ئەدایان زۆر لاوازە.

دەکرێت کەلێنەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە[52]:

- پێویستی دروستکردنی کۆی3,253 قوتابخانەی نوێ لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا (تێکڕای 12 پۆل بۆ هەر قوتابخانەیەک)؛
- پێویستی نوژەنکردنەوەی1,323 قوتابخانە لەهەمان ماوەدا؛
- پێویستی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی قوتابخانەکان و فرە دوامی و نەهێشتنی قوتابخانەی کرێ و داروخاو؛
- 75%ی مامۆستای قوتابخانەی بنەڕەتی توانا و کارامییە سەرەکییەکانیان نییە، پێشینەی ئەکادەمیان لاوازە و هاندەریان نییە (تێکڕای موچە 150 دۆلارە لە مانگێکدا)؛
- پێویستە بەستانداردکردنی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن کە بەچەند زاراوەیەک نووسراون و چالاکیان تێدا نییە و کتێبی ڕاهێنانیان لەگەڵ نییە؛
- کەمی کاتی وانە (کاتی دەوامی قوتابخانە) پێویستە بەڕێژەی 30% زیادبکرێت؛
- کەلێنی بودجە: پێویستە داوای زیادکردنی بودجە بکرێت لەوەی ئێستا 124 ملیۆن دۆلار (7.8%ی بودجەی هەرێم).

50 سەرچاوە: دەستەی ئامار

51 بۆ منداڵی بەتەمەنتر (لەنێوان 9-15 ساڵ) کە دەرفەتی تۆمارکردنیان نەبووە لە تەمەنی ئاساییدا.

52 خەملاندنی پۆلی پێویست لەسەر بنەمای گەشەی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی بنەڕەتی و دواناوەندی و نەهێشتنی قوتابخانە دوو دەوام، کرێ، هاوبەش و قوتابخانەی قوڕ. پێویستی نوژەنکردنەوە لەسەر بنەمای خەملاندنی وەزارەتی پەروەردە بووە بۆ ساڵی 2012 کە چارەکێکی قوتابخانەکانی ئێستا پێویستیان بە نوژەنکردنەوە هەیە (لەگەڵ زیادکردنی هەندێک شوێنی پێویست، کتێبخانە، هۆڵی وەرزش، هۆڵی نانخواردن، هتد). خەملاندنی ئەم توێژینەوەیە بۆ ژمارەی پۆلی پێویست بۆ ساڵانی 2013-2020 بریتیە لە 46,460پۆل، لەگەڵ25,400 نوژەنکراوە، بە بەراورد بە خەملاندنێکی دەرەکیی36,360 پۆل کە لەوانەیە ورد نەبووبێت. وردەکاری زیاتر بەردەستە لە ڕاپۆرتی کەرتی پەروردە کە هاوپێچە لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە.

## ڕاسپاردەکان

**وەبەرهێنانی لە توانای زیاتری قوتابخانە (بڕوانە پلانی وەبەرهێنانی خوارەوە)**

**باشترکردنی کواڵیتی مامۆستا**

- دروستکردنی گروپێکی کار لەناو وەزارەتی پەروەردە بۆ ڕاهێنان کردنی بەردەوام بە مامۆستا و کارمەندی قوتابخانە.
- دارشتنی پرۆگرامی وردی ڕاهێنان و بایەخدان بە پرۆگرامی نوێ بۆ مامۆستایانی ئێستا و نوێ، ئەمەش بەهاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا، زانکۆکان و کۆلیجەکانی مامۆستایان. ڕاهێنانی ڕاهێنەری ئاستی بەرز بۆ پێشکەشکردنی ڕاهێنان بە مامۆستایان.
- پێشکەشکردنی دووبارە ڕاهێنانەوە بەشێوازی جیاوازی وەک ڕاهێنانی نێوەندی و ناوچەیی و فێربوونی ئەلەکترۆنی. فێربوونی ئەلەکترۆنی زۆر سوودبەخشە بۆ ئەو مامۆستایانەی بەپەرۆشن بۆ فێربوونی پرۆگرامی نوێ بەشێوەی سەربەخۆ. مامۆستایان دەتوانن خۆیان تۆماربکەن بۆ کۆرسە ئەلەکترۆنیەکان بۆ هەر بابەتێکی پرۆگرامەکە. هاوکات دەکرێت لەگەڵ سیستەمی فێربوونی ئەلەکترۆنی کەرەستەی پێویست دابنرێت وەک خۆتاقیکردنەوە، تاقیکردنەوەی فەرمی و بڕوانامەدان.
- بەستانداردکردنی دووبارە ڕاهێنانەوەی مامۆستایان وەک بەشێک لە پرۆگرامی پەرەپێدانی پیشەیی مامۆستایان و پلانی پلەبەرزکردنەوە بۆ هاندانیان بۆ وەرگرتنی ڕاهێنانی زیاتر.
- لابردنی مامۆستا ئەدا لاوازەکان لە سیسیەمی پەروەردە و زوو خانەنشین کردنیان.
- باشکردنی ئاستی موچەی مامۆستا بۆ هاندانی ئەدای باشتر و پێشکەشکردنی پاداشتی نادایی بۆ مامۆستا ئەدا بەرزەکان و هاندانی دەرچوانی زانکۆ بۆ وەرگرتنی کاری مامۆستایی. وەک زۆربەی وڵاتانی جیهان، هەموو ساڵێک ژمارەیەک مامۆستا هەڵبژێرن بۆ "خەلاتی مامۆستای ساڵ".
- بەرەوپێشبردنی ستانداردەکانی فێرکردن لە کوردستان لەڕێگای پرۆسەی بڕوانامە و مۆڵەتدانەوە.

**باشکردنی کاریگەری پرۆگرامی خوێندنی نوی**

- بەستانداردکردنی کتێبەکانی پرۆگرام و بەکارهێنانی یەک زاراوەی یەکگرتوو بۆ جێبەجێکردنی کارای سیستەمی نوێی پەروەردە.
- دانانی کتێبی ڕاهێنان/چالاکی بۆ هاوکاریکردنی مامۆستا و قوتابی بۆ تێگەیشتنی باشتر لە بابەتە قورسەکانی وەک زانست و بیرکاری.
- زیادکردنی کاتی وانە بە ڕێژەی 30% لەڕێگەی زیادکردنی ڕۆژەکانی دوام و کاتەکانی دوام لە ڕۆژێکدا.
- بەرەوپێشبردنی وەزارەتی پەروەردە و سیستەمی سەرچاوە مرۆییەکان
- پێداچوونەوەی هەموو کارە کارگێڕیەکان و بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان
- دانانی پرۆسە و کاری سەرپەرشتیاری.
- جێبەجێکردنی سیستەمێکی گونجاوی چاودێری و هەڵسەنگاندن، وەسفی وەزیفی، پلەبەندی و ئاستی موچە، سیستەمی سەرچاوە مرۆییەکان لەسەر بنەمای ئەدا، ڕاهێنانی بەردەوام و بڕوانامە و مۆڵەتدان بە مامۆستایان.

**پێداویستی پێشبینیکراو**

پێویستی هەیە بۆ دروستکردنی قوتابخانە نوێ بەخێرایی بۆ پڕکردنەوەی ئاستی بەرزی خواستی بەهۆی گەشەی دانیستوان و زیادبونی تۆمارکردن و گۆڕینی قوتابخانە کرێ و خراپ و هاوبەشەکان.

**ئەگەر بێت و وەبەهێنان وەکو پێشنیار ڕادەپەڕێنرێ ،ئەوە قوتابخانە فرە دەوامەکان و قوتابخانە کرێ نامێنێت**

| چالاکی وەبەرهێنان<br>پەروەردە[53] | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| ژمارەی پۆلی بنەڕەتی نوێ | 7,496 | 5,132 | 12,628 |
| تێچوو (ملیۆن دۆلار) | 468.5 | 320.8 | 789.3 |
| ژمارەی پۆلی دواناوەندی نوێ | 3,201 | 2,291 | 5,492 |
| تێچوو (ملیۆن دۆلار) | 200.2 | 143.2 | 343.4 |
| کەمکردنەوەی قەرەباڵغی | 3235 | 0 | 3235 |
| تێچوو (ملیۆن دۆلار) | 202.2 | 0 | 202.2 |
| کەمکردنەوەی فرە دەوامی | 12,660 | 0 | 12660 |
| تێچوو (ملیۆن دۆلار) | 791 | 0 | 791 |
| گۆڕینی قوتابخانە کرێ و داڕوخاو | 12,120 | 0 | 12,120 |
| تێچوو (ملیۆن دۆلار) | 777.8 | 0 | 777.8 |
| کۆی پۆلی نوێی پێویست | **39,037** | **7,423** | **46,460** |
| کۆی تێچوو (ملیۆن دۆلار) | **2,440** | **464** | **2904** |
| ژمارەی پۆل بۆ نوژەنکردنەوە | **15,875** | **9,525** | **25,400** |
| **تێچووی نوژەنکردنەوە (ملیۆن دۆلار)** | **320** | **192** | **512** |
| **کۆی گشتی تێچوو (ملیۆن دۆلار)** | **2,760** | **656** | **3,416** |
| ژمارەی قوتابخانەی نوێی خەمڵێنراو | **3,253** | **619** | **3,872** |

## شێوەی 27. وەبەرهێنان لە پەروەردە

**3,416 US$ ملیۆن (2013-20)**




53 تێچووی خەمڵێنراو: 62,500 دۆلار بۆ پۆلی نوێ، 20,000 دۆلار بۆ نوژەنکردنەوەی پۆل (ئەم ژمارانە بڕیاریان لەسەر درا لە گفتوگۆکان لەگەڵ کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە).

# پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی



## پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی

### پوختەی هەلومەرجەکە

سیستەمی قوتابخانەی دواناوەندی پیشەیی و تەکنیکی لە هەرێمی کوردستان لە پشێویدایە. تۆمارکردن لە دابەزیندایە، سەرەڕای زیادکردنی ژمارەی قوتابخانەکان و مامۆستایان (بەبێ زیادکردنی بودجە). ژمارەی قوتابی تۆمارکراو لە دواناوەندییە پیشەییەکان لە7,744 قوتابی لە 2003-2004 دابەزی بۆ 6,307 قوتابی لە ساڵی خوێندنی 2009-2010، سەرەڕای زیادکردنی ژمارەی قوتابخانە پیشەییەکان بەرێژەی 10%. لەهەمان ماوەدا، ژمارەی مامۆستا بەرێژەی 46% زیادیکرد لە 861 مامۆستا بۆ1,255 مامۆستا، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی رێژەی قوتابی بۆ مامۆستا لە نۆ بۆ پێنج. ژمارەیەک قوتابخانە کە تیمەکە سەردانیکرد، بێ چالاکی بوون، ئەگەرچی مامۆستاکان لەوێ بوون بەلام بووجە نەبوو بۆ کارەکانیان.

**تۆمارکردن لە دابەزیندایە، لە7,744 قوتابی لە *2003-2004* دابەزی بۆ *6,307* قوتابی لە ساڵی خوێندنی *2009-2010***

پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لەنێوان ستراتیژی سەرکەوتووی وەبەرهێنان و سیستەمێکی سەرکەوتووی دابینکردنی توانا و کارامەیی کە کاردانەوەی هەبێت بۆ خواستەکانی بازار لەسەر کارامەییەکانی هێزی کار. دابینکردنی بەشێکی هێزی کاری پێویست بۆ وەبەرهێنانە تازەکان یەکێکە لە سوودەکان، بەلام هاوردەکردنی کرێکار بۆ ئەم پرۆژە تازانە شکست بەم مەمەبەستە دەهێنێت. بەهای پەروەردەیەکی مۆدێرنی پیشەیی و تەکنیکی لە کوردستان لەوانەیە زۆر بەرز بێت، چونکە هەوڵ دەدات فرەیی دروست بکات لە بوارەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتوگوزار.

لەساڵی 2003 تەنها یەک سەنتەری پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی هەبوو لە هەرێمی کوردستان لە هەولێر. ئێستا سێ سەنتەری پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی هەیە کە یەکخراون لەگەڵ سەنتەرەکانی کار بە سەرپەرشتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی، لە هەولێر، دهۆک و سلێمانی[54]. بەلام بەهۆی کەمی بودجەی بەگەڕخستنەوە، هیچ کام لەم سەنتەرانە ناتوانن راهێنان پێشکەش بکەن لەم کاتەدا.

**شێوەی 28. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆ پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی 2013-2020**




سەرچاوە: خەمڵاندنەکانی توێژینەوە

دوو سەنتەری پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی تر لە سۆران و گەرمیان دروستکران دوو ساڵ لەمەوبەر. ئەم دوو سەنتەرە نەیانتوانیوە کەرەستە و شوێنی گونجاو دەستبەربکەن بەهۆی کەمی بودجەوە و نەیانتوانیوە هیچ راهێنانێک پێشکەش بکەن[55]. بەهۆی ئەم کێشانەوە ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵک دەتوانن راهێنان وەربگرن. لە ساڵی 2010 تەنها 300 کەس توانیویانە راهێنانی پێویست بەدەستبهێنن و تەنها 19 کۆرسی راهێنان پێشکەشکراوە. لە ساڵی 2010 تەنها 2008 بێکار تۆمارکراون لە سەنتەرەکانی کار، و تەنها نزیکەی 14% (400 کەس) کاریان قبوڵکردوە.

### کەلێنەکان

ژمارەیەکی سنورداری سەنتەری پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و سەنتەری کار: سەنتەرەکانی ناتوانن راهێنان دابین بکەن بۆ ژمارەیەکی زۆری بێکار.

میتۆدی کۆنی فێرکردن و پرۆگرامی راهێنان: پرۆگرامەکان تەبا نەکراون لەگەڵ کارامەیی و تەکنەلۆجیا تازەکان کە بازاری کار پێویستی پێیانە.

54 ماڵپەری (SIDA) – 2012/4/22 – وتەی وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتی (کوردستان)، ئاسۆس نەجیب.

55 چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی، 2012/5/29 – هەولێر.

بایەخ نەدانی پێویست لەلایەن حکومەتەوە بە گرنگی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی بۆ پەرەپێدانی کارای ئابوری و کەمکردنەوەی هەژاری، ئەمەش بۆتە هۆی ساربوونەوەی قوتابیان بۆ خۆتۆمارکردن لە پرۆگرامەکانی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی پیشەی تەکنیکی لە کەرتی تایبەت (نەک کار لە کەرتی گشتی).

## راسپاردەکان

**دووباره بیرکردنەوە لە شێوازی دارشتنی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و سەنتەرەکانی کار**

هەرێمی کوردستان بژاردەی کەمی هەیە: ستراتیژی کرێکاری هەرزان شایانی بەدیهاتن نییە، لەبەرئەوە پێویستە هەنگاو بنێت بەرەوە پەرەپێدان لەسەر بنەمای زانیاری لەرێگەی زیادکردن بونیاتنانی سەرمایەی مرۆیی و راهێنانی کارمەندی تەکنیکی و پێشکەوتوو. لەم ناوکۆیەدا، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ریخۆش بکات، نەک رێگربێت، لە هاتنی کرێکاری بیانی، چونکە پرۆژەکانی وەبەرهێنان پێویستیان بەم کرێکارە شارەزایانە هەیە کە هەرێم دەستناکەوێت.

دووباره بیرکردنەوە لە شێوازی دارشتنی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و سەنتەرەکانی کار لە هەرێمی کوردستان و دووباره هەڵسەنگاندنەوەی گرنگی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی بۆ هەرێمی کوردستان. ئوردون کەرتی پەروەدەی خۆی گۆری بۆ ئەوەی بەتەواوی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی لەخۆبگرێت؛ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێچکەیەکی هاوشێوە بگرێتەبەر (پوختەیەک لەسەر پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی ئوردون هاوپێچە لەگەڵ راپۆرتی ئەم کەرتە).

خێرا تەواوکردنی رووپێوی بازاری کار بە سەرپەرشتی وەزارەتی پلاندانان – بۆ بەدەستهێنانی داتای گرنگ لەسەر چەند، کێ، چی و لەکوێ و کام کارامەیی پێویستە و بەردەستە لەناو هێزی کاردا، بۆ ئەوەی بتوانرێت پلان دابنرێت بۆ دابینکردنی هێزی کار و گونجاندنی لەگەڵ خواستەکانی خاوەنکاران.

پەیرەکردنی شێوازی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت لەرێگەی پێکەوەگرێدانی خاوەنکارە سەرکەوتووەکانی کەرتی تایبەت و پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و سەنتەرەکانی کار لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی، دواناوەنیەکان و پەیمانگا و زانکۆکان (وەزارەتی پەروەردە) بۆ دەسنیشانکردنی کارامەییە دیاریکراوەکانی کار و پیشە پێویستەکان بۆ پێنج ساڵی داهاتوو. پاشان بەراوردکردنی لەگەڵ دابینکردنی کرێکار کە دەچنە بازاری کارەوە[54].

بەرەوپێشبردنی کارامەییەکانی راهێنەر و بەرێوەبەرانی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و سەنتەرەکانی کار، هاندانیان بۆ لەنزیکەوە کارکردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی بالا لەبواری راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی.

ئەنجامدانی پرۆگرامی پەیوەندیکردنی بەرفراوان (لەرێگەی تەلەڤزیۆن، ئەنتەرنێت، رۆژنامەکان، رادیۆ، گۆڤارەکان و ریکلام) بەهاوبەشی لەگەڵ سیستەمی پەروەردە بۆ گۆرینی بۆچوونی خەڵک لەسەر کارکردن لە بوارە تەکنیکیەکان و بۆ کەرتی تایبەت.

| چالاکی وەبەرهێنان | 2013-2020 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی رۆڵ و تواناکانی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی | 2 | 1 | 3 |
| دروستکردنی 30 سەنتەری پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و سەنتەری کار | 140 | 10 | 150 |
| **کۆ** | **142** | **11** | **153** |

56 دووبارەکردنەوەی رێچکەی پەیرەوکراو لەلایەن ()وە، بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ خاوەنکارە سەرەکییەکان بۆ بەرێوەبردنی سەنتەرەکانی پەروەردەی پیشەیی و راهێنانیان لە کارامەیی و توانا پێشکەوتوە تەکنیکیەکان (گواستنەوە، نەوت، ئامێرە ئەلەکترۆنی و پەیوەندییەکان).

# نیشتەجێکردن



# نیشتەجێکردن[57]

## پوختەی هەلومەرجەکە

### خواست لە یەکەی نیشتەجێبوون

هیچ ئامار یان ڕووپێوێکی دروست نییە لەسەر ئاستی پێداویستی بۆ یەکەی نیشتەجێبوون؛ لەبەرئەوە خەملاندنەکان بەپێی زانیاریە بەردەستەکان کراون. پێداویستی بۆ یەکەی نیشتەجێبوون پێکدێت لە پێویستی گۆڕینی یەکەی نەگونجاو و خوار ستاندارد و دروستکردنی خانووی نوێ بۆ خێزانە تازەکان لە ئەنجامی گەشەی دانیشتوان و کۆچ بۆ ناو هەرێم. ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لە ساڵی 2012 خەملێنراوە بە5,432,000 کەس یان1,131,700 خێزان، ڕێژەی گەشە دەکەوێتە نێوان %3-4.5 لە ساڵێکدا. لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا، پێویستی ساڵانە بۆ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی گەشەی دانیشتوان لە هەرێم بریتیە لە30,390 یەکە بۆ هەموو ئاستەکانی داهات، بە گریمانەی ئەوەی کە هەموو خێزانێک لە یەکەیەکی نیشتەجێبوونی سەربەخۆدا بژی. ستراتیژی نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێم 2012 دەڵێت %25ی خێزانەکانی ئێستا پێویستیان بە خانووی نوێ یان نوژەنکراوە هەیە بۆ گۆڕینی خانووی نەگونجاو یان بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی لە خانووەکاندا. ئەمە واتا کۆی283,000 یەکە بۆ هەموو ئاستەکانی داهات. بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەموکوریە لەماوەی 10 ساڵدا،283,000 یەکەی نوێ یان نوژەنکراوە پێویستە. لەسەر بنەمای ئەمە خواستی ساڵانە لەسەر یەکەی نیشتەجێبوون دەگاتە58,690 (30,390 + 28,300) یەکەی نیشتەجێبوون، کە دەکرێت زۆربەی ئەمە لەڕێگەی کەرتی تایبەتەوە بەدیبهێنرێت.

هاوکات دەکرێت وەبەرهێنەری کەرتی بیناسازی بهێنرێت بۆ دروستکردنی ژمارەیەک یەکەی هەرزان و مامناوەندی، لەبەرئەوە زەوی بێبەرامبەر وەردەگرن و پارەی باش لە کڕیار وەردەگرن. بەپێی ژمارەی ئەو یەکانەی دەکرێت لەم ڕێگەیەوە دابین بکرێت، وەبەرهێنانی پێویست لەلایەن حکومەتەوە دەکرێت کەمبکرێتەوە بە ڕێژەی %15-25.

**پێداویستی بۆ یەکەی نیشتەجێبوونی بۆ خاوەن داهاتی سنووردار**

| | ERBIL | DOHUK | SLEMANI | TOTAL KRG |
|---|---|---|---|---|
| کۆی یەکەکانی نیشتەجێبوونی ئێستا | 478,600 | 179,300 | 473,800 | 1,131,700 |
| کۆی یەکەکانی نیشتەجێبوونی خاوەن داهاتی سنووردار | 47,860 | 17,930 | 47,380 | 113,170 |
| کۆی ئەو یەکانەی کە پێویستیان بە نوژەنکردنەوە هەیە لەڕێگەی پاڵپشتی حکومەتەوە | 1,197 | 448 | 1,185 | 2,829 |
| کۆی ئەو یەکانەی کە پێویستە دروستبکرێن لەڕێگەی پاڵپشتی حکومەتەوە | 1,285 | 481 | 1,272 | 3,039 |
| کۆی یەکەی نیشتەجێبوونی دابینکراو بەپاڵپشتی حکومەت | 2,386 | 1,091 | 2,393 | * 5,869 |

بڕی 30,000 دۆلار بۆ هەر یەکەیەک (25,000 دۆلار تێچووی خانوو و5,000 بۆ خزمەتگوزاری)

واتا نزیکەی 176 ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

## کەلێنەکان

نزیکەی %10ی خێزانەکان داهاتیان سنووردارە و ناتوانن پێداویستیەکانی خانووبەرە پڕبکەنەوە بەبێ پاڵپشتی حکومەت – وەک دابینکردنی خانووی حکومی. خواستی ساڵانە لەسەر خانووی پاڵپشتیکراو لەلایەن حکومەتەوە بۆ خێزانە تازەکان و گۆڕینی خانوە نەگونجاوەکان دەگایە نزیکەی5,869 یەکە. واتا کۆی5,869 یەکە لە ساڵێکدا لە سێ پارێزگاکە پێویستیان بە پاڵپشتی حکومەتە. هەموو ئەو کەسانەی بە خانووی حکومی پاڵپشتی کراون کرێ دەدەن. تەنها هەژارترین خێزانەکان کۆمەک وەردەگرن کە یەکسانە بەو کرێیەی کە دەیدەن (بەپێچەوانەی کۆمەکە حکومیەکان بۆ کەرتی ئاو کارەبا، ئەمانە بەشێوەیەکی باش ئەو کەسانە دەکەنە ئامانج کە شایستەن). هاوکات ستانداردەکانی خانووبەرە بۆ خانووی حکومی زۆر بەرزە لەڕووی شوێنی بینا و ڕووبەری شوێنی ژیان.

57 خانووی هەرزان: دابینکردنی خانوو تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە ناتوانن خانوو بکڕن

خانووی حکومی: خانووی موڵکی دەوڵەت کە بە کرێی هەرزان دەدرێت بە خێزانە هەژارە شایستەکان

* هەموو ژمارەکانی ئەم بەشە لەسەر بنەمای ستراتیژی نیشتەجێکردنی هەرێمی کوردستان 2012

**پەرەپێدانی زەوی:** پرۆسەی ئێستا بۆ دابینکردنی زەوی بۆ خانووبەرە، مۆڵی بەهاداری گشتی بە نرخێکی زۆر کەم دەدات بە ژمارەیەک خێزانی دیاریکراو کە فەرمانبەری حکومیان هەیە. دابینکردنی زەوی بەم شێوەیە بۆ بازار زۆر سنووردارە. لە ئەنجامدا، نرخی زەوی بەرزە و زۆربەی خەڵک توانای کرینی نییە. لەئەنجامی ئەمانە، خێزانەکان زەوی حکومی و کشتوکاڵی داگیردەکەن لە ناوچە نزیک شارەکان بەشێوەی ئاڵوگۆڕی نایاسایی. ئەو ژمارە زۆرەی پارچە زەوی دابینکراو لەنێوان 2011 و 2011 دەرفەتی پەرەپێدانی لەناو شارەکاندا سنووردار کردوە.. ستانداردەکان و شێوازەکانی ئێستای پەرەپێدانی زەوی بوونەتە هۆی دروستبوونی ژینگەیەکی بەرخۆر و پشت بەستوو بە ئۆتۆمبیل.

**تەمویلی خانووبەرە:** حکومەت تەنها سەرچاوەی دابینکردنی زەوی هەرزان و تەمویلە بۆ خانووبەرە، لەکاتێکدا کە کەرتی تایبەت بەشداری زۆر کەمە و بایەخ بەم بوارە نادات. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زۆربەی خێزانە داهات نزمەکان دەستیان نەگات بە تەمویلی خانووبەرە.

**ژێرخانی کۆمەلایەتی و تەکنیکی:** نەبوونی تەمویلی دیار کاری پلاندانان سەخت دەکات بۆ دابینکردنی ژێرخانی کۆمەلایەتی و تەکنیکی.دابینکردنی ژێرخانی تەکنیکی یەکێکە لە بەرپرسیارێتیەکانی وەزارەتی شارەوانی و لایەنی تر. بۆ دابینکردنی ژێرخانی کۆمەلایەتی چەندین لایەن و وەزارەت بەرپرسیارن. هەماهەنگی لەنێوان ئەم لایەن و وەزارەتانەی ژێرخانی تەکنیکی و کۆمەلایەتی دابین دەکەن لاوازە، و لەوانەیە یەکەی نیشتەجێبوونی نوێ بۆ ماوەی چەندساڵێک بێ ژێرخانی پێویست بمێنێتەوە.

## راسپاردەکان

ئەم توێژینەوەیە پێشنیار دەکات ستانداردەکانی پارچە زەوی لە 120 مەترەوە کەمبکرێتەوە بۆ 80 مەتر بۆ خانووە هەرزانەکان، بۆ کەمکردنەوەی تێچووەکان و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای بیناسازی هەرزان. لە ئێستا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن یەکەی 120 مەتری دروست دەکات بە نزیکەی40,000 دۆلار بۆ هەر یەکەیەک. کەچی بەپێی ستانداردەکانی خانووبەرەی عێراق (ئەگەر لە هەرێم جێبەجێ بکرێن) دەکرێت کەمترین رووبەری خانوو 48 مەتر بێت – کە تێچووەکەی کەمتر دەبێت لە15,000 دۆلار. هەندێک لەوانەیە ئەمە بە گونجاو نەزانێت بۆ خێزان، بەلام دەکرێت لەنێوان ئەم دوانەدا، بۆ نموونە 80 مەتر هەڵبژێردرێت، کە تێچووەکەی دەگاتە25,000 دۆلار لەگەڵ 5000 دۆلار بۆ ژێرخان و خزمەتگوزاری، ئەمەش لەوانەیە جێگەی رەزامەندی خەڵکی هەرێم بێت. بە بڕوای تیمی لێکۆڵینەوە ئەم بڕە گونجاوە.

### زەوی

پێویستە پرۆگرامێک دابنرێت بۆ پەرەپێدانی زەوی بۆ هەر شارەوانیەک بەپێی پێداویستیەکان بۆ پێنج تا دە ساڵی داهاتوو و ئەمانە بگرێتەوە:

- رووبەری زەوی پێویست بۆ هەر ساڵێک
- دیاریکردن و هەڵبژاردنی شوێنەکان

زەوی دابینکراو بەپێی پلان رێگەخۆش دەکات بۆ دروستکردنی خانووبەرەی هەرزان و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ناوچە هەرەمەکی و نایاساییەکان، هەروەها کۆنترۆڵکردنی یاریکردن بە نرخەکان و جێگیربوونی نرخی زەوی.

- ستراتیژی دیاریکردن و دابینکردنی زەوی بۆ هەموو خێزانەکان و زامنکردنی وەرگرتنەوەی تێچووەکان؛
- پێداچوونەوە بە ستانداردەکانی زەوی، رووبەی پارچە زەوی و رێکخستنی گەڕەکەکان بۆ ریخۆشکردن بۆ پەرەپێدان بەشێوەیەک کە دۆستی پیادەڕو بێت و چڕیەکەی گونجاو و کاریگەر بیت؛
- پێشکەشکردنی هاندەر بۆ پەرەپێدانی زەوی و کەمکردنەوەی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی، دروستکردنی شێوازی تری مافی خاوەنداریتی و نیشتەجێبوون بۆ کەمکردنەوەی نرخی زەوی.

**تەمویلی خانووبەرە،** ستراتیژی "کرێ بۆ کڕین" بۆ خانووە یان بژاردەی کڕینی یەکەکان. باشی ئەم شێوازە لەوەدایە کە پاڵپشتیەکە دەدرێت بە خەڵکی نیشتەجێبوونی ناو یەکەکان نەک بە خودی یەکەکان. هەموو کەسێک کرێی ئەم خانووە حکومیانە دەدات، خەڵکی هەژار خۆیان کرێ دەدەن (و دواتر دەتوانن ببنە خاوەنی ئەم یەکانە لەڕێگەی پرۆگرامی کرێ بۆ کڕینەوە) و خەڵکی زۆر هەژار کۆمەکی حکومی وەردەگرن بۆ ئەوەی کرێ بدەن.

- بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە قۆناغەکانی تەمویلی یەکەکاندا. سەرەتا بە قەرزدانەوە و کۆکردنەوەی قیستەکان – لەگەڵ پاڵپشتی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر مەترسیەک.
- ستراتیژی دروستکردنی خانووبەرەی گونجاو
- قەرزی بچووک لەڕێگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە: ستراتیژی پاڵپشتیکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ پێشکەشکردنی قەرزی مەودا کورت و مامناوەندی بۆ کڕینی زەوی و یەکەی نیشتەجێبوون، و قەرزەکان سوودیان لەسەر نەبێت، جگە لە ڕسومی کارگێڕی بەپێی ڕێژەی هەڵئاوسان.

**کەرەستەی بیناسازی:** پێویستە توێژینەوەیەک ئەنجام بدرێت بۆ دەستنیشانکردنی بەربەست و گرفتەکانی بەردەم بواری بیناسازی و کەرەستە و پێکهاتەکانی. پێویستە ڕاسپاردە پێشکەش بکرێت لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بەربەستانە و لابردنیان. پێویستە هەموو هەوڵێک بدرێت بۆ ئەوەی بەرهەمهێنان کێبەرکێکار بێت لەگەڵ کەرەستە هاوردەکراوەکان، بۆ ئەوەی بەکاربەری ناوخۆیی (لەگەڵ خەڵکی هەژار کە خۆیان خانوو دروست دەکەن) زیانیان پێناگەیەنرێت لەڕێگای دانانی نرخی بۆ کەرەستە ناوخۆییەکان کە بەرزترە لە نرخی کەرەستە هاوردەکراوەکان. بەگشتی گواستنەوەی زەمینی بۆ کەرەستەکانی بیناسازی تارادەیەک گرانە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاڵا ناوخۆییەکان توانای کێبەرکێیان هەبێت بەبێ ئەوەی پێویستیان بە پاراستنی حکومی هەبێت.

**ژێرخان:** پێویستە ژێرخانی شوێنی یەکەکان یەکێک بێت لە بەرپرسیارێتیەکانی بیناساز، لەکاتێکدا ئەوانەی دەرەوە پێویستە بەرەوپێش ببرێن لەڕێگەی باشتر هەڵبژاردنی زەوی دیاریکراو بۆ خانووبەرە کە ڕەچاوی سیستەمەکانی ژێرخانی ئێستا دەکات. پێویستە بڕیاردان لە پەرەپێدانی زەوی بە ڕاوێژ بێت لەگەڵ ئەو دامەزراوانەی بەرپرسیار لە دابینکردنی ژێرخان، بۆ ئەوەی بتوانن هەماهەنگی بکەن لەناو پلانی سالانە و پلانی بودجەی وەبەرهێناندا.

**ژینگە:** بەپێی شێوازە نێودەوڵەتیەکان، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات ڕێساکانی بیناسازی نوێبکاتەوە بۆ ئەوەی بیناسازی لەڕووی ژینگەوە گونجاو بێت و و هانی بەکارهێنانی کەرەستەی ژینگەدۆست بدرێت (بەتایبەتی دانانی کۆکەرەوەی ئاو و گەرمکردنی ئاو بە وزەی خۆر)، تا خواست لەسەر ئەم جۆرە کەرەستانە زیادبکات. پێویستە ئەمە هاوشان بێت لەگەڵ هەڵمەتی هوشیارکردنەوە لەسەر شێوازەکانی بیناسازی ژینگەدۆست.



| چالاکی وەبەرهێنان | HOUSING UNITS | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|---|
| نیشتەجێکردن | ژمارە | ملیۆن دۆلارر | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| هەولێر | 2386 | 358 | 200 | 558 |
| دهۆک | 1091 | 164 | 90 | 254 |
| سلێمانی | 2393 | 359 | 200 | 559 |
| **کۆ** | 5869 | **881** | **490** | **1371** |

## شێوەی 29. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆ نیشتەجێکردن 2013-2020

### کۆی گشتی US$ 1,371 ملیۆن




سەرچاوە: خەملاندنەکانی توێژینەوە

# گەشتوگوزار





## گەشتوگوزار

گەشتوگوزار هێشتا ساوایە لە هەرێمی کوردستان و توانای باشی هەیە، بەلام پێویستە هەڵسەنگاندنی گونجاوی بۆ بکرێت پێش ئەوەی هەوڵی بانگەشەکردنی بۆ بدرێت بۆ راکێشانی سەرمایەی تایبەت، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە ئاراستەیەکی دروستی ئابوری و کۆمەلایەتیدا بروات. بێگومان سامانی مێژووی و سروشتی هەرێم رێنمایی جۆر و شوێنی وەبەرهێنانەکان دەکات، بەلام کاری حکومەت پێویستە بە پاڵپشتی بکرێت لەلایەن توێژینەوەی ستراتیژی و پلاندانان بۆ پەرەپێدانی ئەم کەرتە.

### پوختەی هەلومەرجەکە

هەرێمی کوردستان چەندین شوێنی گرنگی مێژوویی و کولتوری هەیە لەگەڵ چیا و دەریاچەکان. گەشتیاران بۆ هەرێم بەگشتی خەڵکی ناوچەکانی تری عێراقن لەگەڵ وەبەرهێنەر و بازرگانان. هەرێم 370 ئوتێل، 180 مۆتیل، 970 چێشتخانە و 45 گوندی گەشتیاری هەیە. ژمارەی ئۆتێل، مۆتێل و چێشتخانەی نوێ بەرێژی 25% بەرزبۆتەوە لە نیوەی یەکەمی 2012. دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم رایگەیاند کە 75% بەرزبوونەوە هەبووە لە 1.7 ملیۆن گەشتیارەوە لە 2011 بۆ 2.5 ملیۆن گەشتیار لە 2012، بەرزبوونەوە بەرێژەی 75%.

*2.5 ملیونی گەشتیار خەمڵێنرا لە ساڵی 2012*

وەک بەشێک لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، دەستەی گەشتوگوزار بەرپرسە لە سەرپەرشتیکردنی پەرەپێدانی ئەم کەرتە.

### کەلێنەکان

ئەگەرچی پلانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار هەیە، بەلام زۆر سەرەتاییە و ئاراستەی ستراتیژی نیە بۆ بەگەرخستنی تواناکانی گەشتوگوزار لە هەرێم. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە هەرێم وەک یەکێک لە 20 شوێنی گونجاو بۆ گەشتیاری دانرا لە ساڵی 2011 لەلایەن گۆڤاری ناشناڵ جیۆگرافیکەوە. بایەخی پلانەکە دراوە بە گوندە گەشتیاریەکان، لەکاتێکدا کە زۆربەی گەشتیارە نێودەوڵەتیەکان، لە ئێستادا، گەشتیاری بازرگانین کە جگە لە ئۆتێل و تەکسی و خواردنی خێرا هیچی تریان پێویست نییە.

لەکاتێکدا کە کەرتی گەشتوگوزار ژمارەیەکی خۆر خەڵکی بەکارخستوە و داهات دابین دەکات لەرێگەی بەستنەوەی ئەم کەرتە بە کەرتەکانی ترەوە (کشتوکاڵ، گواستنەوە، خۆشنودی، خواردن و خواردنەوە)، بەلام هێشتا کارمەندی راهێنراو زۆر کەمە.



• له قۆناغەکانی دواناوەندی و پاش دواناوەندی پرۆگرامی گەشتوگوزار نییە. لەسەر ئاستی دواناوەندی پرۆگرامی گەشتوگوزار هەیە لە دهۆک و لەسەر ئاستی پاش دواناوەندی-پەیمانگا، پرۆگرام هەیە لە هەولێر، بەلام دەرچوان زۆر کەمن و راهێنانی پێویست وەرناگرن.

• دەستەی گەشتوگوزار کارمەندی پسپۆڕ و خاوەن ئەزموونی نییە، بەلام ژمارەی کارمەندەکانی ئێنجگار زۆرە (1,700-1,900 کەس)، چونکە ئەرکی تری هەیە کە گونجاو نییە بۆ دەستەی گەشتوگوزار.

| چالاکی وەبەرهێنان | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| گەشتوگوزار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| توێژینەوەی ستراتیژی لە گەشتوگوزار | 1 | 0 | 1 |
| پاڵپشتیکردنی دەستەی گەشتوگوزار بە پسپۆری و شارەزاییە پێویستەکان | 7 | 3 | 10 |
| توێژینەوەی بازاڕی گەشتوگوزار لە عێراق و رۆژهەلاتی ناوەڕاست | 1 | 0 | 1 |
| شوێنە گەشتیاریەکان: خزمەتگوزاریەکان و زانیاری (سەنتەری گەشتیاران، پێداویستیەکانی حەوانەوە) | 25 | 10 | 35 |
| **کۆ** | **34** | **13** | **47** |

ژێرخانەی ئەم کەرتە پێویستی بە وەبەرهێنانە، وە هەروەها وەبەرهێنان پێویستە لە جێگاکان بۆ باشتر گەشتیار وەرگرتن

### راسپاردەکان

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دیدگایەکی روونی هەبێت و پاڵپستی ستراتژی و سیاسەتەکانی پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار بکات، بەتایبەتی گەشتوگوزاری کەشوهەوا، چونکە هەرێم سروشتێکی گونجاوی هەیە. گەشتوگوزار کەرتێکە کە تارادەیەک بەئاسانی دەتوانێت وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت رابکێشێت. رۆڵی حکومەت پێویستە رۆڵی ئاسانکار و هاندەر بێت، دابینکردنی ژێرخان، کە لە ئێستا لەرێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە ئەنجام دەدرێت. لەلایەکی ترەوە هیچ هاندەرێکی تر، جگە لەوانەی یاسای وەبەرهێنان پێشکەشیان دەکات، پێویست نییە، جگە لە پاڵپشتی حکومەت بۆ ریکلام کردن لە دەرەوە، بلاوکراوەی گشتی و بەبازارکردن گەشتوگوزار لە هەرێم، یان راهێنانی کارمەندان لە قوتابخانە و کۆلیجەکان.

هاوکات راسپاردەی ئەمانە دەکەین:

- دووبارە دارشتنەوەی پەیکەری دەستەی گەشتوگوزار و دیاریکردنی ئەرکی گونجاو، بەتایبەتی ئەنجامدانی پێداچوونەوەی ستراتیژی و سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی. ئەرکەکانی تری دەکرێت بدرێن بە فەرمانگەکانی تر (بۆ نموونە بەشی شوێنەوار) لەگەڵ ئەو کارمەندانەی ئەم کارانە ئەنجام دەدان.
- پێداچوونەوەی راهێنانی گەشتگوزار لە سیستەمی پەروەردەدا و زیادکردنی بەپێی پێویست، لەرووی چەندێتی و چۆنێتیەوە، بەهاوکاری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.
- ئەنجامدانی وەبەرهێنانی بەپەلە بۆ پاراستنی شوێنە گرنگەکان و گۆرینیان بۆ شوێنی سەرنجراکێش بۆ گەشتیاران (دەستگەیشتن، دانای بەربەست و پەرژین و دیوار، دانانی شوێنی پێشکەشکردنی زانیاری، شوێنی پشوو/خوارد و خواردنەوە، هتد). ئەمەش دووبارە پێویستە لەلایەن فەرمانگەیەکی گونجاوەوە ئەنجام بدرێت، بەک دەستەی گەشتوگوزار.
- هەوڵدان بۆ زامنکردنی بەشداری کەرتی تایبەت لە دارشتن و جێبەجێکردنی ستراتیژی گەشتوگوزاری هەرێمدا.
- هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پسپۆری لە دارشتنی ستراتیژی پەیوەندیکردن و پەیوەندییە گشتیەکان بۆ برەودان بە گەشتوگوزار.

### شێوەی 30. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆ گەشتوگوزار 2013-2020





## ژێدەرەکان

لەنێوان 28 مایس و 17 حوزەیران 2012، هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوەی نووسینگەیی و پێداچوونەوەی چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر کەرتەکان، تیمی شارەزایان سەردان و راوێژکاری ئەنجامدا لەگەڵ ئەم لایەنانەی خوارەوە. زیاتر لە سەردانێک ئەنجامدرا بۆ بەشە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتەکان لەلایەن شارەزایەکەوە و سەردانی شارەزا پسپۆڕەکان لەم بوارەکانی ئەم توێژینەوەیەدا

| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی پلاندانان | د. علی سندی | وەزیری پلاندانان |
| | شێروان اسعد قادر | بریکاری وەزارەتی پلاندانان |
| | زاگرۆس فتاح محمد | بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکان |
| | عبد الرزاق محمد مصگفی | بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرویی |
| | سیروان محمد | سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم |
| | حیدر مصگفی | بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان |
| | نوزاد توفیق سەرهەنگ | بەڕێوەبەری گشتی پلانی ستراتیژی |
| | هوشیار تەحسین | بەڕێوەبەری پەرەپێدانی کەرتی تایبەت |
| | سوسن انور | KIPA |
| | وریا محمود احمد | بەڕێوەبەری داراییە نێودەوڵەتیەکان |

| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی کارەبا | یاسین شێخ ابوبکر | وەزیری کارەبا |
| | حمەامین هەورامی | راوێژکاری وەزیر |
| | دیار بابان | بەڕێوەبەری گشتی بەرهەمهێنانی وزە |
| | عوسمان حاجی | بەڕێوەبەری گشتی تحویل |
| | اسعد عبد اللە | بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان |
| | محمد احمد | بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی |
| | د. سامان محمد شریف | بەڕێوەبەری تەکنیکی تەولید |
| | ئومێد عبد الرحمن | بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی مەرکزی |
| | ئەیاد هومەیران عبدالرحمن | بەڕێوەبەری پرۆژەی پێوەری زیرەک |
| | نیاز حمید | بەڕێوەبەری کارگێری |
| | مهدی عبد اللە | بەڕێوەبەری بەشی دارایی |

| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی تەندروستی | د.ڕێکەوت حەمە رەشید | وەزیری تەندروستی |
| | د. سعدون عبد اللە ئارام | راوێژکاری تەندروستی |
| | دارا رشید محمود | بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی |
| | ڤیان محمد حسن | بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان |
| | د. وشیار موسی سلیمان | شارەزا لەبواری پزیشکی |
| | د. طلال رشید سنجاری | بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی دهۆکی فێرکاری |
| | د.نزار عصمت تەیب | بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی دهۆک |
| | د.نجم الدین حسن احمد | یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی کارگێری دارایی |
| | د. بەختیار احمد | سەرپەرشتیاری پرۆگرامەکان |

| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی پەروەردە | د. عصمت محمد خالد | وەزیری پەروەردە |
| | یوسف عوسمان یوسف | بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان |
| | عابد یوسف | بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆک |
| | فتاح عزیز مراد | بەڕێوەبەری بیناسازی پەروەردەی سلیمانی |
| | سەروەت مستەفا | بەڕێوەبەری گشتی خانە نشینکراو لە پەروەردەی سلێمانی |
| | هاجەر محمد شاکر | سەرۆکی بەشی پلانی پەروەردەیی |
| | حکیم عبد اللە محمد | بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان |
| | علی محمد امین | بەڕێوەبەری قوتابخانەی پیشەیی دهۆک |
| | د.ئالان فەرەیدون علی | راگری پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی |
| | عیزەت صابر ئیسماعیل | راگری کولێژی بازرگانی |

| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | کامەران احمد عبد اللە | وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن |
| | نەرو اکرم | بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن |
| | رشید ابوبکر | راوێژکاری پێشکەوتوو- سەرۆکی لێژنەی نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێم |
| | خالد سلێمان | بەڕێوەبەری گشتی نەخشەدانانی شارنشین |
| | زانا مصگفی عزیزی | بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و کاروباری هونەری |
| | توانا کمال غریب | بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردنی سلێمانی |
| | صالح عبداللە قادر | بەڕێوەبەری گشتی رێگاوبان |
| | کوردۆ کمال شەفیق | یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوە |
| | صدیق م سعید | ئەندازیاری راوێژکار - پارێزگای سلێمانی |
| | زانا رشید | ئەندازیار - پارێزگای هەولێر |
| | بیوار هاشم | ئەندازیاری تەلارسازی - پارێزگای دهۆک |
| | نوال محمد | مندازیاری پێشکەوتوو |
| | عماد احمد | ئەندازیاری پێشکەوتوو |
| | ژیلە نەژاد رفعت | ئەندازیاری یەکەی ماستەر پلان |
| | طارق حسین | ئەندازیار - ماستەر پلانی ئوتوبان |
| | ئاگرین عبد اللە | بەڕێوەبەری چاککرنەوەی رێگاوبان |

| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | محمد امین فارس | بەڕێوەبەری گشتی ئاودێری و سەرچاوەی ئاو |
| | انور عمر قادر | بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان |
| | د. محمود امین فارس | بەڕێوەبەری گشتی ئاو |
| | ابراهیم سردار | بەڕێوەبەری ئاودێری |
| | بسرو عمر | بەڕێوەبەری بەنداوەکانی گەورە |
| | محمد عزیز احمد | بەڕێوەبەری ئاوی ژێر زەوی |
| | د. اکرم احمد رسول | بەڕێوەبەری بەنداوەکان |
| | انور قادر | بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاو |

| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی ناوخۆ | لیوا ازاد صالح خۆشناو | بەڕێوەبەری هاتووچۆ |
| | طاهر عیمان | یاریدەدەری پارێزگار |

| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | فتحی محمد علی المدرسی | راوێژکاری پەیوەندیەکانی ئابووری |
| | سوار عزیز | بەڕێوەبەری گشتی پلاندنان |
| | ئاراس ڕۆوف عارف | بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی پیشەسازی |
| | عبدالحمید علی مجید | بەڕێوەبەری گشتی پلان و بەدواداچوون |
| | محمد رجا علی | بەڕێوەبەری پلاندانان |
| | ئیسماعیل بکر | بەڕێوەبەری ریسایکلینی دهۆک |
| | حیکمەت نەشات نووری | بەڕێوەبەری پەرەپێدانی پیشەسازی |

| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار | خسرو کمال | سەرۆکی شارەوانی سلێمانی |
| | سەهەند سیروان احمد | بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ |
| | مەریوان عز الدین فیجی | یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ |
| | جلال جمیل محمد | بەڕێوەبەری گشتی ئاوی دهۆک |
| | ناصر لاتین | بەڕێوەبەری دیزاین-بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ |
| | مولود جبار وهاب | بەڕێوەبەری گشتی دەستەی گەشت و گوزار |
| | فوزی توما | بەڕێوەبەری پلاندانان و بەدواداچوون |
| | فهمی علی محمود | بەڕێوەبەری پلاندانان و بەدواداچوون |
| | عوسمان حسن | ئەندازیار - بەشی ڕێکخراوە ناحکومیەکان |
| | عبد الحمید علی مجید | بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون |
| | شەوکەت محمد امین | بەڕێوەبەری گشتی شارەوانی دهۆک |
| | عبیدالله داود علی | بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزار لە دهۆک |
| | خالد سلێمان | بەڕێوەبەری گشتی نەخشەدانانی شارنشین |
| | سرود عبد المجید عبد القادر | بەڕێوەبەری گشتی ئاوەڕۆی هەولێر |
| | بختیار صدر الدین | بەڕێوەبەری نەخشەدانانی شارنشین هەولێر |
| | کاروان محمد | بەڕێوەبەری نەخشەدانانی شارنشین گەرمیان |
| | عبدالقادر محمد | ئەندازیاری شارستانی- شارەوانی چەمچەماڵ |
| | تارق مولود فەرەج | سەرۆک بەشی تەکنیکی - نەخشەدانانی شارنشین |
| | طارق م عزیز | بەڕێوەبەری نەخشەدانانی شارنشین سلێمانی |
| | نیاز سعید | پلاندانەر - شارەوانی سلێمانی |
| | میران احمد محمد | سەرۆک بەشی ماستەر پلان |
| | کوردو احسان عبد الصمد | بەڕێوەبەری نەخشەدانانی شارنشین دهۆک |
| | محمد شیراز صفا | شارەوانی سلێمانی - GIS بەڕێوەبەری |
| | ڕاڤین ازاد احمد | ئەندازیاری تەلارسازی - ب.گ. نەخشەدانانی شارنشین |
| | ازاد محمد | ڕاوێژکار UN- HABITAT |
| | بابار ممتاز | ڕاوێژکار UN- HABITAT |
| | ئاکۆ ا رشید | سلێمانی- **UN- HABITAT** - ڕێکخەر |
| | جاسم محمود صالح | بەڕێوەبەری بەشی دارایی |
| | هاوار ئیسماعیل | سەرۆکی بەشی پلاندانان- بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دهۆک |
| | ژیان جودت احمد | بەرپرسی بەشی ڕێکخراوە ناحکومیەکان |

| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی کار و کاروباری کومەڵایەتی | د. حاجی رسول | بەڕێوەبەری کار و بیمەی کومەڵایەتی |
| | پەروین عزیز احمد | بەڕێوەبەری ئامار - پلاندانان |
| | نظمی محمد | یاریدەدەری بەڕێوەبەری کار و بیمەی کومەڵایەتی |
| | ئەندازیار زۆزک | بەڕێوەبەری سەنتەری ڕاهێنان و فێرکردنی پیشەیی- دهوک |
| | نەوزاد قەلات دهۆکی | بەڕێوەبەری کارو بیمەی کۆمەڵایەتی لە دهۆک |
| | شیروان مجید صدیق | بەڕێوەبەری پلاندانان-سلێمانی |

| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی دارایی و ئابووری | عبد القادر عوسمان قادر | بەڕێوەبەری گشتی بانکەکان |
| | ژیان عزەالدین نوری | بەڕێوەبەری گشتی بانکە پسپۆڕیەکان |

| | | |
|---|---|---|
| زانکۆی سەلاحەددین | د. وصفی قهوچی | ڕاگری کولیژی بەڕێوەبردن و ئابووری |

| | | |
|---|---|---|
| دەستەی وەبەرهێنان | حیدر مستەفا | سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان |
| | نورۆز مولود | بەڕێوەبەری گشتی کاروباری یاسایی و کارگێری |

| | | |
|---|---|---|
| پارێزگاری هەولێر | تاهیر عوسمان | جێگری پارێزگار |
| | اسعد ئەسعەد | بەڕێوبەری پلان و بەدواداچوون |
| | بەختیار شەریف | بەڕێوبەری ماستەر پلان |

| | | |
|---|---|---|
| پارێزگاری دهۆک | بەهزاد علی ئادەم | جێگری پارێزگار |
| | ڕێدار نبیل | پارێزگای دهۆک-GIC |

| | | |
|---|---|---|
| وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | صلاح جوهر رشید | بەڕێوەبەرایەتی گشتی و گواستنەوەی وشکانی و هێڵی ئاسنین |

| | | |
|---|---|---|
| بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی | بستام الجنابی | بەڕێوەبەری کارگێری |

| | | |
|---|---|---|
| FAO | انور جعفر | بەڕێوەبەری نووسینگەی فاوو لە هەولێر |

| | | |
|---|---|---|
| دەستەی ژینگە | ڕێزان حسن | سەرۆکی دەستە |

| | | |
|---|---|---|
| ژووری بازرگانی سلێمانی | سیروان محمد | جیگری سەرۆکی ژووری بازرگانی |
| | شنۆ نووری عبدالله | ئەندامی دەستە |
| | بەختیار ئەمین | ئەندامی دەستە |

| | | |
|---|---|---|
| ژووری بازرگانی دهۆک | ئەیاد حسن عبدالحمید | سەرۆکی ژووری بازرگانی دهۆک |

| | | |
|---|---|---|
| سەنتەری GIS | سامان عزالدین رشید | بەڕێوەبەری سەنتەری |

| | | |
|---|---|---|
| کارگەی شیشی هەولێر | علی ابراهیم | بەڕێوەبەری کارگێری |

**لایەنەی تری حکومی**

| | |
|---|---|
| هەولێر | پارێزگار |
| | جێگری پارێزگار |
| | بەڕێوەبەری پلاندانان |
| | ئەنجومەنی شارەوانی |
| | هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەیوەست بە وەزارەتەکانی سەرەوە |
| سلێمانی | پارێزگار |
| | شارەوانی |
| | هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەیوەست بە وەزارەتەکانی سەرەوە |
| دهۆک | جێگری پارێزگار |
| | بانکی خانووبەرە |
| | بەڕێوەبەری قوتابخانەی پیشەسازی دهۆک |
| | سەرۆکی نەخۆشخانەی فێرکاری |
| | سەنتەری چاودێری بنەڕەتی |
| | هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەیوەست بە وەزارەتەکانی سەرەوە |
| دەستەی وەبەرهێنان | بەڕێوەبەری گشتی توێژینەوە |
| | بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی |
| دەستەی ژینگە | سەرۆکی دەستەی ژینگە |
| ژووری بازرگانی | یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازیەکان |
| | ژووری بازرگانی هەولێر |
| | ژووری بازرگانی دهۆک |
| | ژووری بازرگانی سلێمانی |

**دامەزراوە ئەکادەمیەکان**

- راگری کۆلیجی کارگێری و ئابوری - هەولێر
- راگری زانکۆی سلێمانی - بەشی خاک و ئاو، فاکڵتی کشتوکاڵ
- راگری کۆلیجی بازرگانی - سلێمانی
- راگری پەیمانگەی تەکنیکی - سلێمانی
- بەڕێوەبەری قوتابخانەی پیشەسازی - دهۆک

**لایەنی تر**

- ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (UNICEF, FAO, UNESCO)
- بەڕێوەبەری کۆمەڵەی سەوز – سلێمانی
- بەڕێوەبەری دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی - سلێمانی
- سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی کوردستان - هەولێر

**سەردانی مەیدانی**

- بەنداوی دەریاچەی دووکان
- کارگەی ئاسنی هەولێر
- نەخۆشخانەی تەکنیکی - هەولێر
- پرۆژەی ئاودێری سەرسەنگ - دهۆک
- بەنداوی دهۆک - دهۆک
- بەنداوی موسڵ - دهۆک

# لیستی شارەزا نێودەوڵەتیەکان

| # | ناو | پۆست |
|---|---|---|
| 1 | رامی ساماین | بەرێوەبەری پرۆژەی سیانە - ریکخەری یوئێن دی پی لە هەرێمی کوردستان |
| 2 | مازن تەڵعەت | رێکخەری هابیتات لە هەرێمی کوردستان |
| 3 | مایکڵ دێلبۆنۆ | سەرۆکی تیم / ئابوریناسی پێشکەوتوو |
| 4 | بەهرام موحەممەدی | پسپۆری تەندروستی و پەروەردە |
| 5 | دانیاڵ کۆیاد | راویژکاری ئاو و ئاوەرۆ |
| 6 | دێنیز بۆلاکی | پسپۆری پیشەسازی و ژینگە |
| 7 | ئوسەید ئەلحەنبەلی | راوێژکاری کشتوکاڵ و ئاودێری |
| 8 | تۆم سوی | پسپۆری راهێنان و بونیاتنانی توانا |
| 9 | ئاینەس مێنجایەس | ئابوریناسی بواری وزە |
| 10 | شیبۆ داهر | پسپۆری وزەی کارەبا |
| 11 | مارتن کێرج | پسپۆری ژێرخانی گواستنەوە |
| 12 | دایفد ئۆبری | پسپۆری زەوی، خانووبەرە و پەرەپێدانی شارستانی |
| 13 | عەبیر ئەحمەد ئەلسەباح | پسپۆری پەرەپێدانی شارستانی |

## خشتەی 1 . وەبەرهێنان لە ئاوەڕۆ

| وەبەرهێنان لە ئاوەڕۆ | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (2012 ملیۆن دۆلار) | | | | | | | | |
| چالاکی | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | تێچوو 2013-2017 | تێچوو 2018-2020 | کۆی گشتی |
| **هەولێر** | | | | | | | | |
| ئاوەڕۆی هەولێر، قۆناغی یەکەم | 15.0 | 30.0 | 40.0 | 40.0 | 50.0 | 175.0 | - | 175.0 |
| کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو، هەولێر، قۆناغی یەکەم | 15.0 | 20.0 | 20.0 | 20.0 | - | 75.0 | - | 75.0 |
| ئاوەڕۆ و کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو، هەولێر، قۆناغی دووەم | | | | | | | 147.0 | 147.0 |
| کارگەی بچووکی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو لە ناوەراست و باکوری شار | - | 1.0 | 1.0 | 1.0 | 1.0 | 4.0 | - | 4.0 |
| کۆ | 30.0 | 51.0 | 61.0 | 61.0 | 51.0 | 254.0 | 147.0 | 401.0 |
| **دهۆک** | | | | | | | | |
| کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو، دهۆک | - | - | 10.0 | 20.0 | 10.0 | 40.0 | - | 40.0 |
| دیزاینی ئاوەڕۆی شاری دهۆک | 12.0 | - | - | - | - | 12.0 | - | 12.0 |
| ئاوەڕۆی خانکی | | | | | | | 29.2 | 12.0 |
| ئاوەڕۆی فایدە | | | | | | | 13.3 | 13.3 |
| دروستکردنی ئاوەڕۆی شاری دهۆک | - | 25.0 | 25.0 | 35.0 | 40.0 | 125.0 | - | 125.0 |
| کۆ | 12.0 | 25.0 | 35.0 | 55.0 | 50.0 | 177.0 | 42.5 | 219.5 |
| **سلێمانی** | | | | | | | | |
| کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو، سلێمانی | - | 20.0 | 20.0 | 20.0 | 20.0 | 80.0 | - | 80.0 |
| دیزاینی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | 1.4 | - | - | - | - | 1.4 | - | 1.4 |
| دروستکردنی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | - | 10.0 | 10.0 | 10.0 | 10.0 | 40.0 | - | 40.0 |
| کۆ | 1.4 | 30.0 | 30.0 | 30.0 | 30.0 | 121.4 | - | 121.4 |
| **رانیە** | | | | | | | | |
| کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو، رانیە | - | - | - | 4.0 | 4.0 | 8.0 | - | 8.0 |
| دیزاینی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | 0.4 | - | - | - | - | 0.4 | - | 0.4 |
| دروستکردنی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | - | 5.0 | 5.0 | - | - | 10.0 | - | 10.0 |
| کۆ | 0.4 | 5.0 | 5.0 | 4.0 | 4.0 | 18.4 | - | 18.4 |
| **دوکان** | | | | | | | | |
| کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو، دوکان | - | - | - | 1.0 | 1.0 | 2.0 | - | 2.0 |
| دیزاینی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | 0.3 | - | - | - | - | 0.3 | - | 0.3 |
| دروستکردنی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | - | 10.0 | 10.0 | 10.0 | - | 30.0 | - | 30.0 |
| کۆ | 0.3 | 10.0 | 10.0 | 11.0 | 1.0 | 32.3 | - | 32.3 |
| **چوارقوڕنە** | | | | | | | | |
| کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو، چوارقوڕنە | - | - | 2.0 | 2.0 | 2.0 | 6.0 | - | 6.0 |

| وەبەرهێنان لە ئاوەڕۆ | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (2012 ملیۆن دۆلار) | | | | | | | | |
| چالاکی | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | تێچوو 2013-2017 | تێچوو 2018-2020 | کۆی گشتی |
| دیزاینی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | 0.3 | - | - | - | - | 0.3 | - | 0.3 |
| دروستکردنی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | - | 2.0 | 3.0 | 3.0 | - | 8.0 | - | 8.0 |
| کۆ | 0.3 | 2.0 | 5.0 | 5.0 | 2.0 | 14.3 | - | 14.3 |
| حاجیاوا | | | | | | | | |
| کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو، حاجیاوا | - | - | - | 3.0 | 4.0 | 7.0 | - | 7.0 |
| دیزاینی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | 0.4 | - | - | - | - | 0.4 | - | 0.4 |
| دروستکردنی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | - | 3.0 | 3.0 | 4.0 | - | 10.0 | - | 10.0 |
| کۆ | 0.4 | 3.0 | 3.0 | 7.0 | 4.0 | 17.4 | - | 17.4 |
| پشدەر | | | | | | | | |
| کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو، پشدەر | - | - | - | 4.0 | 4.0 | 8.0 | - | 8.0 |
| دیزاینی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | 0.3 | - | - | - | - | 0.3 | - | 0.3 |
| دروستکردنی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | - | 3.0 | 3.0 | 3.0 | - | 9.0 | - | 9.0 |
| کۆ | 0.3 | 3.0 | 3.0 | 7.0 | 4.0 | 17.3 | - | 17.3 |
| هەڵەبجە | | | | | | | | |
| کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو، هەڵەبجە | - | - | - | 4.0 | 3.0 | 7.0 | - | 7.0 |
| دیزاینی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | 0.3 | - | - | - | - | 0.3 | - | 0.3 |
| دروستکردنی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | - | 3.0 | 3.0 | 3.0 | - | 9.0 | - | 9.0 |
| کۆ | 0.3 | 3.0 | 3.0 | 7.0 | 3.0 | 16.3 | - | 16.3 |
| سەیدسادق | | | | | | | | |
| کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتوو، سەیدسادق | - | - | - | 4.0 | 3.0 | 7.0 | - | 7.0 |
| دیزاینی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | 0.2 | - | - | - | - | 0.2 | - | 0.2 |
| دروستکردنی بەستنەوەی دەرچەکان بە کارگەی چارەسەرکردنی ئاوی بەکارهاتووەوە | - | 3.0 | 3.0 | 3.0 | - | 9.0 | - | 9.0 |
| کۆ | 0.2 | 3.0 | 3.0 | 7.0 | 3.0 | 16.2 | - | 16.2 |
| کۆی کارگەکانی چارەسەرکردن لەدەوری دەرچای دووکان و دەربەندیخان | 2.2 | 29.0 | 32.0 | 48.0 | 21.0 | 132.2 | - | 132.2 |
| کۆی پارێزگای سلێمانی | 3.6 | 59.0 | 62.0 | 78.0 | 51.0 | 253.6 | - | 253.6 |
| کۆی هەر 3 پارێزگا | 45.6 | 135.0 | 158.0 | 194.0 | 152.0 | 684.6 | 189.5 | 874.1 |

## خشتەی 2 . وەبەرهێنان لە بەڕێوەبردنی ژینگە و چارەسەرکردن و فرێدانی پاشەڕۆی ڕەق

| وەبەرهێنان لە بەڕێوەبردنی ژینگە و چارەسەرکردن و فرێدانی پاشەڕۆی ڕەق | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (2012 ملیۆن دۆلار) | | | | | | | | | |
| لایەنی بەرپرسیار | چالاکی | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | تێچوو 2013-2017 | تێچو 2018-2020 | کۆی گشتی |
| بەڕێوەبردنی ژینگە | | | | | | | | | |
| دەستەی ژینگە | ئۆفیس و تاقیگەکانی دەستەی ژینگە | 5.6 | 5.0 | - | - | - | 10.6 | - | 10.6 |
| دەستەی ژینگە و شارەوانیەکان | بونیاتنانی توانا لەڕێگەی پرۆژەوەوە بۆ دەستەی ژینگە (پاراستنی سروشت، پاراستنی وزە، ڕێنمایی بۆ کەرتی گشتی و دانانی کۆرسی هۆشیاری لە قوتابخانەکان | 10.0 | 20.0 | 20.0 | - | - | 50.0 | 10.0 | 60.0 |
| دەستەی ژینگە و ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی | دانانی سیستەمی زوو ئاگادارکردنەوە و بەڕێوەبردنی ئاستی ئاو لە دەریاچەی دەربەندیخان | - | 2.0 | 1.4 | - | - | 3.4 | - | 3.4 |
| دەستەی ژینگە و ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی | توێژینەوە و بونیاتنانی توانا (بونیاتنانی توانا لەسەر ئاستی هەرێم و دامەزراوەکان، پاراستنی ژینگەی سروشتی و زیندەوەرەکان و هەڵسەنگاندنی ئاستی کاریگەری تاکەکەس لەسەر ژینگە و ڕاهێنان لە بوارانەدا) | 1.5 | 1.5 | - | - | - | 3.0 | 3.0 | 6.0 |
| کۆی بەڕێوەبردنی ژینگە | | 17.1 | 28.5 | 21.4 | - | - | 67.0 | 13.0 | 80.0 |

| لایەنی بەرپرسیار | چالاکی | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | تێچوو 2013-2017 | تێچو 2018-2020 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چارەسەرکردن و فرێدانی پاشەڕۆی ڕەق | | | | | | | | | |
| شارەوانی دهۆک | تەواوکردنی شوێنی لەچاڵنانی زبڵ بەڕووبەری نیو ملیۆن پێ | 12.0 | - | - | - | - | 12.0 | - | 12.0 |
| شارەوانی هەولێر | t/d 1,500کارگەی ریسایکڵین و لە چاڵنانی زبڵ | 60.0 | 60.0 | - | - | - | 120.0 | - | 120.0 |
| دەستەی ژینگە و وەزارەتی تەندروستی | (10X10 t/d)سوتێنەری زبڵی نەخۆشخانە | 2.0 | 3.0 | - | - | - | 5.0 | - | 5.0 |
| شارەوانی سلێمان | t/d 800 کارگەی ریسایکڵین و لە چاڵنانی زبڵ | 5.0 | 25.0 | 40.0 | - | - | 70.0 | - | 70.0 |
| شارەوانیەکان | شوێنی کۆکردنەوەی پاشەڕۆی مەترسیدار | - | 11.5 | 11.0 | 11.0 | 11.5 | 45.0 | - | 45.0 |
| شارەوانیەکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی | کارگەی ریسایکڵین و لە چاڵنانی زبڵ بۆ داهاتوو | - | 25.0 | 25.0 | 25.0 | 25.0 | 100.0 | 90.0 | 190.0 |
| کۆی چارەسەرکردن و فرێدانی پاشەڕۆی ڕەق | | 79.0 | 124.5 | 76.0 | 36.0 | 36.5 | 352.0 | 90.0 | 442.0 |
| کۆ | | 96.1 | 153.0 | 97.4 | 36.0 | 36.5 | 419.0 | 103.0 | 522.0 |

## خشتەی 3. وەبەرهێنان لە دابینکردنی ئاو

| | قەزا | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | تێچوو 2013-2017 | تێچوو 2018-2020 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وەبەرهێنان لە دابینکردنی ئاو | | | | | | | | | |
| (2012 ملیۆن دۆلار) | | | | | | | | | |
| پرۆگرامەکانی وەبەرهێنان پارێزگای هەولێر | | | | | | | | | |
| بەڕێوەبردنی ژینگە | چۆمان | 0.6 | 1.3 | 3.5 | 3.8 | 4.1 | 13.2 | 18.3 | 31.5 |
| | دەشتی هەولێر | 2.3 | 4.6 | 12.6 | 13.8 | 14.9 | 48.2 | 66.7 | 114.8 |
| | هەولێر | 8.1 | 16.2 | 44.6 | 48.7 | 52.8 | 170.4 | 235.4 | 405.8 |
| | خەبات | 1.5 | 2.9 | 8.0 | 8.7 | 9.5 | 30.5 | 42.1 | 72.7 |
| | کۆیە | 1.6 | 3.3 | 9.0 | 9.8 | 10.6 | 34.4 | 47.5 | 81.8 |
| | مەخموور | 1.8 | 3.5 | 9.7 | 10.6 | 11.5 | 37.2 | 51.3 | 88.5 |
| | مێرگەسور | 1.5 | 3.0 | 8.2 | 9.0 | 9.7 | 31.4 | 43.5 | 74.8 |
| | ڕەواندوز | 0.7 | 1.3 | 3.6 | 3.9 | 4.3 | 13.9 | 19.1 | 32.9 |
| | شەقلاوە | 1.8 | 3.5 | 9.7 | 10.6 | 11.5 | 37.0 | 51.1 | 88.1 |
| | سۆران | 3.2 | 6.5 | 17.8 | 19.5 | 21.1 | 68.1 | 94.0 | 162.2 |
| | کۆ | 23.1 | 46.1 | 126.8 | 138.4 | 149.9 | 484.4 | 669.0 | 1,153.1 |
| پرۆگرامەکانی وەبەرهێنان: پارێزگای دهوک | | | | | | | | | |
| | ئامێدی | 2.3 | 4.6 | 12.5 | 13.7 | 14.8 | 47.8 | 66.1 | 113.9 |
